سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست

١- ماشێنی نهێنیی ئاخوندەکان (ڕووداوی میکۆنووس لە کتێبی»سێبەری نیزامییەکان»دا) ........................ ٤

٢- داعش، ستراتیژی هێنانەوە پاشی مەسەلەی کورد ........................................................ ١٢

٣- شەهید بوونی ڕەزای برام .......................................................................... ١٩

٤- پێوەندی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی، داهاتووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات .................. ٢١

٥- وتوویژی ڕۆژنامەی وشە .......................................................................... ٢٥

٦- لە پەراوێزی تێکهەڵچوونی چەکدارانەی پێکاکا و حدکادا ................................................ ٢٩

٧- گرێدانی خەباتی چەکداری بە خەباتی جەماورییەوە ....................................................... ٣٠

٨- لە پەراوێزی خەباتی پێشمەرگانەدا ............................................................... ٣٤

٩- ڕیزبەندیە سیاسیەکان و داهاتووی مەسەلەی کورد لە سوریە ........................................... ٣٨

١٠- ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بەڵگەنامەکانی شۆرای دێمۆکراسیخوازانی ئێران ................................ ٤٢

١١- خوێندنەوێک بۆ پرسی ڕێفراندۆم و ڕووداوەکانی دوایی ................................................. ٤٤

١٢- سایکۆلۆژی کورد ................................................................................ ٤٧

١٣- خوێندنەوێک بۆ پشتیوانی ڕۆژهەڵات لە ریفراندۆمی باشوری کوردستان ................................ ٤٨

١٤- ڕێفراندۆم لە گۆشەنیگای هۆکارە نێوو خۆیی و دەرەکیەکاندا ............................................ ٥٠

١٥- سندووقەکانی دەنگدان چیبەتیی نیزام و خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن ............................................ ٥٤

١٦- پرسی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و هەڵوێستی کورد ........................................... ٥٨

١٧- دە ساڵ دوای لەتبووون ........................................................................ ٥٩

١٨- نەبەردو خۆراگری عەفرین بۆ داهاتوو گەلێک گرینگە ........................................ ٦٤

١٩- عەفرین و کەرکووک لە نێوان ناتەبایی و رەگەزە هاوبەشەکاندا ................................ ٦٥

٢٠- لە ئاسۆی نەورۆزی ئەمساڵرا، ئاورێک لە پار ............................................... ٦٨

٢١- دوو تیپ سیاسەتمەداری کورد .................................................................. ٧١

٢٢- ئایا "بەرجام" بە هاتنەدەری ئەمریکا لە نێوەرۆکدا بەتاڵ نەبوە؟ ................................ ٧٢



## ماشێنی نهێنیی ئاخوندەکان (ڕووداوی میکۆنووس لە کتێبی «سێبەری نیزامییەکان»دا)

## وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە

ئەوەی لە خواری دەیخوێننەوە کورتکراوەی بابەتێکە کە لە کتێبی «سێبەری نیزامییەکان» دا هاتوە . «سێبەری نیزامییەکان» کتێبێکە کە لە لایەن ویلهێلم دیتل سەبارەت بە دەزگاکانی جاسووسیی وڵاتانی ئیسلامی نووسراوە. ویلهێلم دیتل ١١٨ لاپەڕ لە ٣٤٥ لاپەڕی ئەو کتێبەی بۆ دەزگاکانی جاسووسیی کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتیی کارکردنیان تەرخان کردوە. لەو کتێبەدا نووسەر بەوردی هەموو ئەورووداوانەی کە پێوەندییان بە گرتنو کوشتنو راوودوونانی جیابیران، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، بەدروستیو بەرێکەوت و بەزانیارییەکی وردەوە تۆمار کردوە. زانیارییەکانی ویلهێلم دیتل لەوبارەوە گرینگن کە ناوبراو بۆخۆی کەسێکەکەلە «BND» (سازمانی ئەمنیەتی ئاڵمان)دا کاری کردوە و ئێستاش یەکێک لەکاربەدەستانی ئەو دەزگایەیە.

-----

زەبری ئەو جاری دەزگای ئەمنییەتی ئێران لە بێرلین وەدژبەران کەوت . دووبارە ئامانجی هێرش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. دوای کوشتنی غەمهێنەری سکرتێری گشتی دوکتور قاسملوو، شەرەفکەندییان کردە جێنشینی ناوبراو. ئەو سیاسەتی قاسملووی بەوجۆرەکە هەبوو و بێ پسانەوە درێژە پێدەدا. شەرەفکەندی بڕوانامەی دوکتۆرای لە رشتەی شیمی و لە زانستگایەکی پاریس وەرگرتبوو. شەرەفکەندی پیاوێکی گەڕاوەی لێو بەپێکەنین و لە هەمانکاتدا، جیدی و لێبڕاو بوو. ئەو نیشانیدا بوو کە بۆئەو پۆستە لێهاتوویی تەواوی هەیە و ئەوەش وایکردبوو کە بیروڕای گشتی بخاتە ژێر کاریگەریی کەسایەتیی خۆیەوە. لە هەموو ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانەی کە دەگەڵ مێدیا جیهانییەکان کردبووی، ڕێژیمی ئاخوندەکانی خستبووە ژێرگوشارەوە، کە مل بۆ دێموکراتیزە کردنی ئێران راناکێشن و خودموختاری کە خۆبەڕێوەبردنێکی ئیداری و ئابوورییە، بە کوردەکان رەوا نابینن. ئەوەش داخوازێکە کە بەتەواوی سەردەمیانەو شارستانیانەیە.

لە هاوینی ١٩٩١ فەرمانێکی بەنووسراوە لە لایەن ڕێبەریی ئێرانەوە، سەبارەت بە چالاکییەکی نوێ دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتە دەستی کۆمیتەی تایبەت. لەو سەردەمەدا عەلی فەللاحیان خەریکبوو کە بە پلەی حوجەتولئیسلامی بگات کە پلەیەک لە ئایەتوللاهی کەمترە.ئەو پیاوێکە هەتابڵەی بێ ئینساف و بێبەزەییبوخاوەن پەروەندەیەکی قورس بەرامبەر دژبەران. فەللاحیانو هادی هەدەویی موقەددەم کە پیاوێکی سەر بە واواک (وزارت اطلاعات وامنیت کشور)ە و لە سەر ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد ناسیاویی باشی هەیە، ڕادەسپێرێ کە وەدووی پێوشوێنیان کەوێ . موقەددەمیی جاسووس لەژێر پەردەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای «سەمسام کالای ئێرانی» سەفەرەکەی بۆ دەرەوەی وڵات دەستپێدەکات. ناوبراو ئاوا و لەژێر ئەم ناوەوەدا باشتر دەیتوانی لەنێو پەنابەرانی ئێرانیدا بجووڵێتەوە و کار بکات.

بە پێی قسەوباسی یەکێک لەوکەسانەی کە لەم دوایانەدا ریزی خۆی لە واواک جیا کردۆتەوە، مووقەددەم سەرەتای هاوینی ١٩٩٢ هاتۆتە ئاڵمان. مووقەدەم هەموو ئەو زانیارییەنوێیانەی کە پێوەندییان بە ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە هەبوو، کۆکردەوە و دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، دەسبەجێ ڕاپۆرتێکی بە پێشنیارەوە بۆ بەرێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بەرزکردەوە. لە مانگی ژوئەنی ١٩٩٢دا دوو ئێرانیی دیکەش کە سەر بە تۆرە ئەمنییەتییەکانی ئێران بوون هەر لەو پێوەندییەدا هاتوونەتە ئاڵمان. ئەوانە ئەسغەر ئەرشەدی و عەلی کەمالی بوون کە کاریان کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بەڕێوەچوونی عەمەلیاتێکی سەرکەوتوو لە ئاڵمان بوو.

هەموو زانیارییەکان دەریان دەخست کە ڕەنگبێ ماشێنی تیرۆری فەللاحیان ئەمجاریش سەرکەوتووبێ.وەزیر فەللاحیان کەسێکی بەناوی عەبدولرەحمان بەنیهاشمی بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتەکە دیاریکرد کە شارەزاییەکی زۆری لەسەر شانە نهێنیەکانی نێوپەنابەران هەبوو. عەمەلیاتەکە کۆدێکی نهێنی پێدرابوو بە ناوی «فریاد بزرگ علوی».

بەنیهاشمی چەندساڵ لەمەوبەر بەهاوکاریی تیمێکی تیرۆر، توانیبووی سەرهەنگی پێشووی هێزی هەوایی ئەرتەشی ئێران، ئەحمەد تالبی لە ١٠ی ئاگۆستی١٩٨٧ لە ژنێف بکوژێ. ناوبراو لە لوبنان بۆ واواک کاریکردوە و هەرلەوێ لەلایەن دۆستانی حیزبوڵلا دەورەیەکی نیزامیی دیوە.

دوای ئامادەکارییە سەرەتاییەکان بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێک، پێویستبوو کە کۆردیناتۆرێکی ناوچەیی پێکبهێندرێ. کازمی دارابیان بۆ ئەو ئەرکە دیاریکرد. ناوبراو پێشتر لە ریزەکانی سپای پاسدارانداا کاریکردوە و لە ساڵی ١٩٨٠وە لە ئالمان دەژیا. ستراتیژیستەکانی واواک لە تاران ناوبراویان پێهەڵبژاردەیەکی باش بوو. چونکە ئەو، کەسێکی باوەڕپێکراو بوو و لە عەمەلیاتەکانی نێوخۆ لە دژی دژبەران بەباشی خۆی نیشاندا بوو. دارابی ئەندامی هەیئەتی یەکیەتیی خوێندکارانی موسوڵمانی ئوورووپا»ئوو. ئی. ئێس «UIS» بوو کە ئەمە بۆ ئەو دێوجامەیەکی باشبوو. لە لێکۆڵینەوەکانی رۆژئاوادا ئوّ. ئی. ئێس(UIS) هەمیشە بەتۆڕێکی سەر بە واواک چاوی لێکراوە. ئەو کۆردیناسیۆنەی کە نۆێنەرایەتیی واواکیان لە ئالمان دەکرد، چوار دانە لوبنانییشیان بۆ ئەو عەمەلیاتە هەڵبژارد کە بریتی بوون لە، یوسف ئەمین، عەباس رائێل، محەمەد ئاتریس و ئاتیلا ئایاتیان.

عەبدولرحمان بەنیهاشمی بە ناوی نهێنی» شەریف» رۆژی ٧ی سیپتامبر لە فرۆکەخانەی تیگل - بێرلین دابەزی. سادق شەرەفکەندی بە ناوی نهێنیی دوکتور سەعید، ئێوارەیەکی درەنگی رۆژی ١٤ی سیپتامبر لە کۆپنهاگەوە گەیشتە بێرلین. هاوکارانی نیزیکی شەرەفکەندی فەتاحی عەبدولی بەرپرسی ئورووپا، هومایوونی ئەردەڵان بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمان و نووری دێهکوردی وەرگێر، چاوەڕوانی شەرەفکەندییان دەکرد. ئەوان دەستبەجێ دەهەوڵی ئەوەدابوون کە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەشێک لە سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پێک بهێنن. شەرەفکەندی بەشێویەکی تەواو رەسمی بەشداری کۆبوونەوەی ئەنترناسیونالٚ سۆسیالیستی کرد لە بێرلین، کە ئەو رێکخراوە وەک رەشماڵێک هەموو رێکخراوە سۆسیالیستەکانی لەژێر خۆیدا کۆکردۆتەوە.

کازم دارابی مۆرەیەکی بەتەواوی گونجاو بوو بۆئەوکارە، ئیسلامییەکی توندئاژۆ و لەهەمانکاتدا مۆرەیەکی خەوتووی سرویسە ئەمنییەتییەکانی ئێران، کە ئارەزووی هەربەتەنیا چاوەدێریی دژبەران نەبوو، بەڵکوو ئارەزووی لەنێوبردنیشیانی هەبوو . دارابی کەسێکی کورتەبالا و وردیلە بەلام بەنەزم و هەڵسووڕ بوو و زۆربەی مەئموورییەتەکانی تارانی بەباشی جێبەجێ کردبوو. ناوبراو خاوەنی ژنێکو سێ منداڵ بوو کە یەکیان فەلەج بوو.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ لەتارانێکی هاڵۆزەوە هاتە بێرلین. ئەو کوڕە وردیلە دێهاتییەلەسەریەک هەموو مەرجەکانی مانەوە لەئاڵمانی پێکهێنا . بۆ دیتنی کۆرسی زمانی ئاڵمانی وەرگێڕدراوی کارنامەیەکی سەیروسەمەرەی لەوڵاتەکەی خۆیرا دەگەڵ خۆی هێنابوو. دوای وەرگیرانی لەکۆرسی زمان ماڵەکەی گۆێزتەوە بۆهایمی دانیشجوویی

لە تۆرمهاوز لە شەقامی لینکشتراسە. دارابی، داوای تەئییدی کارنامەکەی، شەشمانگ تاقیکاری کردبوو بۆ ئەوەی لە لەلایەن زانکۆی هاگن، لە کولێجی خوێندکارە بیانییەکان وەربگیرێ. ئەو دەیهەویست ببێتە ئەندازیاری بیناسازی بەبێ ئەوەی مەدرەکی کۆتایهێنان بە قوتابخانەی هەبێ.

لەسەرەتای ساڵی ۱۹۸۲دا باهۆزێک هەڵیکرد کە دەگەڵ رووحی سەرکێشی دارابی یەکیدەگرتەوە. رۆژی ٢٤ی ئاوریل خوێندکارانی زانکۆی سەرانسەی ئاڵمانی فیدراڵ لە دەوروبەری زانکۆی ماینز لە شاری ماینز کۆبوونەوە بۆئەوەی سێهەمین ساڵی هاتنە سەرکاری خومەینی جێژن بگرن. بەڵام کۆبوونەوەکە هاڵۆزکرا و بەشداران دەستیان کرد بە هێرشوپەلاماردان. نزیکەی سەدکەس لەو یاغیانە بە چۆماغو چەقۆ پەلاماریان بردەسەر هایمێکی پەنابەران کە دژبەرانی رێژیمی خومەینیی لێدەژیان. لەورۆژەدا برینداریکی زۆر هەبوو، تەنانەت لەلایەن پۆلیسیشەوە. ئاکامی ئەوکارە بوویە هۆی ئەوە دەستوری دەرکردنی ۸۵ کەس لەو فەناتیکانە لە ئاڵمان بدرێ. بەڵام دارابی ئەو بریارەی بەسەردا جێبەجێ نەکرا. دادگای باڵای کۆبلێنز بریاری دەرکردنی خوێندکارەکانی رەدکردەوە. رێژیمی تارانیش لە وەرگرتنەوەی خوێندکارەکان خۆیپاراست و پێشنیاری سزای سووکی بۆکردن. وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان پێشنیارەکەی تارانی قەبووڵکرد وبەوجۆرەبە پێی ئارەزووی تاران جووڵایەوە. دواتر دارابییش هەربەو پێیە سزادرا. ناوبراو لە ١٢ی دیسامبری ۱۹۸۲ بە هەشت مانگ زیندانی قابیلی کڕینەوە مەحکووم بوو. دارابی زیندانییەکەی نەکێشا، چونکە پووڵی سزاکەی درابوو. ئەوە موعامەلەیەکی نازیرەکانە بوو کە دەگەڵ هەڵسوکەوتی تاران کرا، بەچەشنێک کە دەوڵەتی یاسا بووبە گەبجاڕی سیاسەت. سەربزێوە یاغییەکان لەئۆکتۆبری ۱۹۸۲دا لەگرتوخانەی تایبەت بە بەجێهێشتنی وڵات، ئازادکران. دەگەڵ ئەوەکە زۆربەی ئەوکەسانەی لەو خۆپێشاندانەدا تاوانیان کردبوو، سەربە ئیدارەی بیانییەکانی ماینز نەبوون، بەڵام ئیقامەی یەکساڵە درابوو بەهەموویان. لە حاڵێکدابەپێی یاسا هەرکەس دەبوا لەئیدارەی خۆیئیقامەی شەشمانگەیان پێ بدرایە. دارابی بەو ئیقامەی کە لەتەنکەی گیرفانی نابوو، لەگەڕانەوە بۆئێران نەجاتی بوو و رێگای پێدرا دووبارە درێژە بەخوێندن بدا. دارابیو چوارکەس لە هەڤاڵانی لە بێرلین نیشتەجێ بوون. حەوتوویەک پێش ئەوەی ئیقامەکەی تەواوبێ، سەرکۆنسولی ئێران دەگەڵ کاربەدەستانی ئاڵمان سەبارەت بەدرێژکردنەوەی ئیقامەکەی قسەدەکات و هەتا فێوریەی ۱۹۸٤ درێژ دەکرێتەوە. ئەوە لەساڵانی دوایيشدا هەربەوچەشنە دووپات دەبێتەوە. لەپەروەندەی ئیدارەی بیانییەکانی بێرلین سەبارەت بە دارابی رستەیەک دەبیندرێ کە دەکرێ پەردە لەسەر زۆرشت هەڵداتەوە، ئەویش ئەوەیە:

**«کاربەدەستانی ماینز چەتیان خستۆتە سەرڕێگای گڕاندنەوەی دارابی بۆ ئێران».**

ئەوەی بەلای دارابییەوە گرنگ بوو پروپاگەندەی ئیسلامی و کارلەوپێناوەدا بوو، خوێندن بۆئەو تەنیا بۆ وەدەستهێنانی مەدرەک بوو. ئەو تەنیا جاروبار لە هۆڵی وانە خوێندنی زانکۆ دەبینرا و هەرئەوەش بوو کە لەتاقیکارییەکاندا دەرنەدەچوو. ئاخرییەکەی لە ٣٠ی سیپتامبری ١٩٨٧ ناوی لەدەفتەری زانکۆ پاککرایەوە و دەرکرا. دارابی دەستبەجێ هەستی بەوەکرد کە ئەوبڕیارە ببێتە هۆی لادانی پەردە لەسەر جاسووسییەکەی. هەربۆیە ناوبراوسکاڵای بەرامبەر بە ئێدارەی زانکۆ بەرزکردەوە و سەیر ئەوەیە کە لەوکارەشیدا سەرکەوت. بەوجۆرە ڕێگای پێدراجارێکیتر لەزمستی هاوینی ١٩٨٨دا بەشداری بکات .

هەر لەو ماوەیەدا دارابی بووبە ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی خوێندکارانی موسولمانی بێرلینی ڕۆژئاوا. ناوبراو زۆربەی کاتیخۆی لەوماوەیەدا تەرخانکردبوو بۆجێبەجێکردنی مەئموورییەتەکانی واواک و ڕێکخستنی چۆنییەتی پێوەندییەکانی دەگەڵ شانەکانی حیزبوڵلا لە ناوچەی (Spree) شپرێەی بێرلین. هەر ئاگادارییەکی کە لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێران وەچەنگی دەکەوت، لەلای خۆی کۆیدەکردەوە .

یەکەم کەس کە لەسەفارەتی ئێران لەبۆن دەگەڵ دارابی لەپێوەندیدابوو، حەسەنی جەوادی بوو کە لەبەرگی دیپلۆماتێکدا کاریدەکرد. حەسەنی جەوادی لەئۆکتۆبری ١٩٨٩ گۆڕا و کەسێکیتر بەناوی مورتەزا غولامی هاتەجێ. کاربەدەستانی ئاڵمان، ناوبراوو حەوت کەسی دیکە لەکاربەدەستانی ئەسڵیی واواکیان دەناسی کە لەبەرگی دیپلۆماتێکدا کاریان دەکرد.

لەسکاڵانامەی دادستان دژی دارابی دا کە دوایە کەوتە بەرسەرنج، نووسراوە کە دارابی لەبەرگی خوێندکاریدا لە گەڵ سەفارەتی ئێران لەبێرلین پێوەندییەکی توندوتۆڵی هەبووە. رابیت و ڕێنوێنی ئەسڵیی ناوبراو لە ساڵی ١٩٩١ داڵە بێرلین، کۆنسوول ئەمین فەراهانی بووە. دارابی خوێندکاری کوردی بۆ ناوبراو شانەبەندی دەکرد. دووکەس لەو خوێندکارانەی کە وەک دۆست و باوەڕپێکراوی دارابی بوون، سابیت گەیلانی و بارام برندیجان(برینجیان) بوون، کە سابیت لەو کەسانە بوو کە لەهەڵاوبگری ماینزدا بەشدار بوو.

دارابی لەهەموو بارێکەوە پیاوێکی پڕکار بوو. هاوهەنگاو لە گەڵ کاری جاسووسی، هاتوچۆی گەرمی مزگەوتی ئیمام جەعفەری سادقی لە بێرلین دەکرد کە جێگاوشوێنی کۆبوونەوەی ئیسلامییە توندئاژۆکان بوو. کاتێک لە رەوتی کاری دادگادا، وەک بەرپرسی حیزبوڵلا ناودێرکرا، ناوبراو بەهیچ جۆرێک ئەوەی رەد نەکردەوە. بێجگە لەوە دارابی کۆمەڵێکی دیکەی لە بێرلین بەرێوەدەبرد کە پێیاندەگوت «ناوەندی یەکیەتیی ئیسلامی» کە ناوەندێکی شیعە بوو و لەلایەن سرویسە ئەمنییەتییەکانی ئێران کەڵکی لێ وەردەگیرا. دارابی پێی وابوو ئەگەر ئەو دوو کۆمەڵە واتا کۆمەڵی ئێرانی و لوبنانی بەرێوە بەرێ، کەس لێی وەشک ناکەوێ.

ساڵی ١٩٩١ لە لایەن C.I.A وەک رابیتی حیزبوڵڵاو ئێران لە بێرلین شناسایی دەکرێ. هەر وەها لە یادداشتێکی ئێم M16ی بریتانیاشدا هاتوە کە دارابی کەسێکی زۆر مەترسیدارە. ئەوە هەم دەزگای ئەمنییەتیی ئاڵمان وهەم پۆلیسی ئاڵمان لێی ئاگادار بوون. ئەو دوو دەزگایە هەمیشە کاربەدەستانی خۆیان لە بێرلین ئاگادار کردۆتەوە کە تەلەیفوونەکانی دارابی پێویستە کۆنترۆل بکەن. هێندیک جار ئەوەش کراوە. بە پێ بەڵگەکان دارابی لە لایەن پۆلیسەوە بانگهێشتن کراوە و زۆر موحتەرەمانە، داوای لێ کراوە کە سنوورێک بۆ چالاکییەکانی دابنێ. کە ناوبراوله وڵامدا گویا پێکەنیوە و ئینکاری ئەوەی کردوە.

دارابی کەسێک بوو کە لە دوو جۆرە ژیانی ئاشکرا و نهێنی دا دەژیا و بە هۆی تێکۆشانی زۆر، جێگاییەکی بۆ ژیانی تایبەتیی خۆی نەهێشتبۆوە. ناوبراو بەراستی وەک کلکە نەوتینەییەک وابوو. ساڵی ١٩٨٥ لە کۆنسولخانەی ئێران لە هامبۆرگ ژیانی هاوبەش پێک دێنێ. خێزانی خەدیجە ئەیاد، دوو کچ و کورێکی لە ناوبراو دەبێ، بەر لەوەی بابیان بە زیندانی ئەبەد مەحکووم بێ.

ساڵی ١٩٩٢ دارابی نوێنەرایەتیی ئێران لە پێشانگای کشتوکاڵ ناسراو بە «حەوتووی سەوز» دەکات. ئەو لە زۆر شوین خۆی لەسەر ناوی سەفارەتی ئێران دەناساند. لەو دوایانەدا لە بیری ئەوەدابوو کە پارچە عەرزێک بدۆزێتەوە کە مزگەوتێکی لێ دروست بکات. بۆ ئەو کارە بەدەستێکی پڕەوە، پروپاگەندەیەکی زۆری وەرێخست کە لە گەل بەربەرەکانیی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی روبەروو بوو.

بێجگە لە بەنیهاشمی فەرماندەی تیم، دارابی گرینگترین کەسی ئەو گرووپە بوو کە ئەو ئۆپەراسیۆنەی لە دژی

کوردەکان وەرێخست. لە بریاری دادگای بێرلیندا هاتبوو کە، دارابی تەداروکاتی قەتڵی کوردەکانی، لە بواری لۆجستیکی و پێرسۆنێلییەوە کە بەشێکیان لە ئێرانەوەرا هاتبوون، وەها بە وردبینی و وەستایانە بەڕێوە بردوە، کە لە رەوتی بەڕێوەبردنیدا تووشی هیچ جۆرە ریسکێک سەبارەت بە ئاشکرابوون و بەڕێوە چوونی نەبووە.

دەگەڵ ئەوەی تیمی تیرۆر خۆی لە پێوەندیی رەسمی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران دەپاراست، بەڵام سرویسە ئەمنییەتییەکانی ئێران لەئاڵمان بە هۆی ئەو «کۆمیتەی تایبەت»ەی کە بۆ مەوزوعاتی گرنگ دروست کرابوو و بنکەکەی لە واواکی تاران بوو، ئاگاداری ئەوەبوون کە ئاڵقەی پێوەندی ئەو تیمە دارابییە. ئەو هەتا سەر وەک قسەکەری ئەسلیی ئەو تیمە مایەوە.

یەکەم کۆبوونەوەی تیمی تیرۆر لە ماڵە دارابی لە شەقامی «دۆتمۆلە» پێک هات. دوای ئەوە رێکخەری تیمەکە، ئەندامانی عەمەلیاتەکەی لە جێگای مانەوەی خوێندکارێک نیشتەجێ کرد کە بۆ پشووی هاوینی چووبۆوە ئێران. ئێستا ئیدی ئەوان کۆ ببوونەوە و چاوەروانی فەرمان بوون. لە ١٦ی سێپتامبر چەکەکان تەحویلی تیمی تیرۆر دەدرێن. هیچ کەس قسە لەوە ناکات کە ئەو چەکانە لە کوێوەرا هاتوونە ئاڵمان. لێکۆڵینەوەکانی دوایی دەریانخست کە سەرەداوکە دەچێتەوە ئێران. کەسێکی نەناسراو زەنگی لێدا و جێگاوشوێنی دانیشتنەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێ گوتن. هەر ئەو شەوە تیمی تیرۆر بە گشتی وەڕێکەوتن بۆ ئەوەی رستورانی میکۆنووس لە نیزیکەوە ببینن.

رۆژی داهاتوو دەبوو بۆ تیمی تیرۆر ببێتە رۆژێکی مێژوویی. کاتژمێر حەوت و سی دەقیقە میوانەکان دەگەنە رێستورانی میکۆنووس. دوای ئەوەی هەموو ئەو میوانانەی کە بانگێشتن کرابوون نەهاتبوون، دەگەڵ عەزیزی غەففاری ساحیب رەستوران قسە دەکەن و داوای لێ دەکەن کە بۆ سبەی شەو جێگایان بۆ دابنێ. بەڵام ناوبراو دەڵێ کە بۆ سبەی شەو میزەکان گیراونەتەوە. ئایا غەففاری بە ئانقەست وایگوتوە بۆ ئەوەی ژمارەی قوربانییەکان کەمتر بێتەوە؟ دەگەڵ ئەوەی عەزیزی غەففاری گومانباری ئەسڵی بووە لە پێوەندی دەگەڵ ئەو تیرۆرەدا، بەڵام هەتا ئێستا ئەوە روون نەبۆوە کە ئەو کەسەی ئەو هەواڵەی داوەتە قاتیلەکان کێ بووە؟ دوای ئەوەی کاربەدەستێکی واواک بەناوی ئەبولقاسم میسباحی، ریزی خۆی لە واواک جیا کردەوە، ناوبراو پێی راگەیاندین کە «غەففاری... بۆ ئێمە کاری کردوە».

کاتژمێر دە و پەنجا دەقیقە تیرۆرەکە ئاوا رووی دا. پەرویز دەستماڵچی کە یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو، مەسەلەکەی ئاوا گێڕایەوە. دوو پیاو هاتنە ژوورەوە، یەکیان لەبن دەرگا مایەوە و ئەویتر، لە حاڵێکدا رووی داپۆشرابوو، هێرشی کردە سەر مێزی دانیشتنەکەی ئێمە لە ژوورێکی پشتەوەی رێستورانەکە. ئەو بەزمانی فارسی گوڕاندی و جنێوی دا «دایک قەحبەینە» و روی چەکەکەی کە هەتا ئەودەم لەژێر پارچەیەک دا شاربوویەوە و ئاوری لێدەهاتەدەر، لە ئێمە گرت. بیست وپێنج تا سی گوللەی هاویشت. ئەمن خۆم هاویشتە بن مێزی نانخواردنەکە و شایەد هەر لەبەر ئەوە ئەمن نەئەنگاوترام.

بەرپرسی گرنگترین رێکخراوی کوردستانی ئێران، شەرەفکەندی، ١٢ گوللەی وەسەرو سینگ و ملی کەوتبوون و هەر وەها تیرێکی خەلاسیشی لەسەری درابوو. ئەو شانسی مانی بەهیچ جۆر نەبوو. هومایوونی ئەردەڵان سێ گوللەی موسەلسەلی وێکەوتبوو و قاتڵێکی دووهەمیش تیرێکی خەلاسی لە سەری دابوو. فەتاحی عەبدولی چوار گوللەی وێکەوتبوو و هەروەها تیرێکی خەلاسیش لەسەر دڵی درابوو. نووری دێهکوردی حەوت گوللەی بەردەکەوێ بەڵام هەتا بیمارستانی «شتیگلیچ» نامرێ، پاشان ئەویش لەوێ خوێنرێژی دەکات و دەمرێ.

ساحیب رێستورانەکەش غەففاری دوو گوللەی وێ دەکەوێ، بەڵام ئەوە ناوبراو لەوە تەبرەئە ناکات کە کاری بۆ دەزگاکانی جاسووسیی ئێران کردوە. تیمی تیرۆر زۆر جار خەڵکی خۆشیان داوەتە بەر گوللە، بۆ وێنە لە جەریانی قەتڵی دوکتور قاسملوو لە وییەن.

تێبینیی رۆژنامەی» کوردستان»:

١- مەبەست لە واواک « وزارت اطلاعات وامنیت کشور»ە.
٢- لەم کتێبەدا، ناوی هومایوون ئەردەڵانیش وێڕای ناوی عەزیز غەففاری هاتوە کە گوایە کاری بۆ رێژیمی ئێران کردوە. ئەوە لە راستییەوە دوورە و تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک ئەمەی نەسەلماندوە.
٣- لە تیرۆری ڤییەن دا، بێجگە لە دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادری ئازەر لە حیزبی دیموکرات، د. فازیل مەحموود رەسووڵیش کەوتە بەردەستڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. مەبەستی نووسەر لەو رستەیە» تیمی تیرۆر زۆر جار خەڵکی خۆشیان داوەتە بەر گوللە»، ناوبراوە. دیارە د. فازیل دۆست و بڕواپێکراوی کۆماری

ئیسلامی بووە، بەڵام ناوبردنی بە هاودەست و بەکرێگیراوی ئەو رێژیمە تیرۆریستە، بەبێبەڵگەی سەلمێنەر،دەچێتە خانەی گومان و بوختان و قسەی زۆر هەڵ دەگرێ.

له ژماره ٦٠٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٣

## داعش، ستراتیژی هێنانەوە پاشی مەسەلەی کورد

له کەس شاراوە نیە کە داعش واتا دەوڵەتی ئیسلامی لە ئاکامی پێشرەوییەکانی شیعە بەگشتیو کۆماری ئیسلامی ئیران بەتایبەتی، لە سووریە ودواتر لە عیراق لە دایکبوو.کاتێک ئەو هێزە هاتە سەرگۆرەپانی سیاسی سووریە، بەشێکی بەرچاوو لە وڵاتانی سوونەنشین بە سەرۆکایەتی عەرەبستانی سعوودی و تورکیە، هەرکام بە تێروانینی خۆی هەوڵیندا کە ئەجیندا و ئارستەی سیاسی نیزامی ئەو رێکخراوە بەسوودی خۆیان بگۆرن. عەرەبستانی سعوودی کە ساڵانێکە باج دەداتە رێکخراوە ئیسلامییە توندئاژۆکان، بۆئەوەی لە داوێنی خۆی دووریان کاتەوەو هەروەها ئیمارات و قەتەر دەمێکە نیگەرانی پەرەگرتنی نفووزی بەرەی شیعە بە سەرۆکایەتی ئێرانن. ئەو مەترسییە کاتێک گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، کە کۆماری ئیسلامی بەدوای باڵادەستی شیعەکان لە عێراق و قەیرانی سووریەدا، ئەوەندی دیکە پەرەی بە نفوزی سیاسی و سەربازی خۆی لە ناوچە بەگشتی و لەو دوو وڵاتەدا. بە کورتی داعش لەلایەن تەوەری سوونیەوە وەک قەڵغانێک بەرامبەر بە زیادەخوازییەکانی شیعە و کۆماری ئیسلامی چاو لێدەکرا.

بەڵام داعش کە قەرار بوو ببێتە ئەو قەڵغانە بەرامبەر بە نفووزی شیعە، لە رەوتی خۆیدا، بوو بە هاندەرێکی گوشاری جیدی لەسەر دووبەشی پەرەگرتووی جووڵانەوەی کورد لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان. داعش (دەوڵەتی ئیسلامی) کە قەرارە رەسالەتەکەی پاراستنی سوونییەکان لە باڵادەستیی شیعە بێ، شەڕی نەتەوەیەک دەکات کە زیاتر لە ٩٠ لەسەدی پێرەویی لە مەزهەبی سوونە دەکات. ئەگەر ئەو رێکخراوە بەهۆی پێوەندی گوماناوی

کوردەکانی سووریە دەگەڵ بەشار ئەسەد، پەلاماری ئەو بەشە دەدات، پەلاماری بۆسەر باشووری کوردستان کە هەتا ئێستا وەک ناوچەیەک لە عێراق گوێرایەڵی دەوڵەتی باڵادەستی شێعە نەبووە، لە پێناووکام ئامانج دایە؟ ئایا ئەو رێکخراوە دیهەوێ دەپێشدا بەشێوەیەکی ئامانجدار ناوچەی خیلافەتەکەی کە کوردستانیش دەگرێتەوە، داگیر بکات و لەبوارەدا ئەولەویتی سەبازییەکەی لەنێوبردنی ئائقە لاوازەکانە؟ یان لەرەوتی پەرەگرتنی خۆیدا پێکهاتەی ئەو رێکخراوە کە زۆربەیان لە تورک و عەرەبی شوڤینیست پێکدێن، بە سەر رەسالەتەکەیدا کە شەر دژی نفوزی شیعەیە زاڵبوە و دیهەوێ جووڵانەوەی پەرەگرتووی کورد بەرەو پاشەوە بگێرێتەوە؟

راستێەکەی ئەویە کە داعش ئامانجدار یان بێ ئامانج هەتا ئێستا لە کرداردا لە هەموو روویەکەوە خزمەت بە ئامانج و ئارەزوەکانی ئەو وڵاتانە دەکات کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە و لە نێوو ئەوانیشدا زیاتر لەهەموویان بە تورکیە. تورکیە بە درێژای مێژوو ترسی لە پەرەگرتنی جووڵانەوەی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بووە بۆ ئەوەی ڕەووڕەووەی خەباتەکەی لەکار بخات، هەموو رێگایکی گرتۆتەبەر. دوای ئەوەی هێڵی ٣٦ لەلایەن هاوپەیمانانەوە بۆ پاراستنی بەشێک لە باشوری کوردستان راگەیەندرا، ئەو وڵاتە هەموو جارێ بەبیانووی جۆراوجۆر سنووری باشووری کوردستانی تێدەپەراند و بەردەوام گوندەکانی سەرسنووری بۆمباران دەکرد. بەڵام پاش رووخانی حکوومەتی سەدام حوسێن لە ساڵی ٩٣ دا و پاشان گۆرینی یاسای بنەڕەتی عێراق و پەسەندی سیستمی فیدراڵی لە لایەن پێکهاتەکانی ئێراقەوە، تورکیە کەوتە نێوان دوورێیانێکەوە. رێگای یەکەم ئەوە بوو کە هەروەک پێشوو دژایەتی هەرێمی کوردستان بکات، کە ئەویان لەلایەک بە گوێرەی یاسای بنەرەتی عێراق - کە کوردستان بە بەشێک لە عێراق بەحیساب دهات - مومکین نەبوو. هەروەها لە لایەکی دیکەوە دەگەڵ ئەمریکا کە لەو دەوریەدا بەکردوە حاکمی عێراق بوو رووبەروو دەبوو. بۆیە تورکیە ناچار بوو کە رێگای دووهەم کە رێگای تەعامولو هاوکاری دەگەڵ هەرێمی کوردستانە هەڵبژێرێ.

پاش ئەوەی حکوومەتی دادوگەشە بە رێبەرایەتی ئەردۆغان هاتەسەرکار هەڵویستی تورکیە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان رۆژبەرۆژ پێشەوەچوونی زیاتری بە خۆیەوە دەبینی، بەجۆرێک کە تورکەکان ئەوجار بەسیاسەتێکی بەتەوای نوێوە مامەڵەیان دەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرد. پێویستیەکانی ئابووری و بارودۆخی ئەمنییەتی ئەو وڵاتە بوونە دوو تەوەرەی بنەڕەتی کە لەو دەوریەداو لە نەبوونی دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز لە عێراقدا، ئانکارا و هەولێری زیاتر یەکانگیر کرد. پارتی دادوگەشە بۆئەوی لە کۆمەڵگای تورکیەدا رەگ داکوتێ و وەکوو

پارتە ئیسلامیەکانی پێشخۆی لێنەیە، پێویستی بە قەڵەمبازێکی ئابووری و بووژانەوەی ژێرساختی تورکیە هەبوو. ئەوەش بەبێ تەرکیز کردنەسەر باری ئەمنییەتی زەحمەت بوو.

هەرێمی کوردستان لەوچەند ساڵەدا توانی هەم دەروازەیەکی ئاواڵەبێ بۆ گەشەی ئابووری ئەو وڵاتە و هەم لە نفوزو دەسەڵاتی خۆی بۆ سنووردار کردنی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە دژی تورکیە کەڵک وەرگرێ. ئاستی هاوکارییەکانی ئەم دوولایەنە گەیشتە جێگایێک کە تورکیە نەوتی هەرێمی کوردستانی بەبێ پەسەندی دەوڵەتی عێراق رەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکات. ئەو دوو دەستکەوتە، گەشەی ئابووری بارودۆخی ئەمنییەتی لە تورکیەدا بەبێ دانی دەورێکی زیاتری سیاسی بە حکوومەتی هەرێم لە ناوچەیەکی فیدراڵەوە بۆ نیمچە دەوڵەتێکی سەربەخۆ مومکین نەبوو.

پێبەپێی قووڵبوونەوەی پێوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڵ تورکیە، لەلایەک هەرێم زیاتر پاڵی وەتورکییە دەدا و لەلایەکی دیکەوە لە دەوڵەتی ناوەندی عێراق دوورتر دەکەوتەوە. ئەوەی زیاتر پاڵی بەوپرۆسەوە دەنا، پێشێلکارییە نایاساییەکانی دەوڵەتی مالکی بوو، کە رەچاوی پەیماننامەکانی نێوان کورد و دەوڵەتی ناوەندی نەدەکرد. لەو قۆناغەدا هەرێمی کوردستان لەنێوان درێژەدانی ئەو دۆخە کە بریتی بوو لە هەڵوەشانەوەی نایاسایی سیستەمی فیدراڵی و لێئەستاندنەوەو سنووردارکردنی دەسەڵاتی یاسایی هەرێم لەلایەن دەوڵەتی مالیکییەوە و پرۆسەی سەربەخۆیو بەدەوڵەتبووندا، یەکیان هەڵبژێرێ. سەرۆکایەتیو حکوومەتی هەرێم بەسەرنجدان بە دووپاتبوونەوەی مێژووی هەڵسوکەوتی حکوومەتی ناوەندی دەگەڵ کورد، رێگای دووهەم واتا رێگای هەڵبڕانی کوردستانی باشووری لە عێراقی گرتەبەر. هەڵبژاردنی رێگایەکی ئەوتۆ لەو رووەوە کە باشووری کوردستان هەم لە ئاستی عێراقدا تووشی گیروگرفتی گەورەی سیاسی و ئابووری دەکرد، و هەم لە ئاستی ناوچەدا مەترسی بۆسەر بەرژەوەندی بەش یان بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کورد دروست دەکرد، هاسان نەبوو. ئەوەبوو کە حکوومەتی کوردستان و حکوومەتی تورکیە رێککەوتن کە نەوتی هەرێمی کوردستان لەرێگای وڵاتی توکیەوە رەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکەن. دیارە ئەو کارە بەبێ وەئەستۆگرتنی رۆڵێکی سیاسی لە لایەن حکوومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان مومکین نەبوو. دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە ئەوە بووکە حکوومەت و سەرۆکایەتی هەرێم، لەلایەک خۆ لە بەرەسمی ناسینی کانتۆنەکانی کوردی رۆژئاوای کوردستان بپارێزن و لەرووی ئابورییەوە تەنانەت جۆرێک گەمارۆیان بخەنە سەر، لەلایەکی دیکەوە سەرۆکایەتی هەرێم بۆخۆی هاتە نێو پرۆسەی ئاشتی و بە بانگهێشتنی

سەرۆک کۆماری تورکیە ئەردۆغان، بۆ بووژانەوەی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان حکوومەتی تورکیە و پارتی کریکانی کوردستان، بەشداری لە کۆبوونەویەکی جەماوەری لە شاری دیاربکر کرد.

هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی شارەگێکی ئابووری کە بتوانێ هەرێم لەسەرپێی خۆیڕاگرێ و کۆتایی بە بەسترانەوە بە حکوومەتی مالکی بهێنێ،- کە بە ئەجینداى سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران تەگەرەی دەخستە سەر رێگای هەرێمی کوردستان - جگە لەویکە لە نەوعی خۆیدا بە نیسبەت مەسەلەی کورد شتێکی نوێبوو، تاقیکاریو و ئەزموونێکی زۆریشی بۆ کورد بەگشتی تێدا بوو. ئەویش ئەوەیە کە لەو جۆغرافیا سیاسییەدا کە کورد تێیدا دەژی، هەربەشێک لەکوردستان ئەگەر بیهەوێ بەرەو سەبەخۆیی ئابووری و سیاسی هەنگاو بنێ، - لەنەبوونی پشتیوانیێکی نێونەتەویی - ناچارە دەبێ دەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، بکەوێتە مامەڵەوە. ئەو هاوکارییەش بمانەوێ و نەمانەوێ بە خانەی جۆرێک مامەڵە لەسەر کوردی بەشەکانی دیکەدا تێدەپەرێ. هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ سەربەخۆیی ئابووری هەتا ئەو کاتە بەجێو دروستن کە لەرووی ئامانجە گەورەکەدا بە زیانی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەشکێتەوەو هەموو هێلکەکان لە قەرتاڵەی تورکیەدا نەهاوێ.

هاوهەنگاو دەگەڵ پەرەئەستاندنەکانی ئابووریو سیاسی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیەدا، بارودۆخی سووریەش بە هاتنە مەیدانی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی عێراقو شام) ئەوەندەی دیکە بەرەو شڵەژان دەچوو. کوردەکانی سووریە هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریەدا، ستراتیژی سێهەمیان گرتەبەر و رایانگەیاند کە ئەوان نە لە دژی بەشار ئەسەدو نە لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە شەڕ دەکەن. بەشارئەسەدیش کە لەناوچەکانی دیکەی سووریەدا گوشاری لەسەربوو، لەهەنگاویکی تاکتیکیدا هێزەکانی لەکوردستانی رۆژئاوا بردەدەرێ. ئەو بەتاڵاییە بەهێزەکانی پەیەدە کە سەر بە p.k.kن، پڕکرایەوە. ئەو سیاسەتە ئەگەرچی بە رواڵەت سیاسەتێکی دروستبوو، بەڵام بە سەرنجدان بە کەشی سیاسی زاڵ بەسەر دژبەرانی سووریە و رووبەری خاک رادەی حەشیمەتی کوردی ئەوڵاتە بە نیسبەت پێکهاتەکانی دیکەی سووریە، کارێکی هاسان نەبوو. ئاکامی ئەو سیاسەتە بوو بە هۆی ئەویکە لەلایەک کوردی رۆژئاوا نەتوانی دەگەڵ ئۆپۆزیسیوونی لیبراڵ و ئاماڵ دێموکراتێکی ئەو وڵاتە بکەوێتە ناو یەکیەتی و بەرێکەوە. لە نەبوونی دوورە دیمەنی بەرەیەکی ئەوتۆدا کە کورد و خەباتەکەی دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری دژی رێژیمی ئەسەد لێک گرێ بدا، بەدیلی دژەکورد بەگشتی و کوردی سووریە بە تایبەتی کە لەتورکیە

و داعش پێک دەهات، زۆرترین هەلی بۆلێدانی کورد لەو وڵاتە وەدەست کەوت.

تورکیە نیگەرانی ئەوەیە کە کوردەکانی سووریە لەئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا کە بۆیان هاتۆتە پێشی، هەم لەئاستی دەرەوەدا و هەم لەئاستی نێوخۆدا زیاتر ببنە خاوەن رۆڵی خۆیان. بێجگە لەوە بوونی سنوورێکی هاوبەش لەنێوان دووبەشی کوردستانی باکوور و رۆژئاوا و پێوەندی قووڵی مێژوویی و کلتووری و زمانی نێوان ئەو دوو بەشەی کوردستان و لەوەش گرینگتر بەدەستەوە گرتنی جڵەوی خەباتی کوردستانی سووریە لەلایەن پێکاکاوە - کە تورکیە بە دوژمنی ژمارەیەکی خۆیدەزانی - ناتوانێ نەبێتە مایەی ترسونیگەرانی ئەو وڵاتە. لە راستیدا پێکاکا بە بەدەستەوەگرتنی رێبەرایەتی جووڵانەوەی کوردەکانی سووریە، بەکردەوە بەرەیەکی دیکەی لەدژی تورکیە کردۆتەوە. بۆیە دەکرێ پرۆسەی ئاشتیی نێوان تورکیە و پێکاکاش هەر لەو گۆشەنیگایەوە هەڵسەنگێنین. پێبەپێی پەرەئەستاندنەکانی رۆڵی کورد لە رۆژئاوای کوردستان، پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیە و پێکاکاش لە رێگای بەرێز ئۆجەلانەوە دێتە ناو رۆژەوی سیاسی تورکیەوە. ئامانجی سەرەکی تورکیە لە ئاشتی دەگەڵ پێکاکا، سەرگەرمکردنی ئەو رێکخراوەیە، بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر بباتەوە و کۆتایی بەو حکوومەتە بهێنێ کە بە حکوومەتی خۆبەرێوەبەری کوردەکانی سووریە ناسراوە. ئیدارەی ئێستای تورکیە لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی کورد لە باشوور و باکووردا، بە پێچەوانەی دەوڵەتەکانی پێشخۆی کە هەرجۆرە سازشێکیان دەگەڵ کورد رەد دەکردەوە، لە سیاسەتێکی گەڵێک مەترسیدار پێرەوی دەکات. لەلایەک دەگەڵ پێکاکا گفتۆگۆی ئاشتی وەرێخستوە و لەلایەکی دیکەوە هەرهەمان پێکاکا کە قەرارە ئاشتی دەگەڵ بکات، لەکووبانی دیهەوێ بەدەست داعش کۆتایی پێبهێنێ. روونو ئاشکرایە کە تورکیەی ئێستا لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی کورد بەگشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی، لە سیاسەتیکی دوولایەنە و دووروویانە کە خۆی لە گۆپاڵو شیرینیدا دەبینێتەوە پێرەوی دەکات.

هەڵسوکەوت و مامەڵەی دەوڵەتی تورکیە دەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەرلەوەی لە قەناعەتێکی سیاسییەوە سەرچاوە بگرێ، پێوەندی بە رێئال پۆلتیک (واقعبینی سیاسی) سەبارەت بەوکیانەی کوردەوە هەیە کە دووفاکتۆ لەلایەن بەشێک لەوڵاتانی رۆژئاوا بە فەرمی ناسراوە. هەرلەو کاتەدا تورکیە باش دەزانێ کە لەنەبوونی دەوڵەتێکی بەهێز لە بەغدادا، کێشەکانی ئەمنی و ئابووری بە چارەسەر نەکراویو هەڵپەسێراوی دەمێننەوە. بۆیە زەروورەتی سیاسی ئەمنی وادەکات کە ئەمرۆ تورکیە دەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەوێتە مامەڵەوە. بەڵام دەگەڵ هەموو پێوەندییە چڕوپڕەکانی ئابووری و سیاسی ئاشکرا دەگەڵ هەولێر، هەڵەیە کەوا بیربکرێتەوە، کە تورکیە

مەسەلەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەپەژرێنێ یان وەک دەڵێن لە بەرامبەریدا - بێدەنگ - دەبێ. بە پێچەوانە ئیمکانی ئەوە زۆرە کە راگەیاندنی سەبەخۆیی باشوور ببێتە نوقتە گۆرانێکی نوێ بەنیسبەت ئەوچەند ساڵەی دوایی لە سیاسەتی تووركيەدا. هۆکاری ئەوەش بەرلەوەی پێوەندی هەبێ بە خودی سەربەخۆیی باشووری کوردستانەوە، پێوەندی هەیە بە بارودۆخی سووریە بە گشتی و وەزعی کوردەکانی سوریە بە تایبەتی. چونکە ناکرێ تورکیە لە دوورەدیمەنی سیاسیدا ئەوە نەبینێ کە لە حاڵەتی پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستاندا - هەرچەند ئەمرۆ جڵەوی سیاسی جووڵانەوەی کوردی سووریە بەدەست پێکاکاوەیە - بەڵام لەدوارۆژدا وەرچەرخانێک پێکنەیە و ئەو دووپارچەیە بەرەو یەکگرتنەوە هەنگاو هەڵنەهێننەوە. بۆ سناریۆیەکی ئەوتۆش بارودۆخی شڵەژاوو و قەیراناوی سووریە یارمەتیدەرێکی جیدی دەبێت. هەربۆیە کاربەدەستانی وردو درشتی تورکیە لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی سوریەدا، هەمیشە پێ لەسەر کارلابردنی رێژیمی ئەسەد دا دەگرن. تەنانەت یەکێک لەمەرجە سەرەکییەکانی تورکیە بۆ شەڕ دژی داعش، رووخاندی رێژیمی ئەسەدە لەلایەن بەرەی وڵاتانی دژی داعشە. بەڵام لە نەبوونی کۆدەنگییەکی نێونەتەویی سەبارەت بە لادانی رێژیمی نێووبراو، دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، دەتوانێ باشترین گوزینەی تورکیە لانیکەم لە کورت ماوە، بۆ گەیشتن بەئامانجە درێژخایەنەکانی لە سوریەدا بێ. داعش لەلایەک بە گوشار بۆسەر رۆژئاوای کوردستان، ناهێلێ کورد لەوبەشە پشوو بدات و دەستی وەبەرخۆی کەوێتەوە، بۆئەوەی ئەزموونێکی سەرکەوتوو پێشانی جیهانیان بدات و لەلایێکی دیکەوە بەگرتنی پانتای خاک و گوشار لەسەر رێژیمی ئەسەد، بە کردەوە پێشی نفووزی بەرەی شعە لەو وڵاتە دەگرێ.

بەڵام داعش بۆکورد دەتوانێ هەم هەڕەشەو مەترسی بێ و هەم فورسەت. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی هەیە بە هێرشەکەی بۆسەر باشووری کوردستان، توانی داواکانی کورد لەوبەشدا لە سەربەخۆیڕا بۆ هاتنەوە ناوو بازنەی عێراق، بگۆری. ئەوەش نیشانیدا کە کورد لەوبەشەدا هێشتا لە پێگەیکی ئەوەندە بەهێزدا نیە کە دەوڵەتی سەربەخۆ پێکبێنێ. بەڵام هۆکاری ئەوە بەرلەوەی دەرەکی بێت زیاتر نێوخۆییە. لەوپێوەندیەدا وردبوونەوە لە پرۆسەی رێفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستانی عێراق، پاش هێرشەکەی داعش مەسەلەکەمان باشتر بۆ روون دەکاتەوە. ئەگەرچی پرسی رێفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی هەرێم لە بەغدا، لەسەرەتادا ئیجماعێکی گشتی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستانی لەگەڵ نەبوو، بەڵام دابڕانی بەکردەوەی هەرێمی کوردستان لە بەشەکانی خوارووی عێراق پاش هێرشی داعش، دەرفەتێکی وایخولقاند کە تەنانەت ئەولایەنانەی کە دژی رێفراندۆمەکەشبوون، دژایەتییەکی جیدی پرۆسەکەیان نەدەکرد. بەڵام پاش ئەوەی داعش پەلاماری هەرێمی

کوردستانی‌دا و بەشێکی بەرچاوی لەناوچەکان داگیرکرد، کارتەکە هەڵگەڕایەوە و پرسی ڕێفراندۆم وەبن کەوت و هەلومەرجەکە پارسەنگی هێزی بەسوودی لایەنە ناوچەیی و عێراقی وکوردییەکان گۆری کە خوازیاری مانەوەی کورد لە ئێراقدا بوون. ئەوەش دریخست کە کورد لە باشووری کوردستان یەکدەست نین و ئەو یەکدەست نەبوونەش بەرلەوەی پێوەندی بەخودی ئامانجەکە واتا سەربەخۆییەوە هەبێ، پێوەندی بەکێشەی دەسەڵات و نفوزی سیاسییەوە هەیە.

هەروەک لەسەرەوە باسکرا داعش هەر بەتەنیا هەڕەشە نیە بۆسەر کورد بەڵکوو فورسەتیشە. لەبارودۆخێکدا کە جیهانی ئیسلام بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەناو ئاگری بناژۆیی ئیسلامی‌دا دەسووتێ و ڕۆژ نیە کە گرووپێکی توندئاژۆ سەرهەڵنەدا، کوردستانو گەلی کورد بەپشتبەستن بە بەها و نرخە نەتەویی و کلتوورییەکانی، کە ڕەگەکەی لە نێوو مێژووی دوورو درێژی ئەو گەلەدا پاراوو دەبێ، بەئاراستەی خۆی کە دێموکراسیو حکوومەتی سیکۆلار و پێکەوە ژیانی ئایینو ناسنامەکانە، ڕێگا دەبڕێ. ئەو بایەخە بەرزە ئینسانی و نەتەوەییانە ناتوانێ لە ناوچەیەکدا کە بناژۆیی ئیسلامی خەریکە دەبێتە بیری زاڵ و دەگەڵ خۆیی نیفرەت بڵاودەکاتەوە و دەچێنێ، نەکەوێتەبەر نەزەری جیهانی پێشکەوتوو و مۆدێرن . ئەگەر دیاردەی بناژۆخوازیی ئیسلامی بەگشتی و داعش نەبایە، پێشاندانی ئەو کلتورە ئینسانییە بەهێزە، بۆ نەتەویەکی بێدەوڵەتی وەک کورد مومکین نەدەبوو. لەمێژبوو لە ڕۆژئاوا شیمانەی ئەوەدەکرا کە کوردەکان تەنیا نەتەوەک بن کە لەرووی ئاینی و کلتوورییەوە پتانسێلی ئەویان تێدابێ کە نەکەونە ژێرشوێنەواری بناژۆیی ئیسلامی بە گشتی و داعش بە تایبەتییەوە . خۆراگری بێوێنەی کچانو کوڕانی کوردی ڕۆژئاوا لە کووبانی بەرامبەر بە ئەهریمەنی ڕەشی داعش، حەقانییەتی کورد و ڕێبازەکەی پێشانی جیهاندا. لەچاوی دونیای مۆدێرن‌دا، ئەوەی لە کوردستان ڕوودەدا، شەڕە لەنێوان تاریکی و ڕووناکایی‌داو شاڵاوی هاوکارییە مرۆڤی و سیاسیو سەربازییەکانی ڕۆژئاوا، نیشانەی بەرز نرخاندی ئەو خەباتەیە. ئەوانە هەموویان پێکەوە زەوینێکی ئەوتۆی پێکهێناوە، کە کوردەکان چی‌دیکە ئەکتەرێکی لاوەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نین، بەڵکوو کورد لە سەر ئەرزی واقیعدا ئەکتەرێکی سەرەکییە.

لە ژمارە ٦٤٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## شەهید بوونی رەزای برام. خالید حەسەنپوور



لە یەکەم شەوی زستانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە گوندی قۆزلویێی بچووک میوانی ماڵە دۆستێک بە نێوی عەزیز حوسێنی بووم. ئەو شەوە هەتا درەنگانێکی بەقسەی خۆش و جەفەنگ و بەسەرهات گێرانەوە تێپەری.

لای نێوە شەو بوو کە یەکێک لە نیزیک ئەو وەتاغەی کە من لێی نوستبووم، بەدەنگێکی نە زۆر بەرز گووتی، ئەرێ خالید حەسەنپور لێرەیە؟

بە بیستنی ئەو دەنگە وەخەبەر هاتم و لە حاڵێکدا دڵم بەتووندی لێیدەدا و لەشم وەسەر ئارەقە گەڕا بوو، پرسیم کێی جەنابت؟ ساحەبی دەنگەکە غەڵبەغەلبێکی لێهات، بەڵام لێی حاڵی نەبووم. گورچ خۆم کۆکردەوە و رەخت و فیشەکدانەکەم لەخۆ بەست و تفەنگەکەم دەشانی کرد و وەدەر کەوتم. کە چوومە دەرێ لە نێو تاریکاییداچاوم بە کەسێک کەوت کە لەغاوی ئەسپێکی بە دەستەوە بوو . بەنیگەرانیەوە لێی چوومە پێشێ و سڵاوم کرد، کە وڵامی دامەوە ناسیمەوە. کاک رەحمان جەناح پێشمەرگەی لکی ٣ی هێزی پێشەوا بوو. گووتی فڵانەکەس! من کاک بازیدی نەبەردی زاوات (کە پێشمەرگەیەکی نێوبەدەروە و فیداکار بوو، دواتر لە شەری سارده کوێستان شەهید بوو) لە دووی تۆی ناردووم و پێی گووتوم کە هەر ئەمشۆ لەگەڵ خۆم بتبەمە لای ئەوان.

منیش کە نیگەرانی هەموو وجوودی داگرتبووم، پێمگووت خێرە بەو نێوەشەوە؟ لە وڵامدا گووتی ئیشاڵڵا خێر دبێ، پێموایە خوشکت نەخۆشە. کە گەیشتینە قۆزلوێی گەورە سەعات دەوری سێ و نیوی شەو دەبوو. گەیشتینە بەردەرگای کاک بازیدی نەبەردی زاوام و لە دەرگاماندا. بازید بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم و وەپێش خۆی دام، کە چوینە ژووریَ، خوشکیشم بە دەنگەدەنگی ئێمە وەخەبەر هات، کە چاوم پێی کەوت وەک نەخۆش نەدەچوو، لێم پرسی خوشکێ ئەتۆ نەخۆشی ؟ گووتی نەوەڵڵا کاکە من شوکر باشم. ئیدی بەبیستنی ئەو هەواڵە یەکسەر بیرو فکرم چۆوە سەر رەزای برام کە پێشمەرگە بوو. دەویدابوو کە بازیدی نەبەردی کە هەتا ئەودەم خۆی دەبوارد شتێکم پێ بڵێ، رووی تێکردم و پێی گووتم، فڵانکەس! بە داخەوە رەزای برات لە عەمەلیاتێکدا کە لکی سێی هێزی پێشەوا لە نێو گوندی زێوەی مەنگورایەتی بەرێوەی بردوە، شەهید بووە و خدرە سووریش کە فەرماندەی ئەو عەمەلیاتە بووە، بریندارە.

ئەو شەوە نەمزانی چۆن رۆژ بۆوە، بەیانی کە هاتمە دەرێ، بەفرێکی زۆر باریبوو. لای سەعات ١٠ی بەیانی کاروانێک لە ئاسۆگی نێوان ئاغاسوور و قۆزلوێی گەورە وەدەر کەوت و بەدیوی قۆزلوێی گەورەدا شۆڕ بۆوە. کاروان کە نیزیک بۆوە، لە سەر پشتی ئەسپەکەی پێشێ، تابووتێکیان دابەستبوو، ئەسپەکان یەکسەر روویان لە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکە کرد کە بۆ پێشوازی لە تەرمی رەزا ئامادە ببوون. من کە لەپێش جەماعەتەکە بووم، تەکانیکم لەخۆمدا کە برێک زیاتر بچمە پێشێ، ئەسپەکە یەکسەر وەکوو ئەوەی پێی بڵێن راوەستە، راوەستا. دەتگووت دەزانێ کە ئەو تەرمەی کە بە پشتیەوەیەتی، برای منە.

تابووتەکەیان داگرت و رەزای برامیان لە نێوو تابووتەکە هێنایە دەرێ و لەسەر تاتەبەردە ساردوسرەکانی حەوزی مزگوتی قۆزلوێ گەوریان دانا. رەزای گەنم رەنگ و شۆخ و شەنگ و لێو بەبزە، بەبێ نازی لەسەر تاتەبەردە سرەکان درێژکرا بوو. لەوودەمەدا بوو دایکم کە پێشتر لە دوایان ناربوو، گەیشتەجێ. من هەمیشە لەو رۆژە دەترسام دایکم پێش دوومانگ بابیشمی لە دەستدابوو، تەرمی کورەکەشی بۆ بێتەوە. هەست بە گوناح لەوەی کە ئەو دایک و باوکە بەهۆی من و رەزای برامەوە، ئازارو عەزابێکی زۆریان چێشتبوو، هەموو وجوودی داگرتبووم.

دایکم لە تەرمی رەزا نیزیک بۆوە، چەند کەسێک کە لە دەوری تەرمەکە بوون، ویستیان پێشی بگرن. بەڵام دایکم بە قسەی نەکردن و گووتی ئەوە کوری منە و لە باوەشی مندا گەورە بووە، بەر لەوەی گڵەبانی بکەن، دەبێ لە

ئامیزی بگرم، ئەگینا فرامۆشێم نایەتێ. دایکم خۆی بەسەر تەرمی ڕەزا دا کێشا و دەمی دەدەمی نا، هەستا سەرپێ و گووتی ئەوجار ئۆخەم هاتێ برۆن بینێژن، بەقوربانی ئەو کوردستانە بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٥

---

## پێوەندی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی، داهاتووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات

پاش ئەوەی رێژیمی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بەهۆی هێرشی نیزامیی ئەمریکا رووخا، بۆشاییەکی ئەمنی و سیاسی کەموێنە لە عێراق پێکهات. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێشتر بۆ ئەگەرێکی ئەوتۆ خۆی ئامادە کردبوو، بێ سێودوو ئەو بارودۆخەی قۆزتەوە و هەوڵیدا هەرچی زیاتر نفوزی خۆی لەو وڵاتەدا پەرەپێبدا. هاتنە سەرکاری شیعەکان لە عێراق، ئەوەندەی دیکە یارمەتیدا بە نفوزی ئێران لەو وڵاتەدا. ئامانجی کۆماری ئیسلامی کە پێکهێنانی پشتێنێکی ئەمنییەتی و پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی خاکی عیراق بوو، لە ساڵانی دواییدا بە هۆی سیاسەتی لاگیرانەی لە پێکهاتەی شیعە و قۆزتنەوەی و ئەو بارودۆخە لەلایەن داعشەوە، شکستی هێنا. کۆماری ئیسلامی کە لەکردەوەدا بۆی دەرکەوت دوو پێکهاتە سەرەکێکەی عێراق کە بریتین لە شێعە و سونی، چیدیکە خەتی یەکتر ناخوێننەوە و هەتادێ زیاتر لێک دەترازێن، هەوڵی خۆی چڕکردەوە سەر کورد وشیعە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەمجار بەو دوو پێکهاتە هەرچۆنێک بێ یەکیەتیی خاکی عێراق بپارێزی. شایانی باسە کە لەنێوان ئەودوو پێکهاتەشدا، زۆرترین قورسایی کاری خۆی خستەسەرکورد. چونکە لەلایەک شیعەکان لەژێر کاریگەری راستوخۆی رێژیی ئێران دان و لەلایەکی دیکەوە کورد تەنیا پێکهاتەی عێراقە کە مەیلی زیاتری بۆ جودابوونەوە لە عێراق تێدامەوجودە.

لەبەر رووناکی ئەو راستییە دایە کە ستراتیژی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، هێشتنەوە و مانەوەی ئەو هەرێمەیە بەهەر نرخێک لە چوارچیوەی عێراقدایە. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش لەلایەک لە

ئاستی سەرانسەری عێراقدا کۆسپ و تەگەرە دەخاتە سەر ڕێگای حکوومەتی هەرێم، بۆئەوەی هەرێم هەمیشە چاولەدەستی حکوومەتی ناوەندیی عێراق بمێنێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەدەستێوەردان و هاتنە ناوکێشەی لایەنەسیاسیەکانی باشوور، هەوڵ دەدا لە کاتی هەستیاردا پێشی کۆدەنگی سیاسیی لایەنەکان لەسەر پرسە گرینگەکان بگرێ. ئامانجی لەوکارە ئەویە کە لایەنەکان بەکێشەکانی نێوخۆیەوە سەرقاڵبن و بیر لە جیابوونەوە لە عێراق نەکەنەوە. دیارە ڕەکەبەرایەتی توندوتیژ و لەمێژینەی لایەنە سەرەکیەکانی باشووری کوردستان هەمیشە فاکتۆرێکی لەباربووە بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران و توانیویەتی بەسوودی خۆی کەڵکیان لێوەرگرێ.

کۆماری ئیسلامی کە بەردی بەرگری کورد و عەرەب لە سینگی خۆی دەدا و بەردەوام فرمێسکی حەرامیان بۆ هەڵدەرێژی، لەمەیدانی کردەوەدا نە ڕێزی لە ئێرادەی عێراقیەکان بەگشتی گرتوە و نە بایەخی بۆ بیروڕای گشتی کوردی باشوور داناوە. سیستەمی فیدڕالی کە لەیاسای بنەڕەتی عێراقدا هاتوە و عێراقیەکان بە گشتی لەڕێگای ڕێفراندۆمەوە پەسەندیان کردوە، بەرەسمی نەناسیوە و دانی پێدا نەناوە. هەر لە درێژەی ئەوسیاسەتەدا هیچکات ئەو هێما و هەیکەلەی کە پێی دەگوترێ «حکومەتی هەرێمی کوردستان»، بەرەسمی نەناسیوە و بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە دەگەڵی نەکەوتۆتە مامەلەوە. دامەزراندنی دووکۆنسولگەری ئەو ڕێژیمە لە سلێمانی و هەولێر، بێجگە لەوەی کە ئەو ئیدیعایە دەسەلمێنێ، پەردەش لەسەر نیازەکانی ڕێژیمی ئێران سەبارەت بەداهاتوو و چارەنووسی هەرێمی کوردستان لادەدا.

ستراتیژی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، پازدانە بەسەر شکڵ و فۆرمە فەرمیەکان کە لە یاسای بنەڕەتی عێراقدا هاتوون. هەربۆیە ئەولەویەتی سیاسی کۆماری ئیسلامی لەباشووری کوردستان، گرینگیدان و سەرمایەگوزارییە لەسەر ئەحزاب نەک حکوومەت. هەربۆیە پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٩٢دا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەدەنگی گشتی خەڵک هەڵبژێردرا، چاوەڕوان دەکرا کە پێوەندی کۆمای ئیسلامی دەگەڵ لایەنە سیاسییەکان، جێگای خۆی بدا بە پێوەندی نێوان حکوومەتەکانی هەرێم و کۆماری ئیسلامی. بەلام بەپێچەوانە هەڵسوکەوتی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم بەشێویەکی گەرموگورتر لەرابردوو دەگەڵ ڕێژیمی تاران بەردەوامبوو و هاتنە کایەی حکوومەتی هەرێم نەیتوانی سێبەر بخاتە سەر ئاستی پێوەندی لایەنە سیاسییەکانی باشوور دەگەڵ ڕێژیمی تاران. هۆکاری ئەوەش بۆخواستو ئیرادەی دوولایەنە، واتا کۆماری ئیسلامی و لایەنە

سیاسییەکانی باشوور دەگەرایەوە، کە یەکەمیان رەچاوی ستراتیژی کۆماری ئیسلامی سەبارەت یەکپارچەیی خاکی عێراق، دووهەمیان رەچاوی بەرژەوەندیی باڵای حیزبی لەسەر بناغەی رەکەبەرایەتی سیاسی.
هەربۆیە لەسەرەتای دامەزرانی حکوومەتی هەرێم، پێوەندیی سیاسی، ئابووری و تەنانەت کولتورییەکانی نێوان هەرێم و کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سەقەت و لاسەنگ لەدایک بوو. بەومانایە ئەوەندەی ئەوپێوەندییانە سوودیان بۆکۆماری ئیسلامی هەبوو، یەک لەسەدی ئەوە، خزمەتی هەرێمیان نەکردوە. لەبواری سیاسی و ئەمنییەتییەوە کە مەبەستی ئەو نووسراویە، هەرێم لەماوەی تەمەنی خۆیدا بەئەرکی سەرشانی کە بریتییە لەسنوردار کردنی تێکۆسانی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەستاوە و تا ئێستا نەیهێشتوە لەسەر سنوورەکانی هەرێمەوە مەترسێکی ئەوتۆ بۆ لایەنی ئێرانی پێک بێ. ئەو لە حاڵێکدایە کە لایەنی ئێرانی نەک هەر رێزی بەرامبەری لە هەرێم نەگرتوە، تەنانەت لەرێگای جۆراوجۆرەوە ئەوەندەی بۆی کراوە دەستی لەکاروباری نێوخۆیی هەرێمش وەرداوە و ژانەسەری بۆ لایەنەکانی نێو دەسەلات دروستکردوە.

زۆر کەس و لایەنی سیاسی لە باشووری کوردستان هۆکاری ئەولاسەنگیە سیاسی و دیپلۆماتیکەی نێوان هەرێم و رێژیمی ئێران بۆ جۆری حکوومەتی هەرێم کە سیستمێکی فیدراڵییە، دەگێرنەوە نەک سەربەخۆ. ئەوە ئەگەرچی پرینسیپەن دروستە، بەڵام لەکردەوەدا دەرکەوتوە کە چوارچێوە و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان زۆر جارلە ناوچەیکی فیدراڵ بەولاوەتر چووە. حکوومەتی هەرێم لە گەڵێک پرسی گرینگی وەک مەسەلەی شەڕلەگەڵ داعش و ناردنی نەوت بۆدەرەوە، تەنانەت وەک حکوومەتێکی سەربەخۆش مامەلەی کردوە. دونیای دەرەوەش ئەگەر بە رواڵەت وەک بەشێک لە عێراق دەروانێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەکردەوەدا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەگەڵ هەرێمی کوردستان هەڵسوکەوت دەکات. لەو نیوەدا تەنیا دیواری هەرێم بۆئەو حکوومەتانەی کە بۆخۆیان خاوەنی پرسی کوردن کە کۆماری ئیسلامی یەک لەوانەیە، زۆر نەویە. بۆیە ئەوەی بۆتە هۆی ئەویکە تای تەراوزووی سیاسی نێوان هەرێم و ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن پرسی کوردن و یەک لەوان کۆماری ئیسلامی بە زیانی هەرێم بێتەخوارێ، هەبوونی پێوەندی نادروست و ناهاوسەنگ و هەڵسوکەوتی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستانە.
دیارە سیستەمی هەتا ئێستا شکڵ گرتووی هەرێم، کە لەلایەک لە نیزامێکی پارلمانی لەسەر بنەرەتی پلۆرالیزمی سیاسی پێرەوی دەکات، و لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتی حیزبی لەسەرووی پارلمان و حکوومەتەویە، یارمەتی زۆری داوە بەو ناهاوسەنگیە سیاسییەی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی دەوروبەر بەتایبەت ئێران. ئەو ناتەباییە سیاسی و یاساییە دەورێکی تاقانەی داوە بەحیزب و دەستی ئاواڵە کردوە کە بەکەیفی خۆی، نەک خەڵک دەگەڵ دەوروبەری

خۆی - کە هەموویان بەدوای ئامانجێکی روونەوەن - مامەلە بکات.

ئەزموونی هەڵچوون و داچوونی پێوەندیی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان دەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دەریدەخا کە نەزەخت و زۆری جاروبارەی رێژیم بۆ سەرلایەن یان لایەنەکانی باشوور بۆ هەمیشە بەردەوام دەبێ و نە هەڵوێستی لایەن یان لایەنەکانی کوردی باشوور بەرامبەر بەئێران هەتا سەر درێژەی دەبێ. گوشاری رێژیمی ئێران بۆسەر لایەنە سیاسی‌یەکان زۆرتر بەمەبەستی ئیمتیاز وەرگرتن لەولایەنانەیە کە پێیەی وایە لە سیاسەتی ئەو لایانداوە و لە بازنەی دەسەڵاتی ئەو دەرچوون. بەڵام ئەو زەخت و گوشارانە هەتا ئێستا نەگەیشتونەتە ئەو جێگایەی کە هەم لایەنی ئێرانی و هەم لایەنی کوردی پردی پاشەسەری خۆیان بەرامبەر بە یەکتر برووخێنن.

ئەو ناهاوسەنگییە سیاسییەی کە لە ئاکامی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و کۆماری ئیسلامی هاتۆتەدی، هەر بە تەنیا بە زیانی هەرێمی کوردستان نەشکاوەتەوە، بەڵکوو بەزیانی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش تەواو بووە. ئەگەر حکوومەتی هەرێم بەو ئاستە لە پێوەندییەکانی دەگەڵ ئێران لەو ٢٣ ساڵەدا نەهاتبایە سەر گۆرەپانی سیاسی، فاکتۆرە نەرێنییەکانی نێوخۆیی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵات، هەرچەندەش کاریگەریان هێشتا نەیاندەتوانی ببنە هۆکاری پاشەکشەیەکی لەمچەشنە کە زیاتر لە دوو دەیەیە بەرۆکی بزووتنەوەی کوردی ئەو بەشەی گرتۆتەوە. ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامە کە جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی، لەنێوان دووڕیانێکدان. رێگای یەکەم ئەویە کە درێژە بە سیاسەتی هەتا ئێستامان بدین، کەبە نرخی لاوازبوونی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران تەواو بووە و خوڵانەویە لە نێوو بازنەیکی داخراوو. رێگای دووهەم ئەویە کە لەسەر بناغەی رۆژهەڵاتەوەری گیانێکی نوێ بە بەر بزوتنەوەی کورد لەو بەشدا بکەینەوە و هەنگاوەکانمان بەکردەوە بۆ نێڵدانی کورەی خەبات و تێکۆشان توندوتیژتر بکەین. ئەگەر لێبراوین کە رێگای دووهەم هەڵبژێرین، بەسەرنجدان بە دیاردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی سیاسی، پێویستە لەدەرفەت و کەلەبەرەکانی نێوان هەرێم و کۆماری ئیسلامی بەباشی کەڵک کەڵک وەرگرین - بەڵام بەبێ ئەوەی پشتی پێ ببەستین - و بەرەبەرە وازلە مێتۆدە کۆنەکان بهێنین کە نرخی زۆریان بۆ جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵات تێدەچێ.

لە ژمارە ٦٦٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

## وتووێژی رۆژنامەی وشە

**دیمانە: هیدایەت جان**

لە دیمایەکدا لەگەڵ ماڵپەڕی وشە، کاک خالید حەسەنپوور، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان باس لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵات بە تایبەت حیزبی دێموکرات دەکا. ئەمەی خوارەوە راپۆرتێکی "وشە"یە لەو پێوەندییەدا کە دەقی وتووێژەکەی کاک خالید لە کۆتایی راپۆرتەکەدا هاتووە:

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران، ساڵانە لە ١٣ی حوزەیراندا کۆبوونەوەیەک بەناوی کۆبوونەوەی بەرگریی ئۆپۆزسیۆنی ئێران لە پاریس ڕێک دەخات. لە کۆبوونەوەکەی ئەمساڵیاندا کۆمەڵێک ئەندام پەرلەمانی ئەورووپی و سیناتۆری ئەمەریکی بەشداریان کرد و بەپێی ئەوەی موجاهیدین بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کۆبوونەوەکەیان هی سەرجەم ئۆپۆزسیۆنی ئێرانییە، لەناو ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵاتی کوردستاندا تەنیا سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کە بە حزبێکی نزیک لەو ڕێخراوە ناسراوە، بەشداریی دەکات.

لە کۆبوونەوەکەی پاریسدا، بابا شێخ حوسێنی سکرتێری گشتیی سازمانی خەبات، وەک نوێنەری ئەو سازمانە بەشداری کرد. بابا شێخ حوسێنی لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە خەباتی کورد لە بەرامبەر رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دا و داوای لە ئەمەریکا و وڵاتانی رۆژاوا کرد، دانوستانەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەر پرسی ناوکی بوەستێنن.

لە ٢٠ - ٧ - ١٩٨١ دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەستی کرد بە ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی نەیارانی، مەسعوود رەجەوی کە ئەوکات لە فرەنسا نیشتەجێ بوو، بە ڕێبەرایەتی ڕێخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران، بەرەیەکی لە سەرجەم کەسایەتی و ئۆپۆزسیۆنە ئێرانییەکان لەژێر ناوی "شورای ملی مقاومت" شووراى بەرگریی نیشتمانی، پێک هێنا و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەک نوێنەری ئۆپۆزسیۆنی کورد لەو شوورایەدا ئەندام بوو، دواتر

بەهۆی ناکۆکی لەسەر بەڕێوەبردنی ئەو شوورایە، کۆمەڵێک حزب و کەسایەتی لەو شوورایە هاتنە دەرەوە و حزبی دیموکراتیش یەک لەو حزبانە بوو کە جیا بوونەوە و هاتنەدەری خۆی لەو شوورایە راگەیاند.

دوابەدوای هاتنەدەری حزبی دیموکرات، گرژی کەوتە نێوان موجاهیدینی خەلق و حزبی دیموکرات و تا ئێستەیش هەر جیابوونەوەیەک لەناو حزبی دیموکراتدا رووی دابێت، باڵی سەرەکیی ئەو حزبە جیابیرانی بە دۆستایەتی و نزیکی لەگەڵ موجاهیدین تۆمەتبار کردووە.

زیاتر لە سێ دەیە بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕ دەبێت، ئایا تا ئێستە هیچ هەوڵێک دراوە بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندی ئەو دوو ئۆپۆزسیۆنەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک ئەندامێکی رێبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانیش ئاماژەی پێ دەدات، لە ماوەی ئەو سێ دەیەدا هەندێک هەوڵ دراوە بۆ ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکان، بەڵام هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتووەتەوە.

خالید حەسەنپوور ئەندامی رێبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ "وشە" رای دەگەیەنێت: "هەردوای ئەوەی حزبی دیموکرات لە شوورای میللیی موقاوەمەتدا نەما، حزبی ئێمە بە موجاهیدینی راگەیاند ئێستە کە نەمانتوانیوە لەو چوارچێوەیەدا پێکەوە هاوخەبات بین، با وەک دوو رێکخراو پێکەوە هاوکاری بکەین. ئەوان لە وەڵامدا هێندێک مەرجی نامەنتیقییان بۆ دانابووین وەک ئەوەی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە رەهایی رەت بکەینەوە، یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئەودەم لەگەڵ موجاهیدین گرژییان لەنێواندا روو دابوو، مەحکووم بکەین کە دیارە ئێمە ئەو شتانەمان قبووڵ نەکرد. پاش بەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات کە هێندێک قسە و باس ئاڵوگۆڕ کرابوون، مەسعوودی رەجەوی پەیامی ناردبوو کە هەر کاتێک ئێمە واتە حزبی دیموکرات داوا بکەین، ئەوان ئامادەن بۆ دامەزراندنەوەی پێوەندیی نێوانمان دەستبەکار بن. بەڵام لەسەر ئەو بنەمایە و بەو چەشنە، نە حزب داوای کرد و نە ئەوانیش هاتنەوە پێش. لە ساڵانی دواییشدا تەنیا چەند جارێک ئەویش لە ئاستی خوارەوەدا هێندێک پێوەندی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان ئێمە و ئەواندا هەبووە، بەڵام پێوەندییەکی رەسمی و بەدواداچوونێکی جدی و بەردەوام کە ببێتە هۆی ئاسایی کردنەوەی دۆخی سیاسیی نێوان حزبی دیموکرات و رێکخراوی موجاهدین، نە لەلایەن ئەوانەوە و نە لەلایەن ئێمەوە نەهاتووەتە کایەوە".

حەسەنپوور کۆبوونەوەی ١٣ی حوزەیرانی پاریس بە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی نازانێت و تەنیا وەک کۆبوونەوەی موجاهیدین ناوی دەبات، زیاتر روونی دەکاتەوە: "ئەو کۆبوونەوەیەی سالانە لە مانگی جۆزەردان لە پاریس بەڕێوە دەچێ، کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیونی ئێران نییە، بەڵکو کۆبوونەوەی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکە. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێکخراوی ناوبراو هەتا ئێستە کەمترین پێوەندیی دەگەڵ کەمترین هێزی ئۆپۆزیسونی ئێران بە گشتی و کورد بە تایبەتی هەیە چ بگا بەوەی کە "سەرپەرشتی ئۆپۆزیسیون" بکات. هەتا ئەو جێگەیەی من بزانم لە کۆی ئۆپۆزیسیونی ئێرانیش تەنیا ڕێکخراوێکی کوردی ڕۆژهەلات بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگهێشتن کرابوو کە وا دیارە بەشدار بوون".

سەرجەم حزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دروشمی فیدراڵیزمیان وەک ستراتیژی بۆ داهاتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێران هەڵبژاردووە، زیاد لە ١٠ ساڵە لەو پێناوەدا کار دەکەن، لەو کۆبوونەوەیەدا مەریەم رەجەوی پلاتفۆرمێکی سیاسی لە ١٠ خاڵدا بڵاو کردەوە کە خاڵی حەوتەمیان بە پێچەوانەی ئەو ئیرادە سیاسییەیە کە لەلایەن حزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هەوڵی بۆ دەدرێت.

مریەم رەجەوی لەبارەی مافی نەتەوەکان و کورد بەتایبەتی ئاماژە بەوە دەکات: "ئێرانی دوارۆژ وڵاتێکی یەکسان دەبێت بۆ هەموو نەتەوەکان. ئێمە دووپات دەکەینەوە کە خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی موقاومەتی ئێران گەلالەی لەسەر پەسند کردووە. زمان و کلتووری هاوولاتییانمان، لە هەر نەتەوەیەک بن، سەرمایە مرۆیی گەلی ئێرانە کە دەبێ لە ئێرانی دوارۆژدا کار بکرێت بۆ پەرەسەندن و برەودانی".

خالید حەسەنپوور ئەو دانپێدانانەی موجاهیدین تەنیا لە روانگەی مێژوییەوە بە گرنگ دەزانێت و دەڵێ: "ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵک لە ساڵی ١٩٨٤ەوە بەرنامەیەکیان بۆ خودموختاریی کوردستانی ئێران پەسەند کردووە کە پێش ئەوەی بەرهەمی جیهانبینییەکی ڕوونی ئەو ڕێکخراوە بۆ پرسی نەتەوایەتی لە داهاتووی ئێراندا بێ، بەرهەمی هەلومەرجی سیاسیی ئەو سەردەمە بەتایبەتی بارودۆخی کوردستان وەک دوایین پەناگەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و هاوپێوەندیی حزبی دیموکرات و موجاهیدین لە چوارچێوەی شووڕای میللی موقاوەمەتدا بوو. لەو باوەڕەدام کە ئەو بابەتە زۆرتر بایەخی مێژوویی هەیە تا بایەخی سیاسیی ڕۆژ".

"ناکرێ لایەنێک بەرنامەی بۆ ئایندەی کوردستان هەبێ و پێوەندیی و هاوکاریی لەگەڵ هێزەکانی کوردیدا نەبێ یان لەو پێناوەدا حازر بە هیچ جۆرە بەخۆداچوونەوە و مایەلەخۆدانانێک نەبێ. لەڕاستیدا لە نێوان پەسندکردنی بەرنامەی خودموختاری بۆ کورد لەلایەک و بوونی پێوەندی ساردوسڕ و تەنانەت نادۆستانەی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ هێزەکانی کورد بەگشتی و حزبی دیموکرات بەتایبەتی، ناتەباییەک هەیە کە شک و گومان دەخاتە سەر ئەوەی کە وەها بەرنامەیەک بەڕاستی لەڕووی باوەڕ بە چارەسەری پرسی کورد و ئاوڕدانەوە لە خواستە سیاسییە ڕەواکانی ئەو گەلەوە بێ. بەو حاڵەیش، حزبی دیموکراتی کوردستان پەسەندکرانی بەرنامەیەکی ئەوتۆ لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە - هەرچەند زۆر ئیدئاڵیش نەبێ- بە شتێکی ئیجابی و باش دەزانێ. خۆزگە نموونەی ئاوا لە نێو باقیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی سەرانسەری زۆرتر هەبوایە" خالید حەسەنپوور وای گوت.

بەڵام ئاخۆ هیچ هەوڵێک هەیە بۆ لایەنی کەم ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی دیموکرات و موجاهیدینی خەڵق، ئەو ئەندامەی ڕێبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان رای دەگەیەنێت: "هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لەو بوارەدا بە سیاسەت و هەڵسوکەوتی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکەوە بەستراوەتەوە. ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستان حاشا لەوە ناکەین کە موجاهیدین ئێستەیش یەکێک لە جدیترین و ڕێکخراوترین هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانە. بەڵام گرفتی کار لەوەدایە کە موجاهدین ئۆپۆزیسیونی ئێران بە گشتی و هێزەکانی کورد و لەنێو ئەوانیشدا حزبی دیموکرات بەتایبەتی هەم بە مەزندەی خۆیان دەپێون و هەم دەشیانەوێ ئەم هێزانە بە چاویلکەی ئەوان لە بارودۆخی سیاسیی ئێران بڕوانن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە پاشخانی پێکهاتن و سروشتی ڕێباز و ڕەسالەتی سیاسیی ڕێکخراوەکانی کورد بەتایبەتی حزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هی موجاهدین زۆر جیاوازە".

دووپاتی دەکاتەوە: "لە ساڵانی رابردوودا بەهۆی ئەو کارەساتە ئینسانییەی لە عێراق بەسەر موجاهیدین هاتووە هاوسۆزییەکی مرۆڤدۆستانە لەنێو زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵەکاندا بۆ موجاهیدین دروست بوو کە لەو پێوەندییەدا ئێمەش بێ دەنگ نەبووین. موجاهیدین دەیتوانی ئەو هاوسۆزییە مرۆییە بکاتە دەسمایەی دروستبوونی هاوپێوەندییەکی سیاسی و چاککردنەوەی سیمای خۆی هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوخۆ بەتایبەتی لەلای کوردەکان. ئێستەیش هەر کاتێک ڕێکخراوی موجاهدین بەرەو کرانەوە بچێ، ڕێز لە جیاوازییەکان بگرێ و لەوەش زیاتر تایبەتمەندیی مەسەلەی کورد بسەلمێنێ و ئازادیی ئیبتکاری عەمەل بۆ بزوتنەوەی کورد قایل بێ، دەرگەی گفتوگۆ و دیالۆگ لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانەوە کراوەیە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١٥

## لە پەراوێزی تێکهەڵجوونی چەکدارانەی پێکاکا و حدکادا، ڕوانینێک بۆ ئەجێندای سەرکردایەتی کوردی باشور.

ئەوە کە حدکا دوای ماویکی دورودرێژ سەرئەنجام هاتۆتە سەرئەو باوەرە و بیری لە ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ سنوورەکان (نەک بۆ نێووخۆی وڵات) کردۆتەوە، جێگای دەستخۆشیە. کارێک کە نەدەبا هیچکات تەنانەت بە خاتری بەرژەوەندیەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش پەکی خرابا. ئەوەکە پێکاکا بەهەر بیاووێک پێشی بەو هێزە گرتوە، نەک هەر جێگای مەحکوومێیەتە بەلکوو تەنانەت جێگای بەرانگاریشە. پێکاکا لە ژێر هیچ پاساوێکدا حەقی ئەوەی نێە کە بەرگری لە چمووجۆڵی هێزیکی کوردی لە بەشێکی دیکەی کوردستاندا بکات. ناکرێ پێکاکا بەخۆی رەواببینێ کە لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا دەست تێوەردانبکات، بەڵام - نەک دەستتێوەردان - بەڵکوو رێگای تێکۆشانی هێزەکانی دیکەی کورد بۆ ناوچەی تێکۆشانی خۆیان بگرێ. بەو ئاکارە پێکاکا نێشاندەدا کە لەلایێک ئەو حەقەی کە بۆخۆی دەوێ بۆ خەڵکی دیکەی ناوێ و لایێکی دیکەوە، ئەگەر هێژموونی رێکخراوەکانی دیکەی کورد رەد دەکاتەوە، بۆخۆی هێژموونێکی دیکە بەسەر لایەنەکانی دیکەدا دادەسەپێنێ. ئەو کارە نەک هەر روڵەتی ئەو هێزە کە ئیدیعای دێموکراسیخاوزێەکەی دەچێتە عەرشێ فەڵەک دێنێتە ژێر پرسیار، بەڵکوو عەلامەتی پرسیار لەسەر ئامانجوو ستراتیژێەکانیشی دادەنێە.

دەگەڵ ئەوەی جمووجۆڵی حدکا حەقێکی رەوایە بەڵام ئەو جمووجۆڵە لەو هەڵومەرجەدا، ناتوانی بێ ئەجێندای سەرکردایەتی کورد بە تایبەتی لایەنی سەرەکی لە دەسەلاتی کوردیدا بەرێوەچووبێ. بە سەرنجدان بە دەستێوەردانکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، و ئەگەری راگەیاندی دەولەتی کورد لە باشوور، لایەنی سەرەکی لە سەرکردایەتی کورد لەوبەشە، نێگەرانی جیدی هەڵسوکەوتی رێژیمی ئێران لەمەر داهاتوو کوردستانی باشورە. هەروها بەهۆی ئامرازەکانی بێسنووری کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە

باشوری کوردستان بەدەستێەوەیە، ئازارێکی زۆری دەسەلاتی کوردی دەدات. ئەوانە هەموویان بە گشتی و راگەیاندی ئیحتمالی سەربەخۆیی سیاسی لە باشور بە تایبەتی، بەشی سەرەکی سەرکردایەتی کوردی هێناوەتە سەر ئەو باوەرە کە بیر لە پاراستنی سنوورەکان بە تایبەتی سنوورەکانی هەرێم دەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکاتەوە. وەک دەزانین بەشی بەرچاوی سنووری کۆماری ئیسلامی دەگەڵ باشووری کوردستان، پێکاکای لێدامەزراوە. ئەو هێزە دەگەڵ ئەویکە هێزیکی بەبرەوی کوردیە، بەڵام هۆکارێکی هەرەشەشە لەسەر هەرێمی کوردستان. گرفتتی هەرە بنەرەتی لەو پێوەندیێەدا، ئەویە کە پێکاکا و کۆماری ئیسڵامی خاوەنی یەک هەڵوێستێکی هاوبەشن لە پێوەندی دەگەڵ هەرێمی کوردستانی ئێراقدا. ئەوەش ناتوانی بەشی سەرەکی سەرکردایەتی کورد لە باشور لە حالەتی راگەیاندی سەربەخۆییدا نیگەران نەکات. بۆیە لایەنی بنەرەتی دەسەڵاتی کوردی باشوور، ئەمرۆ زیاتر لە هەموو کاتێک، لەلایک لەبیری ژانەسەر دروستکردنە بۆ کۆماری ئیسڵامیە و لەلایکی دیکەوە دەیهەوێ سنوورەکانی هەرێم ئەگەر هەرقەرارە بۆخۆی لێەی نەبێ، بەدەست لایەنێکەوە بن کە ئەو باوەری زیاتری پێیەتی.

بەڵام ئەوەی پێوەندی هەیە بە حدکاوە ئەویە، ئەگەر تۆ بە خۆت لە هاوکێشەکاندا سەبەخۆ نەبی و ئیرادەی چوونەوەت یان جێگیر بوونت لەسەر سنوور بەدەستی خۆت نەبێ، سبەینێ دەبێیە "وجهل المسالحه" لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیدا. هەرکاتێک ئەودوانە رێککەوتن، بەهاسانی دەتهێنەوە خوارێ و شوێنەواری ئەو مامەلەیە لەوەی پێشتر، لەسەر چارەنووست تاسیر دادەنێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠١٥

## گرێدانی خەباتی چەکداری بە خەباتی جەماوەرییەوە

دوای لەتبوون، حدک هەوڵی دا جگە لەبواری سیاسی لە پێوەندی دەگەڵ مێتۆد و شێوازەکانی خەباتیشدا هێندێک ئاڵوگۆڕ پێکبێنێ. سەرەتای ئەو هەوڵانە بە حوزووری هێندێک دەستەی ڕچەشکێنی کادر و پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات دەستی پێکرد و لە ساڵانی دوایی‌دا ئەو هەوڵانە بەستێنی خەباتی مەدەنییشیان گرتەوە. ئامانجی بنەڕەتیی

حیزب ئەوە بوو لەلایەک دوای دوو دەیە ڕاوەستانی خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگە، ئەو بەستێنە بە حوزووری پێشمەرگە ئاوەدان بکاتەوە و لە لایەکی دیکەوە هەوڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستوپێوەندە ناوچەیی‌یەکانی دەربارە پەراوێزکەوتنی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پووچەڵ کاتەوە و جارێکی دیکە مەسەلەی کورد لەو بەشەدا بێنێتەوە نێو ڕۆژەوی سیاسی‌یەوە. هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا، بۆ ئەوەی خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی یەک ڕەهەندی بێتە دەر، گرینگی‌یەکی زیاتری بە خەباتی چالاکانی سیاسیی نێوخۆ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دا، کە لەو چەند ساڵەدا پانتایی‌یەکی بەرچاویان لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بۆ خۆیان تەرخانکردوە.

تێکۆشان لە بەستێنی خەباتی پێشمەرگانەدا دوای دوو دەیە ناوبڕ، جگە لەوە کە لە بواری تەداروکات، ڕێکخستنی پێرزۆناڵ و بارودۆخی نوێی ئەمنیەتی‌یەوە سەخت و دژوار بوو، لە بواری ڕاگواستن و هاتوچۆشدا بەسەرنجدان بە سنووورداربوونی ئیمکاناتی حیزب لە باشوور، ئەرکێکی قورس بوو. ئەگەر لێبڕاویی سیاسی و ئیمانی قووڵی حدک و قارەمانەتیی کادرو پێشمەرگەکانی نەبایە، ئیمکانی حوزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات بەسەرنجدان بە تەنگوچەڵەمەکانی سەر ڕێگا لە تراویلکەیەک زیاتر نەبوو.

دەگەڵ ئەوەی تێکۆشانی ئەوچەند ساڵەی پێشمەرگەی حدک، هیوا و هومێدێکی بەرچاوی بە بزووتنەوەکە بەخشیوە، بەڵام لە کەس شاراوە نیە کە درێژەدانی ئەم شێوازە لە ناردنەوەی تیمەکان، بەسەرنجدان بە بوونی ناوەندی حیزب لە باشوور و تەنگ و چەڵەمە قانوونی‌یەکانی هەرێمی کوردستان و باندۆرێک کە لەسەر پێوەندی‌یەکانی هەرێم و کۆماری ئیسلامی هەیەتی و دەیبێ، دوورەدیمەنی ئەو شێوە تێکۆشانە زۆر نادیارە. بۆیە ئەو قۆناغە لە رووی شکاندنی تەلیسمەکە دوای ناوبڕێکی زۆر، وەسەریەکنانی تاقیکاری و ناسیاوی ( شناخت)، شتێکی پێویست و زەروری بوو و دەکرێ وەک قۆناغێکی سەرەتایی بۆ هەنگاوگەلی دیکە لە داهاتوودا چاوی لێبکرێ. بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئاستی تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات بەجۆرێک بەرینە سەر کە وەڵامدەری قۆناغەکە و هەستی خەباتخوازانەی خەڵک بێ، لەلایەک بەسەرنجدان بە سنووورداربوونی توانایی حیزب لە دەرەوەی وڵات و لە لایەکی دیکە بەهۆی سنووورداربوونی نەوعی تێکۆشانەکە کە تێکۆشانێکی چریکی‌یە، ناتوانین لە هەموو توانایی و پۆتانسیەلەکانی نێو کۆمەڵانی خەلک بەجۆرێک کەڵک وەرگرین کە شیاوی ئەو قۆناغە لە خەباتبێ.

لە ڕاستیدا دوو هۆکاری بنەڕەتی تێکۆشانی دەستەکانی پێشمەرگە لەنێوخۆی وڵاتیان هەرچی زیاتر سنووردار کردووە: یەکەم هۆکاری نێوخۆییە کە دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و سیستەمی میلیتاریستیی کۆماری ئیسلامی. دووهەم هۆکار کە دەرەکییە، بوونی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی سیاسیی ناوچە وەک پشتی بەرەی ئەو خەباتەیە. کۆماری ئیسلامی لە نەبوونی جووڵانەوەیەکی بەهێز و کاریگەر، لە بەشەکانی دیکەی ئێران یان نەبوونی کێشەیەکی جیدی دەرەکیدا، گوشارە ئەمنییەتی، پۆلیسی و میلیتاریستییەکانی خۆی کۆکردۆتەوە سەر کوردستانی ئێران. کێشەیەک کە گەلی کورد دەکرێ بڵێین بەدرێژایی مێژوو لە کوردستانی ئێران بە تەنیایی دەست وپەنجەی دەگەڵ نەرمکردووە. ئەو بارودۆخەش پارسەنگی هێزی بەجۆرێک لە ئێران بە سوودی دەوڵەت گۆڕیوە و جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لە ڕۆژهەڵات خستۆتە پەراوێزەوە. بێگومان کۆی ئەو هۆکارانە شوێنەواری قووڵی لەسەر پێوەندیی خەڵک و پێشمەرگە وەک دوو فاکتۆری بنەڕەتیی ئاڵوگۆڕەکە داناوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەگەڵ ئەوەی توانیویەتی مافە نەتەوایەتییەکان و ئاسایشێکی باش بۆ کوردی باشوور دابین بکا، بەڵام بەهۆی ستاتۆی حکوومەتەکە کە فیدراڵییە و نەوعییەتی حکوومەتەکە کە کوردییە، هەروەها بە سەرنجدان بە فاکتۆری حەشیمەت، زەوی و موقعییەت، دیوارەکەی لە هەموو حکوومەتێکی دیکە بۆ ئەو وڵاتانەی کە خاوەن پرسی کوردن و یەک لەوان ئێران، نزمترە. ئەوە کە ئەو حکوومەتە لەو جۆغرافیایەدا، هەم باری ئابووریی خۆی بە بێ یارمەتیی دراوسێکانی ئیدارە بکات و هەم یارمەتیی جووڵانەوەی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان بدا، زۆر چەتوونە.

لەبەر ڕووناکیی ئەو ڕاستییەدایە کە تێکۆشانی دەستەکانی پێشمەرگە لەو چەند ساڵەدا، ئەگەرچی نەوعێک ڕچەشکێنی بووە و هەیە، بەڵام بەرهەمی ئەو شێوازە تیکۆشانە زۆر کەمتر لە بارستایی ئەو زەحمەت و دژوارییانە بووە کە هەتا ئێستا هاتۆتە سەر ڕێگای ئەو تیمانە. ئەگەر بمانەوێ شێوازی هەتا ئێستای تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە لەوە کە هەیە بەرهەمدارتربێ، پێویستمان بە پشتی بەرەیەک لە چەند شوێنی سنووری هەیە، کە هێزی پێشمەرگە وەک سەکۆیەک بۆ چوونەوە بۆ نێوخۆی وڵات کەڵکیان لێوەرگرێ و لە حاڵەتی زەروورەتدا بۆ حەسانەوەو بووژانەوە پەنای بۆبەرێ. لە نەبوونی پشتی بەرەیەکی ئەوتۆدا تێکۆشانی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات، زیاتر کورتخایەن و تیژتێپەڕ دەبێ و ئەو کارتێکەرییەی لێ بەدی نایە کە ئێمە و قۆناغەکە چاوەڕوانی لێدەکەین. ئەگەرچی پێکهێنانی پشتی بەرەیەک بۆ هێزی پێشمەرگە لە چەند شوێنی سنووری شتێکی ئیدئاڵە،

بەڵام بە سەرنجدان بە بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و دۆخی حیزب لە باشوور، ئەگەر لە حاڵی ئێستادا مەحاڵنەبێ، لانیکەم هاسان نیە. بۆیە لە نەبوونی ئیمکانێکی ئەوتۆدا ئاساییە کە حدک و هێزەکانی دیکەی رۆژهەلات بۆ درێژەدان بە خەبات بە دوای ڕێکاری دیکەی گونجاودا بگەڕێن.

بە سەرنجدان بەو هۆکارانەی سەرێ، بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلات بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی، لەبارەی شێوازی تێکۆشان و مێتۆدی خەبات لە رۆژهەلاتی کوردستان، لە هەمبەر وەرچەرخانێکی قووڵی فکریدان. ئەویش ئەوەیە کە دەگەڵ ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە نێو کۆمەلانی خەڵکدا خاوەنی خۆشەویستی و پرستیژێکی تایبەتە ، بەلام ئەوەی هێزی بزوێنەری خەبات و دینامیزمی ئاڵوگۆڕە هەر کۆمەلانی خەڵک خۆیانن. لەم قۆناغەدا بەرجەستەکردنەوەی ئەو ئەسڵە لە دوو بارەوە گرینگە. یەکەم: دوای ٣٥ ساڵ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، لە لایەک گەلی کورد لە رۆژهەلات باشتری ئەو رێژیمە ناسیوە و لە لایەکی دیکەوە زۆر باشتر لە رابردوو بە مافەکانی خۆی ئاشنا بووە. بۆیە ئەوەی پێی دەڵێن هەلومەرجی زەینی، بەتەواوی ئامادەیە و ئیمکانی ئەوە کە خەبات لە چوارچێوەی تەشکیلاتی رێکخراوەکان بێتە دەر و بە جەماوەری بکرێ، لە هەموو سەردەمێکی پێشوو زۆرترە. دووهەم: ئەو شێوەکارەی تا ئێستا بەرێوەمان بردوە ـ واتا شێوازی خەباتی چریکیی شاخ ـ جگە لەوە کە وا دەکا نەتوانین لە هەموو تواناکان و پۆتانسییەلە خەوتووەکانی گەلی کورد کە لەو ٣٥ ساڵەدا پەنگی خواردۆتەوە، کەڵکی پێویست وەرگرین، تێچووی سیاسی، ئابووری و ئینسانییشی لە بەرهەمەکەی زۆر زیاترە.

گواستنەوە لە خەباتی چریکیی شاخ بۆ خەباتی جەماوەری، بە هیچ شێوەیەک بە مانای دەستهەڵگرتن لە خەباتی چەکدارانە نیە. بەڵکوو خەباتی چەکدارانە پێویستە بە سەرنجدان بە باری میلیتاریستی زاڵ بە سەر رۆژهەلاتدا، لەلایەک پێویستە مۆدێرنتر بکرێ و لەلایەکی دیکەوە دەگەڵ دۆخی ئەمنییەتی لە کوردستان خۆی بگونجێنێ. بۆ ئەوەی بتوانین لە هەموو پۆتانسییەلەکانی گەل کەڵک وەرگرین، پێویستمان هەم بە باسکێکی نیزامی و هەم باسکێکی سیاسی هەیە. هەر دووک باڵەکە بە پاراستنی خودموختاری خۆیان، پێویستە لە ژێر رێنوێنی و سیاسەتی گشتیی حیزبدا کار و ئەرکەکانیان بەرێوە بەرن. ئەرکی باڵی نیزامی لەو قۆناغەدا ئەوە نیە کە بچێتە شەڕی نەفەرات و سەربازانی رێژیم، بەڵکوو ئەو باڵە بە سەرنجدان بە بارودۆخی سیاسی و ئەمنیەتیی وڵات، پێویستە شەرێکی وشیارانە و ئامانجدار کە دەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیم دەکاتە ئامانج، درێژە پێبدا.

ئەرکێکی دیکەی ئەو باڵە ئەوەیە کە دەگەڵ مۆرەکانی سەرکوت و بێزراو بەربەرەکانی بکا. ئەوەش لەدرێژەی خۆیدا دەبێتە هۆی شکاندنی ئەو کەش و تەلیسمە ئەمنیەتییە کە ڕێژیم لە کوردستان زاڵی کردوە و لە ئاکامدا زەمینەکە بۆ هاتنە مەیدانی خەڵک و خەباتی جەماوەری خۆشتر دەکا.

لە ژمارە ٦٧١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٦

---

## لە پەراوێزی خەباتی پێشمەرگانەدا

دوای شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی ئەمساڵی پێشمەرگەکانی حدکا و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە بوو بەهۆی کوژران و بریندار‌بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هەردووک لا، پرسی خەباتی چەکدارانە بەگشتی و خەباتی پێشمەرگانە بەتایبەتی جارێکی دیکە هاتە نێو رۆژەڤی سیاسی و، بوو بە جێگای باس و مناقشەی ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی. ئەوەی کە زیاتر بۆتە هۆی هاتنەگۆڕی ئەو باسانە زیانی بەرچاوی ئەمساڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕ و تێکهەڵچوون دەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم دایە. ئەوەش هێندێک پرسیاری سەرەکی لە بەردەم هێزەکانی کوردی رۆژهەڵاتدا زەق دەکاتەوە، کە گەلۆ هۆکار یان هۆکارەکانی زیانی بەرچاوی پێشمەرگە لەو شەڕانەدا چین؟ ئایا خەسارەتی بەرچاوی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ پشتیوانی نەکردنی خەڵک لە پێشمەرگە یاخود ئاگانەبوونی پێشمەرگە لە بارودۆخی نیزامیی کوردستان؟ یان بەگشتی ئەوە خەباتی پێشمەرگانەیە کە وڵامدەرەوەی بارودۆخی ئێستا نیە؟

گومان لەوەدا نیە کە ناکرێ هێزی پێشمەرگە لە بواری چەندی و لە رووی ئەو چەکوچۆڵ و ئیمکاناتەی کە بەدەستیەوەیەتی دەگەڵ ئەرتەشێکی زەبەلاح و پوشتەوپەرداخ بە ئیمکاناتی تەداروکاتی و لۆجستیکی زۆروزەوەند بەراورد بکرێ. بەڵام خاڵی بەهێزی پێشمەرگە لە شەڕێکی ئاوا نابەرابەردا، لە لایەک پشتیوانیی کۆمەڵانی

خەڵک و لە لایەکی دیکەوە شارەزایی( شناخت ) لە سەر بارودۆخی نیزامی و جۆغرافیایی کوردستانە. دیارە ئاستی خاراوی(رزمی) بوونی پێشمەرگە یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ و بالانسی شەڕ بە سوودی پێشمەرگە بگۆڕێ.

پشتیوانیی خەڵک لە پێشمەرگە هۆکارێکی بنەرەتی‌یە کە تای تەرازووەکە لە شەڕێکی ئاوا نابەرابەردا بە سوودی پێشمەرگە دەگۆڕێ، لەو بارەوە دەکرێ بڵێین خەڵکی کوردستان هەمیشە خۆیان بە پشتیوانی پێشمەرگە زانیوە و پێشمەرگە بۆتە کولتوورێک و لە ناخیاندا چێندراوە. بەڵام لە لایەک نەبوونی پێشمەرگە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە لە نێو خەڵکدا و، هاوهەنگاو دەگەڵ ئەوە پەرەگرتنی سیستمی سیخوڕی و پۆشتەو پەرداخ بوونی ئەو سیستمە بە ئامرازەکانی مۆدێرنی پێوەندی گرتنەوە، کارێکی وایکردوە کە خەڵک بکەونە ژێر چاوەدێری وردی دەزگاکانی ئەمنی‌یەوە و ئەوەش تێکەڵاوی خەڵک و پێشمەرگەی هەتا رادیەکی زۆر سنووردار کردوە. ئەو سنووردار بوونەش بمانهەوێ و نەمانهەوێ شوێنەواری نیگاتیڤی لە سەر تێکۆشانی پێشمەرگە داناوە.

بێجگە لەو گرفتانەی کە لە سەرێ باسمان کرد، بۆ درێژەدان بە خەباتی چەکداری بە شێوازی پێشمەرگانە، بەر لە هەموو شتێک پشتی‌بەریەک پێویستە. پشتی‌بەریەک کە لە دەیەی ٦٠ و ٧٠دا دەورێکی کاریگەری لە سەر گەشە و درێژەی خەباتی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو. بەڵام دوای دەیەی ٧٠ کە هێزە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵات ناچار بوون کە لە بناری قەندیل بێنەخوار و لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان جێگیر بن، ئاسۆی خەباتی چەکدارانە بە شێوەی پێشمەرگانە لێڵ بوو و دەکرێ بڵێین کە ئەو خەباتە هەتا رادیەکی زۆر ئاستەنگ بوو.

ناردنەوەی تیمەکانی پێشمەرگە لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان بەرەو سنوورەکانی هەردووک بەشی کوردستان، بێجگە لەوەی‌کە لە بواری تەداروکاتی و راگواستن و هاتوچۆوە بە سەرنجدان بە سنوورداربونی دەسەڵاتی رێکخراوە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان سەخت و دژوارە، لە رووی یاساییشەوە باندۆری لە سەر پێوەندی‌یەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی هەیە. بێجگە لەوەش خودی ئەو جموجۆڵ و راگواستنەش ناتوانێ لە چاوی سیخوڕ و دەزگاکانی ئەمنیی کۆماری ئیسلامی کە کوردستانی ئێراقیان تەنیوەتەوە نادیار بێ.

گرفتی بنەڕەتیی پێشمەرگە بۆ چوونەوەی نێوخۆی وڵات هەر بەتەنیا لەو سەرەوە نیە کە بە حەوتخانی ڕۆستەمدا تێدەپەڕێ، بەڵکوو کێشەی بنەڕەتی لێرەوە دەست پێدەکا کە پێشمەرگە پێی دەنێتە سەر خاکی کوردستانی ئێران. دوای ئەوەی پێشمەرگە دەچێتەوە نێوخۆ دەگەڵ رایەڵوپۆی سیستمی جاسوسی راوەدوونانی هێزەکانی رێژیم رووبەڕوو دەبێ. ئەم بارودۆخە هیزی پێشمەرگە ناچار بە جووڵەیەکی زۆر و لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ئەمنییەتی زۆر دەکا. هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەویکە پێشمەرگە نەتوانێ بەو جۆرەی پێویستە لە نێو خەڵکدا حزوور پەیدا بکا. پاراستنی لەرادەبەدەری بارودۆخی ئەمنییەتی، خەباتی پێشمەرگە بەرەو خەباتێکی بەتەواوی چریکی دەبا.

دووپات و چەندپاتبوونەوە و چاوەدێری و راوەدوونان - لە نەبوونی پشتیبەریەکدا- کاری پێشمەرگانە سەختتر دەکا و لە حاڵەتی تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی رێژیم تووشی زەحمەتی زیاتر دەبێ. بۆ نموونە ئەگەر پێشمەرگە برینداریکی سووکیشی دابێ - لە نەبونی پشتیبەرە - توشی دژواریەکی زۆر و بارێکی گران دەبێ.

لە راستیدا فەلسەفەی چوونەوەی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات ئەویە کە بتوانێ لە نزیکەوە دەگەڵ خەڵک پێوەندی بگرێ و ئەوان هان بدا کە لایەنگری لە جووڵانەوە بکەن. بەڵام بارودۆخی نیزامی و ئەمنییەتی لە کوردستان و نەبوونی پشتیبەرەیەک بۆ حەسانەوە، جەولەکانی پێشمەرگە کورتخایەن و تیژتێپەڕ دەکا و لەوانەیە کاریگەریی دڵخوازی نەبێ. لەبەر رووناکی ئەو راستیە دایە کە دەگەڵ ئەوەی چوونەوەی دەستەکانی پێشمەرگە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لەو قۆناغەدا نەوعێک رەچەشکێنیە، بەڵام (بەتایبەتی لە حاڵەتی رەچاو نەکردنی رێوشوێنەکانی شەڕی چریکی) تێچوویەکی زۆرت بە سەردا دەسەپێنێ.

دوو فاکتۆری بنەڕەتیی تێکۆشانی پێشمەرگەی هەرچی زیاتر لە نێوخۆی وڵات سنووردارکردوە: فاکتۆری یەکەم نێوخۆیە کە خۆی لە زاڵبوونی دیکتاتۆری و سیستمی میلیتاریستیی رێژیم لە کوردستان دەبینێتەوە. فاکتۆری دووهەم بوونی هەرێمی کوردستان لە سەر نەخشەی سیاسیە کە قەرارە ببێتە پشتیبەرەی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵات. لە نەبوونی بەدیلێکی کاریگەر و بەرئەنداز و یان جووڵانەویەکی بەهێزی ناوچەیی لە بەشەکانی دیکەی ئێران و یان نەبوونی کێشەیەکی جیددی دەرەکی، گوشارەکانی سەربازی و ئەمنییەتی رێژیم کۆبۆتەوە سەر کوردستانی ئێران. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، بە هۆی ستاتۆی ئەو حکوومەتە کە فیدڕالیە و نەوعییەتی حکوومەتەکە کە کوردیە و هەروها بەسەرنجدان بە فاکتۆری حەشیمەت و زەوی و هەڵکەوتی جوغرافیایی، دیواری

ئەو حکوومەتە لە هەموو حکوومەتەکانی دیکە زیاتر بۆ ئەو وڵاتانەی کە خاوەن پرسی کوردن و یەکلەوان ئێران نەویترە. بۆیە چاوەڕوانیەکی ئەوتۆ کە ئەو حکوومەتە لەو جۆغرافیایەدا هەم باری ئابووریی خۆی بەبێ یارمەتی دراوسێکانی هەڵسووڕێنێ و هەم ببێتە پشتیبەرەی جووڵانەوەی کورد لە ئیران نادروستە.

سەرجەمی ئەو بارودۆخە نێوخۆیی و دەرەکیانە بمانهەوێ و نەمانهەوێ هاوکێشەکەیان بەسوودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و زیانی جووڵانەوەی کورد لە ئێران بەگشتی و خەباتی پێشمەرگانە بەتایبەتی تا رادیەکی زۆر گۆڕیوە.

بەڵام مەرج نیە کە ئەو گۆڕانکاریانە دایمی بێ و هەتا سەر جووڵانەوەی کوردی ئێران ئاوا بکەوێتە نێوان دوو بەرداشەوە. ڕێژیم هەرچەند وادەنوێنێ کە لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا بەهێزە، بەڵام بە سەرنجدان بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و دارووخانی دامودەزگاکانی لە فەسادی ئیداریدا و هەروها ئاستی بێزاری خەڵک و نەتەوەکانی ئێران لەو ڕێژیمە، دەکرێ پێشبینی بکرێ کە لە ئایندیەکی نەزۆر دووردا ئەو هاوکێشانە گۆڕانیان بەسەردا بێ و جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش لەژێر زەبر بێتەدەر و گوشارەکانی لە سەر کەم بێتەوە. ئەودەمە کە پێویستە هێزی پێشمەرگە لە سەر بنەڕەتێکی گونجاو و دروستتر ڕێکبخرێتەوە و دەورێکی زیاتر لە جووڵانەوەی کورددا ببینێ. بەڵام هەتا کرانەوە و دەرفەتێکی لەبارتر، بزووتنەوەی کورد و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی، پێویستە کە تەرکیزی زیاتر بخەنە سەر خەباتی جەماوەری. واتە وێڕای ئەوەی کە حزووری پێشمەرگانە لە نێو خەڵک نادیدە ناگرن و بە گوێرەی توانا ئەم رەهەندەی خەباتیش راناگرن، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرج و هاوکێشەکان گرینگی زیاتر بە رەهەندی مەدەنی و جەماوەریی خەبات دەدەن. ئەو خەباتە جگە لەوی‌کە کەمتێچووترە، لە لایەک بە سەرنجدان بە هەلومەرجەکە کاریگەریی زیاتری هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە دەور و نەقشیکی زیاتر دەداتە کۆمەڵانی خەڵک کە هێزی بزوێنەری خەباتەکەن. لەو قۆناغەدا بەرجەستەکردنەوەی ئەو شێوازە لە تێکۆشان لە دوو بارەوە گرینگە: یەکەم) دوای تێپەڕینی ٣٧ ساڵ لە عومری دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان باشتریان ئەو ڕێژیمە ناسیوە. دووهەم) لە سەر بنەمای ناسین و چێژتنی دیکتاتۆری باشتر بە ئەرکەکانی خۆیان ئاشنا بوون و لەو بارەوە ڕێکخراوپەزیرترن. واتا ئەوەی پێی دەڵێن هەلومەرجی عەینی و زەینی ئەمڕۆ باشتر لە هەمیشە ئامادیە.

بەڵام گرینگی‌دان بە خەباتی جەماوەری بە مانای دەستهەڵگرتن لە خەباتی چەکداری نیە. هەتا ئەوکاتەی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە زمانی گولله وەڵامی داخوازیەکانی گەلی کورد دەداتەوە، خەباتی چەکداری یەکێک لە ڕێگاکانی بەربەرەکانیە دژی ئەو ڕێژیمە. بەڵام دەکرێ ئەو خەباتە لە جیاتی ئەوەی لە شاخ بەدەستی پێشمەرگە بەرێوەبچی، لە لایەن خودی خەڵک و لە نێو خەڵکدا بەڕێوە بچێ. بۆ ئەوەی بتوانین لە هەموو پتانسیەلە خەوتووەکانی گەل کەڵک وەرگرین، هەم پێویستیمان بە باڵێکی سیاسی هەیە و هەم بە باڵێکی نیزامی. ئەرکی باڵی نیزامی لەو قۆناغەدا ئەوە نیە کە بچێتە شەڕی نەفەراتی ڕێژیم. بەڵکوو ئەو باڵە بە وەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ئەمنییەتی، پێویستە شەڕێکی حیساببۆکراو و وشیارانە لەدژی ناوەندەکانی ئەمنییەتی، ئابووری و سیاسیی ڕێژیم بەرێوەببا. ئەرکێکی دیکەی ئەو باڵە، لە سەر ڕێگا لابردنی مۆرەکانی سەرکوت و بەدناوە. ئەوکارە لە درێژەی خۆیدا دەبێتە هۆی تێکشکاندنی ئەو کەش و تەلیزمە ئەمنییەتیەی کە ڕێژیم بە هۆی دەزگاکانی ئەمنییەتی بەسەر خەڵکیدا سەپاندوە. لە ئاکامی ئەوەدا کۆمەڵانی خەڵک بەرەبەرە ترس و خۆفیان لێدەرەویتەوە و ڕێگا بۆ هاتنە مەیدانیان خۆشدەبێ.

ئەو وتارانەی لە بیروڕای ئازاددا بڵاو دەبنەوە تەنیا هەڵگری بیروبۆچوونی نووسەرەکانیانە.

لە ژمارە ٦٨٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦

---

## ریزبەندی یە سیاسی یەکان و داهاتووی مەسەلەی کورد لە سوریە

بەرلە ڕوودانی کوودتاکەی مانگی ژووئیە - پووشپەڕی ئەمساڵی تورکیە، نێوانی حکوومەتی ئاکەپە لە لایەک دەگەڵ ئەمریکا بە هۆکاری سەرەڕۆیی و سەربزێویە سیاسیەکانی ئەردۆغان لە ناوچەدا و هەم دەگەڵ ئورووپا بە هۆی هەناردنی سێڵاوی پەنابەران بۆ ئەو قارەیە بەرەو ساردیەکی زۆر چووبوو. کەمێک پێش ڕوودانی کوودتاکە پارلمانی ئاڵمان لە هەڵوێستێکی مێژوویی‌دا قەتلوعامی ١٩١٤ی ئەرمەنیەکانی وەک ژێنوساید لەقەڵەم دا.

ئەوەش پێوەندی ئاڵمان وەک دڵی ئورووپای دەگەڵ تورکیە گەیاندە جێگایێک کە کاتێک هەیئەتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان ویستی سەردانی پێرسۆنێلی وڵاتەکەی لە ئینجرلیک بکا، لە لایەن تورکیەوە ڕێگای پێ نەدرا.

کاتێک کوودتاکە رووی دا رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی یەکدابەدوو نەهاتنە سەرخەت بەو جورەی تورکیە دەیهەویست، لێیگەڕان کە کێشەکە بە لایەکدا بکەوێ و پاشان هەڵوێستی خۆیان دەربڕێ. ئەوەش بە روونی نیشانی دا کە ئەگەر رۆژئاوا بۆخۆی لە پشتی کوودتاکە نەبووبێ لانیکەم لەدژی نەبووە. کێشە و ناکۆکییەکانی پێشوو دەگەڵ رۆژئاوا و شێوازی هەڵوێست گرتنیان لەسەر کوودتاکە بوو بە هۆی ئەوەیکە داشی سیاسیی تورکیە بەرامبەر بە رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی سواربێ. ئەوە بوو کە ئەردۆغان لە وەرچەرخانێکدا دەراوی خۆی و حکوومەتەکەی بەرامبەر بە رووسیە پاکردەوە و، بە ئەمریکای نیشان دا کە ئامادەگی مامەڵەی دەگەڵ رووسەکان لەسەر کەیسی سوریە هەیە.

ئەو وەزعە ئەمریکای ناچار کرد بۆ ئەوەی تورکیە لە باوەشی رووسیە نەکەوێ و پارسەنگی هێز لە سوریەدا ئەوەندەی دیکە بە سوودی رووسیە و ئەسەد نەشکێتەوە، مل بۆ داواکاری چەند ساڵی رابردووی تورکیە سەبارەت بە لەشکرکێشی بۆ نێو خاکی سوریە و گرتنی جرابلۆس راکێشێ. تورکیە بەو کارەی دوو ئامانجی سەرەکی پێکا، یەکەم بە حزووری خۆی لەسەر سنوورەکانی کوردستان، ڕێگای لکاندنی کانتۆنی عەفرین بە کۆبانی ئاستەنگ دەکات و لەو ڕێگایەوە پێش بە سازبوونی یەکەیەکی جۆغرافیی کورد لە رۆژئاوا دەگرێ. دووهەم ئامانجی ئەویە کە رۆڵ و دەوری یەپەگە لە هەوڵبەندی نیزامیی ئەمریکادا لاواز بکا و ئەگەر بکرێ پێگەی هەتا ئێستای لێ وەرگرێتەوە و خۆی ببێتە بەدیلی نیزامی و ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

دیاریکردنی جەمسەربەندییەکان لە سوریەدا لە لایەک بەو هەمووە ئەکتەرە ناوچەیی و جیهانییەوە دژوارە و لە لایەکی دیکەوە دژوارتر لەوەش ئەویە کە جەمسەری باڵادەست بە سەرنجدان بە بەربڵاویی رووبەری شەڕ دەستنیشان بکرێ. ئەگەر هەموو لایەنەکانی ورد و درشتی شەڕ لە خوارێڕا هەتا سەرێ، لە ئیسلامێ توندئاژۆڕا هەتا ئیسلامی میانەڕەو و هێزە عیلمانییەکان، کە هەرکامەیان راستەوخۆ و ناراستەخۆ بە جۆرێک بێ ئەوەی بیانهەوێ لە هەوڵبەندییەک دان، کۆکەینەوە و هەڵیانەوێرین، دەکرێ لە دوو جەمسەری گەورەتری رووسیە و ئەمریکادا کۆیان بکەینەوە. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە قەیرانی سوریە بە چ ئاقارێکی دیکەدا لە داهاتوودا تێدەپەرێ،

لە حاڵی حازردا ئەوەی شڤڵ لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سوریە دەدا، سێکوچکەی ڕووسیە، ئێران و ڕێژیمی ئەسەدن.

ئەو سێکوچکەیە هەم لە ڕووی ئامانجە درێژخایەنەکانەوە و هەم لە ڕووی تاکتیکی سەربازیەوە یەکانگیر و یەکپارچەن و لە مەیدانی کردەوەدا وەک یەک دەجووڵێنەوە. میحوەری ئەمریکا کە لە کوردەکان، تورکیە و هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی سوریە پێکدێ، هەم لە ڕووی ئامانجە سیاسی و ئەجێنداکانەوە لێک دوورن و هەم لە ڕووی ئامانجە سەربازیەکانەوە ناتەبان. ئەمریکا نە دەتوانێ بە تەواوی لەسەر کوردەکان و نە لەسەر تورکیە و نە لەسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن - بەسەرنجدان بە تێوەگلانی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بناژۆیی ئیسلامی - حیسابێکی دوور و درێژ بکاتەوە. تورکیە و ڕۆژئاوا هەرچەند بەرواڵەت لە جەمسەری ئەمریکا دان بەڵام لە ڕووی بەرژەوەندی و ئەجێنداوە نەک هەر لێک دوورن تەنانەت دژی یەکتریشن. هێزە ئاماڵدێموکراتیکەکانی سوریەش بە هۆی پشتیوانی نەکردنیانەوە لە رابروودا لە لایەن ئەمریکاوە و سەرکوتی توندی ڕێژیمی ئەسەد، ریزەکانیان تووشی گۆڕانکاریی ئیدئۆلۆژیکی بە سوودی بناژۆی ئیسلامی بوون، بە جورێک کە نە دەتوانن بەسەر ریزەکانی خۆیاندا زاڵ بن و نە بۆیان دەکرێ ریزی خۆیان لە باقی لایەنە توندڕەوەکانی ئیسلامی جیابکەنەوە. ڕووسەکان هەر لەو کاتەدا کە لەسەر مێزی وتووێژ بۆ کۆتایی پێهێنان بە شەڕ دەگەڵ ئەمریکا دادەنیشن، ئەفسەران و سەربازانی ڕێژیمی ئەسەد قاوغی تفەنگ و تۆپ و تەیارەکانیان پڕ دەکەن لە تەقەمەنی و نەخشەی شوێنی داهاتووی شەڕ دەرێژن. فێڵێک کە ڕووسەکان لە ڕەوتی قەیرانی ئۆکراینیشدا بەردەوام کەڵکیان لێ وەرگرتوە. ئەوانە هەمووی بۆتە هۆی ئەوەکە لە مەیدانی کردەوەدا سێکوچکەی ڕووس، کۆماری ئیسلامی و ئەسەد ئیپتیکاری سەربازی و سیاسی لە سوریەدا بەدەستەوە بگرن.

تێوەگلانی ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوریە لە بناژۆیی ئیسلامی و نیزیکی ئەو هێزانە دەگەڵ بەرەی نوسرە و ئەلقاعیدە، لەسەر مێزی وتووێژی ڕووسیە و ئەمریکاشدا گرفتی جیدی پێکهێناوە. لە حالێکدا ئەمریکا داوا لە ڕووسیە دەکات کە ڕێژیمی ئەسەد لەژێر گوشار بنێ کە ئۆپۆزیسیۆنی ئاماڵدێموکراتیکی سوریە بۆمباران نەکات، ڕووسیەش مەرجی بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە دەبێ ئەو هێزانە سەفی خۆیان لە باقی هێزە توندئاژۆکان جیا کەنەوە. داوایەک کە لە لایەک لە لایەن ئەمریکاوە بەدیهاتنی دژوارە و هەم بۆتە بەهانەیەک بەدەست ڕووسیە و ئەسەدەوە کە شەڕەکە دژی دژبەران بەبێ جیاوازی درێژە پێبدەن.

پێشبینی ئەوەکە قەیرانی سوریە چەند ساڵی دیکە دەکێشێ و بە چ ئاقارێکی دیکەدا تێدەپەڕێ کارێکی دژوارە و لەوەش دژوارتر ئەوەیە کە بزانین مەسەلەی کوردی رۆژئاوا کە ئێستا ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەری هەیە، لەو دوو جەمسەربەدندی‌یە بنەڕەتی‌یەدا چ حیسابێکی بۆ دەکرێ؟ دەگەڵ ئەوەی خەباتی کوردی رۆژئاوا لەدژی داعش و باقی هێزە توندئاژۆ ئیسلامی‌یەکان، پێگەیەکی باشی سیاسی پێداون، بەڵام دژایەتی سێ دەوڵەتی تورکیە، ئێران و سوریە کە هەرسێکیشیان بە دوو جەمسەری ئەسڵی بڕیاربەدەست واتا رووسیە و ئەمریکاوە وەسڵن - ئەگەر دژایەتی ئۆپۆزیسیۆنی سوریەشی بخەینە سەر - دەگەینە ئەو ئاکامە کە داهاتوو و چارەنووسی رۆژئاوا لەژێر تەمومژ دایە.

سیناریۆی یەکەم ئەویە کە بەرەی رووسیە لە داهاتووی سوریەدا باڵادەست بێ. لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا رووسیە ناچارە کە بەرژەوەندیی دوو شەریکە ئەسڵی‌یەکەی واتا ئێران و رێژیمی ئەسەد سەبارەت بە مەسەلەی کورد لەو وڵاتە وەبەرچاو بگرێ. سیناریۆی دووهەم ئەویە کە بەرەی ئەمریکا باڵادەست بێ، هەم دیسان ناتوانێ بەرژەوەندیی تورکیە و ئۆپۆزیسیۆنی سوریە سەبارەت بە مافەکانی کورد لە سوریە نادیدە بگرێ. سیناریۆی سێهەم ئەویە کە دوو جەمسەرە ئەسڵی‌یەکەی شەڕ واتا ئەمریکا و رووس لەسەر داهاتووی سوریە رێکبکەون، کە لە حاڵەتێکی ئەوتۆشدا سەبارەت بە مافەکانی کورد شتێک ناگۆڕێ بەڵکوو لەوانەیە دوورەدیمەنەکە خراپتریش بێ. بەو مانایە لای تەرازووی دژەکورد و مافەکانی بە کەوتنەسەریەکی دژبەرانی کورد قورستر دەبێ. تەنیا دەمێنێتەوە سیناریۆی درێژەی شەڕی نێوخۆیی و نەبوونی ئیستقرار. لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا بە هۆی ئەوی‌کە کوردەکان لەسەر ئەرزی واقیح هێزێکی تۆکمە و کاریگەرن، پێویستە خۆیان بە جۆرێک رێک بخەن کە لە رووی سیستمی پلۆرالیستی‌یەوە بۆ ئیدارەی خۆیان وێنەیەکی باش پێشانی جیهانیان بدەن و بەجۆرێک دیکۆراسیۆنی سیاسی‌یەکەیان دەستکاری بکەن کە خۆیان لە بازنەی ئەمنییەتی ناوچەیی دەربهێنن و دەرگاکانی دیپلۆماسی جیهانی بەسەر خۆیاندا بکەنەوە.

لە ژمارە ٦٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بەڵگەنامەکانی شۆرای دێمۆکراسیخوازانی ئێران

### شەیتان پەلەی کرد چاوێکی کوێر بوو

هەر وەک هەمووان ئاگادارن لە دوێنێوە شەپۆلێکی هێرش و بوختان بۆ سەر هێزە کوردییەکان و زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدێراڵ کە لە کۆنفرانسی شۆرای دێمۆکراسیخوازانی ئێران بەشدارییان کردبوو، بە شێوەیەکی دوژمنکارانە و بە بێ زانیاری ورد و ئاگاداری لە چۆنییەتی پرۆسەی پێکهاتنی ئەم کۆنفرانسە دەستی پێ کردووە. من وەک نوێنەری کۆمەڵە لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بە پێویستم زانی ڕوونکردنەوەیەک لە مەڕ ئەم بابەتە بخەمە بەردەم خوێنەرانی بەڕێز.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بە پێی نەریتی هەر ئیتحادێک بە درێژایی ١٢ ساڵی ڕابردوو هەوڵمان داوە کە بە شێوەیەکی سەردەمیانە و دیالۆگێکی ڕاشکاو و بێ گرێ و گۆڵ بکەوینە گفتگۆ و لێکتێگەیشتن لەگەڵ لایەنە دێمۆکراسیخواز و ئازادیخوازە ئێرانییەکان و بۆ ئەم مەبەستە دەیان کۆبوونەوە و سەدان سەعاتمان وتووێژ لەگەڵ لایەنگەلی جۆراوجۆر کردووە. بەداخەوە هەتا پێش گیرانی ئەم کۆنفرانسە زۆر نەبوون ئەو لایەنانەی کە ددان بە سەر فێدێرالیسم و فرەنەتەوە بوونی ئێران دا بنێن و وەک هەمووان ئاگادارن لە هەموو ئەو ساڵانە دا کۆماری ئیسلامی کەڵکی لەم بارودۆخە وەرگرتووە.

٦ ساڵ لەمەوبەر و دوابەدوای پێشنیاری جەبهەی دێمۆکراتیکی ئێران و چەند لایەنیتر، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدێراڵ کەوتە دیالۆگ لەگەڵ ئەم لایەنانە و دەرئەنجامەکەی بوو بە کۆنفرانسێک لە ساڵی ٢٠١١ لە شاری کۆڵنی وڵاتی ئاڵمان و لەسەر کۆمەڵێک خاڵی کە ئەمڕۆ لەسەری بە تەوافوق گەیشتووین، ئەوکات نەمانتوانی بە ئەنجامێکی ئەرێنی بگەین و ئەم هەوڵانە شکستی خوارد و بۆ چەند ساڵ هەوڵەکان ڕاوەستا. لە ٢ ساڵ لەمەبەرەوە دیسان هەوڵەکان لە نێوان چەند لایەنێکی کۆنگرەی نەتەوەکان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ٣ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری دەستی پێ کردەوە و ئەم جارەیان زۆر بە باشی چوونە پێش و بە دەرئەنجامی زۆر باش گەیشتن. دوابەدوای ئامادە کردنی گەڵاڵەیەکی پێشنیاری ئەم چەند لایەنە و پێشکەشکردنییان بە ئێمە (کۆمەڵە)

و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەم گەڵاڵەیە لە لایەن هەردووک ڕێبەری ئەم دوو جەریانەرا تاوتوێ کرا و ئێمە چەند خاڵ و حدکاش چەند خاڵێکیان پێشنیار کردو لێمان قەبووڵ کراو هەردووک لامان لەسەر ناوەرۆکەکەی هیچ کێشەمان نەما. ئەو ڕێککەوتنەی کە لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا بڵاو کراوەتەوە بریتی نییە لە قەتعنامەی کۆتایی کۆنفرانسی ١٨ - ١١ - ٢٠١٧ کە بە ئەنقەست و بێ پرنسیپانە دەست بردراوەتە ناو ناوەرۆکەکەی و هەندێک وشەی مەبەست داری بۆ هەڵخڕاندن و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر لێ زیاد و کەم کراوە.

بۆنموونە لە هیچ بەندێکی ئەم ڕێککەوتنە نە پێشتر و نە ئێستاش نەنووسراوە کە ئێعتقادمان بە یەکریزی خاکی ئێران هەیە، بەڵکوو نووسراوە یەکریزی خاکی ئێران پەیوەندی بە ڕەعایەتی مافی نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتەوەیە. بۆ ئاگاداریتان ئەم خاڵە کاتێک زیاد کرا کە باسی ڕێفراندۆمی کوردستانی باشوورهاتبووە بەر باس و ئیمە مۆراجێعەمان بە قانوونی عێراقی کرد، کە دەڵێ لە کاتێک دا خاکی عێراق دەپارێزرێ کە مافی کەمایەتییەکانی تێدا ڕەچاو بکرێت. لە خوارەوە دەقی ئەو ڕێککەتنەتان پێشکەش دەکەم. (سەنەدی ژمارە ١)

***یەکەمیان*** باسی یەکپارچەی خاکی ئێرانە. سیاسەتی ڕەسمی ئێمە و زۆربەی هەرە زۆری هێزە کوردستانییەکان بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە، ئێرانێکی فێدراڵی دێمۆکراتی سێکولارە کە ئەمەش بە ڕاشکاوی لە هەر دووک بەڵگەنامەکانی کە پێشکەشتان کراوە دا هاتووە. لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە تەنیا ڕێگەی بەدەست هێنانی مافەکانمان یەکدەنگی و یەکدەستی و هاوهەڵوێستی نێو ماڵی کورد و ئیرادەی خەباتکارانەیەتی و ساڵەهاشە هەوڵی بۆ دەدەین.

***دووهەم*** باسی زمانی فارسی. ئەم دەقە باس لە ڕەسمیەتی زمانی فارسی ناکات و دەڵێت کە زمانی فارسی زمانی پەیوەندی نێوان دانیشتوانی ئێرانە. یانی وەک کەرسەیەک بۆ پەیوەندی کردنی دانیشتوانی جۆغرافییای ئێران کەڵکی لێ وەردەگیرێت و هیچ ئیمتیازێکی زیادی لە زمانەکانی تری پێ نەدراوە و هەموو زمانەکانی تری نەتەوەکانی ئێرانیش وەک یەک بە ڕەسمی دەناسرێت. لە دەقە ساختەکەی کە بڵاو کراوەتە بە ئەنقەست هەوڵ دراوە کە بە هێنانی دەستەواژەی زمانی فارسی زمانی ڕەسمی ئێرانە ئەسلی دەقەکە تەحریف بکرێت.

***سێهەم.*** لە دەقە ساختەکەدا بەندی دووی ڕێککەوتنەکە دیسان چەواشە کراوە و بە ئەنقەست ئەو بەشەی کە باس

لە بە ڕەسمی ناسینی حەقی دیفاعی مەشروع بۆ نەتەوەکان دەکات حەزف کراوە.

هەموو ئەوانە دەکرێ زۆر زیاتریان لەسەر بدوێین بەڵام هەر تەنیا ئەوەندە بە کافی دەزانم بۆ ئەو ئاستە لە ڕەخنە.

## بێمەوە سەر مێژووی ئەو کۆنفرانسە

بەداخەوە دوای بەینێک هاوڕێیانی حدکا کە قەرار بوو نوێنەر بنێرن بۆ ئەوێ، بە هۆکارگەلێکی کە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە ناوەرۆکی بڕیارنامەکە و خاڵەکانی نوبوو، لە ئاخر ساتەکاندا لە بەشداری پاشگەز بوونەوە. هۆکاری ئەم پاشگەزبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گرفتی هاوکاری نێوان حیزبە کوردیەکان.

ئەوەی کە ئێستاش لەبەر دەستمان دایە کۆنفرانسێکی سەرکەوتووە کە لەوێ دا هەم باسی چاک و پڕناوەرۆک و لە قازانجی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دا ورووژاوە و هەم قتعنامەیەکی باش و جێگەی مۆراجێعە پێکردن لە داهاتووی ئێرانێکی ئازاد دا نووسراوە و هەر بەو هۆیەشەوەیە کە بەشی هەرە زۆری حیزبە نەتەوەییەکان دەقەکەیان پەسەند کردووە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

---

## خوێندنەوێک بۆ پرسی ڕێفراندۆم و ڕووداوەکانی دوایی

پاش هاتنەوەی ئەرتەشی ئێراق بە چاووساغی لایەنێکی ناوو یەکێتی، پرسی هەڵە بوون یان نەبوونی ڕێفراندۆم هاتۆتەوە ناو ڕۆژەوی سیاسیەوە. تاڵی ڕوداوەکانی دوای ڕێفراندۆم وایکردوە کە بەشێکی بەرچاوی ئەو خەڵکەی کە بە پێشوازی لە ڕێفراندۆم چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان یان پاشگەز بوبێتنەوە یان بەجۆرێک بێ هیوا بوبن. ئەگەر دوور لە دەمارگرژی سیاسی و بە شێوێکی واقعبینانە چاوو لە مەسەلەکە بکەین، بەو ئاکامە دەگەین کە پاش تێکشکانی داعش لە موسڵ و شوێنەکانی دیکەی ئێراق، دەوڵەتی ئێراق بە گشتی و حەشدی شەعبی بە

تایبەتی، بە دنەدانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک غەرە ببوون کە بە هەموو حیسابێک ئامانجی سەرەکیان سنووردار کردنی چوارچێوە و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بوو. و واوێدەچوو کە هێزی حەشدی شەعبی بە جۆرێک غەرە بووبێ کە یەکەم گوڵە لە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان بتەقێنێ. ئەو ئامانجەش لە ڕێگای لێدوانە فەرمی و نافەرمی دەستوپێوەندەکانی حەشد و دەوڵەتی ئێراق پشت ڕاست دەکرایەوە. لەو بارەوە تەنیا ڕەنگبێ یەک شت توانیبای تۆزێک ئەو شەڕفرۆشیەی وەدوایە دابا. کە ئەویش ئەوە بوو کە دەبوو سەرکردایەتی کورد بەو مەرجە بچێتە ناوو شەڕی مووسڵەوە کە زەمانەتێکی بۆ دوارۆژی کورد لە هاوپەیمانان سەبارەت بە دەوڵەتی نویەی ئێراق وەرگرتبا، کە ئەویش یان نەکرا یان نەلوا.

کەوابوو هێنانە گۆری ڕێفراندۆم لەلایەن بەشێک لە سەرکردایەتی کورد، نەوعێک هەڵاتن لە قەیران بۆ پێشەوە بوو کە زوو یان درەنگ یەخەی دەگرتەوە. لە ڕاستیدا بیرۆکەی هێنانە گۆری ڕێفراندۆم بە سەرنجدان بە بەهێز بوونی دەوڵەتی ناوەندی پاش شەری داعش نەک هەر کارێکی هەڵە نەبوە بەڵکو نەوعێک پێشەو بڕکییە بوو بۆ قەیرانەکان. یەکێک لە سوودەکانی ڕێفراندۆم ئەوە بوو کە لە کەشێکی دێموکراتیکدا ٩٢ لەسەدی خەڵکی کوردستان دەنگیاندا بەوەیکە نایانهەوێ دەگەڵ ئێراق بژین. دوهەم سوودی ئەکارە ئەو بوو کە ڕێفراندۆم بە تیرێک دوو نیشانەی ئەنگاووت، هەم سنوری کوردستانی دیاریکرد و هەم ڕێژەی خەڵکی ناوچە کێشە لەسەرەکانی بۆ دۆست و دوژمن ئاشکرا کرد. هەمبەرانی کورد بیانهەوێ و نەیانهەوێ ئەو هەڵبژاردنە لێستاوە بۆ دوایە، سەرچاوو بەڵگەیکە کە لە سەر مێزی ووتوێژەکان ئیستنادی پێدەکرێ.

ئەوەی لە پێوەندی دەگەڵ ڕێفراندۆمدا هەڵە بوو ئەوەبوو، کە دەبوو سەرکردایەتی کورد لە باشور، فارس گووتەنی دوو " گزینەی" بۆ بەکار هێنانی ڕێفراندۆم وەبەرچاوو گرتبا. لەلایێک ڕێفراندۆمی وەک ستراتیژی و لەلایێکی دیکەوە وەک تاکتیک یان کارت چاوو لێکردبا. بەو مانایە ئەگەر بارودۆخی ئیقلیمی و جیهانی مناسب و لەبار بایە، ڕێبەرایەتی کورد پێویست بوو ڕێفراندۆم بکاتە ئامانجێکی ستراتیژیک بۆ جوێکردنەوەی کوردستان لە ئێراق. و وەختێک دیزانی پشتگیری ئیقلیمی و جیهانی بۆ مەسەلەکە نیە - وەکوی ئەوەی روویدا - ڕێفراندۆم وەک کارتێک بۆ کێشەکانی هەرێم و بەغدا بەکار بهێنێ.

بەلام دوشت لە پێوەندیەدا سەری لەسەرکردایەتی کورد شێواند و ڕێگای لێوون کرد. یەکەم ئاستی بەشداری پێشوازی زیاتر لە چاوەروانی خەڵک لە ڕێفراندۆم. کە ئەو ئاستە لە بەشداری خەڵک بە سەرنجدان بە

ملبەملانەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیون، لە ئاست و چاوەروانی سەرکردایەتی کورد زۆر لەسەرتر بوو. دوهەم، پرپاگەندێکی زۆر لە لایەن دژبەرانی ریفراندۆم کە دیانهەویست ئەوە جێبخەن کە ئامانجی سەرکردایەتی کورد نەک سەربەخۆیی بەڵکوو کەلک وەرگرتن لە ریفراندۆم وەک کارتێک بۆ یارێەکانی خۆیەتی. ئەو گوشارە لەلایەن بەرەی دژی رێفرابدۆم کە لە ئێران و ئێراق و ئۆپۆزیسیونی کورد پێک دهات بە رادێک بە هێز بووکە سەرکردایەتی کوردی تووشی سیاسەتی "کوردە نامووسی" کرد. و سەرکردایەتی بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە پاک و راستگۆیە، رێگاکە هەتا سەر رویشت و لەو پێوەندیەدا گویەی نەدایە پێشنیارەکانی ناوەندی دەسەڵات لە ئەمریکا. لە پێوەندی دەگەڵ پشتیوانی رۆژئاوا و ئەمریکا، دەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتی کورد پێش رێفراندۆم بە دروستی هیچ خۆشبینێکی لە نێو خەڵکدا بڵاوو نەدەکردەوە، بەڵام دەکرێ بڵێن لە واقعدا خۆی بە سیاسەتی شانس و بەخت ئەسپارد.

سیاسەتی ئەمریکا هەتا ئێستاش هەر لەسەر ئەو ئەسڵە کۆنە لە ئێراق دەخولێتەوە کە جز فیدای کل دەکات و ئەگەر مایەیەکی زیاترمان لە چاوو رابردوو بۆ دادەنێ، لە بەر یەکە فیدراڵیکەیە نەک شتێکیتر.

گرینگترین شت لەو قۆناغەدا ئەویە کە دەپێشدا پروپاگەندی حیزبی بە دژی یەکتر ڕابگیرێ. پێویستە واقعبین بین و ئەوەی کە بۆمان نەجات دەدرێ نەجاتی بدین. رنگبێ لە و حاڵەتەی کە ئێستا کورد تێدایە گرینگترین شت ئەوبێ کە بێجگە لەویکە پێشی شەری براکوژی دەگرین، هەولی جیدی بدین کە دوو ئیدارەیی کە خەونی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئێراقە نەیێتەدی.

هەروەک خودی یەکێتی بۆ خۆی نەیشاردۆتەوە کە ئەوەی ئەو سازیشەی کردوە لایەنێکی ناوو ئەو رێکخراویە. ئەگەر وایدابنێن کە هەموو یەکێتیشی دەگەڵبێ - کە دەگەڵی نیە - هێستا رێژەی دەنگەکانی رێکخراوی ناوبراوو لە هەڵبژاردنەکانی رابردوی پارلمانی کوردستاندا، دەگاتە نیزیکەی ١٥ لە سەد. بە پێەی ئوسولی دێموکراتیک و نیزامی پارلمانی لایەنێک بە ١٥ لەسەدەوە ناتوانێ معامەلەیێک بۆ ٨٥ لەسەدی خەڵک بکا . بۆیە بە سەرنجدان بە یەک دەنگی کورد لە داهاتوودا، هەڵبژاردنی پارلمانی کوردستان یەکێک لە ئەرک و کارە گرینگەکانی ئەو سەردەمەیە. پاش ئەوەی پارلمان هەڵبژێردرا، یەکەم بریاری پارلمان پێویستە هەڵوەشادنەوەی ئەو سەودایەبێ کە لەسەر کەرکوک کراوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

# سایکۆلۆژی کورد

ئەوەی لە شەوی ١٦ ئۆکتۆبر لە کەرکوک روویدا، کارساتێکی دیکە بوو کە دەپێشدا بە سەر کوردی باشور و پاشان بەسەر هەموو کورد هات . نەهامەتێک بوو لە وێنەی روخانی کۆماری کوردستان و ئێعدامی پێشەواکەی هەر لەو جێگایە کە سەربەخۆیی راگەیاندبوو. نکسەیێک بوو لە وێنەی شکستی ١٩٧٥ میلادی کە کۆتایی بە جولانەوێکی پان و بەرین و بەهێزی بەردەم سەرکەوتن و چنینەوەی دەسکەوتەکان هێنا. لە دەستدانی کەرکوک بەوجۆرە، ئەگەر لەو دوو کۆستە گەورەتر نەبێ بە هیچ جور چکۆلەتر نیە.

ئەوەکە لە زانستی مێژوودا دووپاتبوونەوەی مێژوو قاعیدێکی گشتێە و دەکرێ مێژوو دووپات ببێتەوە شک نیە. بەڵام باوەر ناکەم مێژوو لەلای هیچ نەتەوە و رەگەزێک بە قەت مێژووی کورد و سوور پێستەکانی ئەمریکا دووپات بوبێتەوە. گەلۆ هۆکارەکان بۆ ئەو دووپات بوونەوانە چین؟ ئایا ئەوە نەفسی مێژووە کە دەگەڵمان لاسارە وبێرەحمیمان پێدەکا یان ئەوە ئێمەی کوردین رەحم بە مێژوو ناکەین و زۆرترین برگەکانمان داگیر کردوە؟

ئەگەر ئەوەمان لاپەسەندبێ کە مێژوو خەڵک دروستی دەکا، وەکو ئەوەی زانستی مێژوو دەڵێ، دەبێ بەرعۆهدەی ئەوەبین کە ئەو نەهامەتیانەی بەسەرماندا هاتوون، دەپێشدا خۆمان وەک کورد لێەی بەرپرسیارین پاشان و بە پلەی دوهەم خەڵکیتر. یەک نەگرتن، دژایەتی یەکتر کردن، خۆش باوەری و بنپێەی یەکتر کۆڵین و لە حەیفی یەکتر پەنا بۆ دوژمن بردن، لە تایبەتمەندێە سەرەکێەکانی تاک و کۆری کوردە . و ئەو هۆکارە زاتیانە بوونەتە هەوێنی لەبار بردنی زۆربەی دەسکەوتەکانی گەلەکەمان.

ئایا ئەو هۆکارە زاتێە نالەبارانە بە درێژایی مێژوو دەگەڵمان بوون ؟ یان دوای ئەوەی ٥٠٠ ساڵ لە مەوبەر کە بۆ یەکەمجار کوردستان دابەشکرا و بوو بە دووبەش و هەروها پێش سەد ساڵ لەمەوبەر کە هەمدیسان جارێکی دیکەش کوردستان دابەشکرایەوە و بوو بە چوار بەش پێکهاتوون ؟ بە واتایێکی دیکە ئایا ئەوە ئەو جۆغرافیایە پارچە پارچە سیاسێیە کە شقڵی لە سایکۆلۆژی و خووخدەی ئێمەی کورد داوە کە بۆ ئەوی بژین، براکەی خۆمان فێدا دەکەین ؟ یان ئەوە کە واقعەن ئەو خسلەتە نالەبارانەمان لەسەرەتاوە دەگەڵ بوە؟

من خۆم هەرچەند پسپۆرنیم بەڵام پێموایە وەک چۆن سروشت کار لە ئینسان دەکا، ئەو پارچە پارچەیەش کاری لە مرۆڤی کورد کردوە.

لێکۆڵینەوە لەو بوارانەدا کاری ئەو کەسانەیە، کە لە بواری مێژوو، کۆمەڵ ناسی و سایکۆلۆژیەوە خیبریان هەیە. و بەرهەمی لێکۆڵینەوەی مەیدانی و زانستی ئەوتۆ، پێویستە بەپێەی دەسەڵات دابیزێندرێتە خواری بۆ نێوو پەروەردەی منداڵانی کورد و ئەوان بە پشتیوانی و هاوپشتی یەکتر گۆش بکرێن. ئەگەر هەرێمی کوردستان لە ٢٥ ساڵ لەمەوبەرەوە کە دوفاکتۆو حکومەتە، پەروەردێکی دروست و گونجاوو دەگەڵ سایکۆلۆژی کوردی دابەزاندبایە سیستەمی پەروەردە و راهێنانی خۆی، ئەورۆ ئەو منداڵەی یەکەم پەروەردەی وەرگرتوە دەبوون بە پیاوێکی ٢٥ ساڵە. و ئەو کەسە لە کەرکوک خۆی حازر بوو وەبن تەگەری تانکەکان کەوێ بەڵام نەهێڵێ کەرکوک بکەوێتە دەستی دوژمنان. ئەو کارە ئەگەر لە هیچ بەشێک نەلوێ، لە باشوری کوردستان ئیمکانی هەیە و دەکرێ لە قوتابخانەکانی سەرەتایدا نەهادینە بکرێ. تازە دەگەڵ گەورەکان هیچ ناکرێ!!!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---

## خوێندنەوێک بۆ پشتیوانی رۆژهەڵات لە ریفراندۆمی باشوری کوردستان

رۆژی ٢٥ی سیپتامبر کە کۆمەڵانی خەڵکی باشوری کوردستان چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی چارەنوسی هەرێمی کوردستانی ئێراق دیای بکەن، هاوزەمان خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە شارەکانی سنە، سەقز، مەریوان، بانە، سەردەشت، پیرانشار، مەهاباد و چەندین شاروگوندی دیکە، سەرەرای کەشی ئەمنییەتی و پۆلیسی بە رێژێکی زۆر و تا رادێک کەم وێنە هاتنە سەر شەقامەکان و ئەو رۆژیان جێژن گرت.

لە دوو دەیەی رابردووە کە باشور و باکور و رۆژهەڵاتی کوردستان بە هێندێک هەلومەرجی مێژوویدا تێپەر بوون، رۆژهەڵاتی کوردستان دەشادی و ناخۆشیەکانی ئەو سێ پارچەیەی نیشتماندا - ئەگەر بە قیمەتی گیانیشیان تەواوو

بوه - بە پاراستنی ئیستقلالی نەزەرو کردەوەی خۆیان ئەرکی نەتەویی و نیشتمانی خۆی بە جێگەیاندوە.

دەگەڵ ئەوەی ڕاپەرینی رۆژی٢٥ی سیپتامبر کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە ریفراندۆمی باشوری بەرێوەچوو، بەڵام بێجگە لە خۆشی و شادی دەربرین لە هێندێک بارەوە جێگای هەڵسەنگاندن و لێورد بوونەویە.

***یەکەم:*** دەگەڵ ئەویکە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە توندی لەسەر زاری کاربەدەستە ووردو درشتەکانیەوە دژایەتی دەگەڵ گشت پرسی لە هەرێم دەکرد، کۆمەڵانی خەڵک هەر راست لە رۆژی گشتپرسی لە شارە گەورە بچووکەکانی رۆژهەڵات سەرەرای باری ئەمنییەتی و پۆلیسی، بە ریژێکی زۆر، ژن و پیاوو و گەورە و بچوک هاتنە سەر شەقام و گۆرەپانەکان و بەوجۆرە بە یەک تیر دوو نیشانەیان ئەنگاووت، لەلایک نایان بە سیاستە دژە کوردیەکەی رێژیم گووت و لەلایکی دیکەوە بە پشتگیری رێفراندۆم ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەویان ئەنجام دا.

***دووهەم:*** دەگەڵ ئەویکە رواڵەتی مەسەلەکە پشتیوانی خەڵکی رۆژهەڵات لە باشوری کوردستان بوو، بەڵام لە نێوورۆکدا رەدکردنەوەی سیاسەتی ئەمنیێەتی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کێشەی کورد و پێداگری لەسەر حەقانیێەتی خەباتی گەلی کورد لە هەردوک بەشی کوردستان و بە تایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو. کۆمەلانی خرۆشاوو بە خوێندنەوەی سرودی ئەیرەقیب و دانی دروشم دژی رێژیم و پشتیوانی لە مافەکانی نەتەوایەتی، پشتگیری رێبەرانی کورد و بە تایبەتی دروشمی "قاسملو، قاسملو رێگات درێژەی هەیە، بە کردەوە رێفراندۆمێکی دیکەیان لە کوردستانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی ئەنجامدا.

***سێهەم:*** دەگەڵ ئەویکە خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی درێژە کێشانی عوومری کۆماری ئیسلامی، دەرفەتێک و کرانەوێک لەچاوو باشور و رۆژئاوای کوردستان بۆ پێکنەهاتوە، و خەباتی چەکدارانە و پێشمەرگانەکەی تووشی پاشەکشە و لاوازی هاتوە، بەلام لە رووی بیروئەندێشەی نەتەوایەتیەوە نەک هەر کەمی نەهێناوە بەڵکو قووڵای دروشمی خۆپێشاندەران، بارستایی بیری نەتەویی ئەو پارچەیە لە کوردستان دەردەخا، و لەو بارەوە رۆژهەڵاتی کوردستان نەک هەر پاشکۆی هیچ بەشێکی کوردستان نیە بەڵکو ئێستاش نەقشی پێشرەوی لە خەباتی نەتەوێەتی لەسەر ئاستی کوردستاندا هەیە.

**چوارەم:** هاتنە مەیدانی کۆمەلانی خەڵکی رۆژهەلات جارێکی دیکە ئەوەی راستکردەوە کە ئەولەوییەتی خەبات و تێکۆشان لەو سەردەمە لە کوردستانی ئێران، خەباتی جەماوەری - سیاسیە. وەهەروها ئەو شێوە تێکۆشانە جارێکی دیکە ئەوەی سابیت کردەوە کە خەلک لە کەلێن وکەلەبەرو دەرفەتەکان بە وشیاری کەڵک وەردەگرێ و سیاسەتی کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان جارێکی دیکە دەخاتە ناوو رۆژەوی سیاسیەوە.

**پێنجەم:** هاتنە مەیدانی خەڵک لە شاروگوندەکانی رۆژهەلات لە ریزێکی یەکگرتوودا، هەڵگری پەیامێکی دیکەی گرینگە بە تایبەتی بۆ رێکخراوە سیاسیەکان، کە چیدی لە جیایی و تەوەلای دا نەژین و مەسلحەتی شەخسی و گروپی خۆیان قوربانی یەکێتی گەل بکەن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---

## ڕێفراندۆم لە گۆشەنیگای هۆکارە نێوو خۆیی و دەرەکیەکاندا

بەرێوەچوونی پرۆسەی رێفراندۆم لە هەرێمی کوردستان لە دوو بارەوە گرینگ و جێگای تێرامانە. یەکەم لەو بارەوە کە بەشێک لە گەلی کورد لە پارچەیکی کوردستان- لانیکەم بۆ ئەو مەبەستە یەکەمجارە - دەچێتەسەر سندووقەکانی دەنگدان و پاشەرۆژ و مەسیری داهاتوی خۆی دیاری دەکات. شتێک کە کورد هەتا ئێستا لە مێژووی کۆن و نوی خۆیدا شاهیدی نەبوە، و لەبری ئەوەی بۆخۆی چارە نووسی خۆی دیاری بکا، بیانیەکان، نەتەوە سەردەستەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن پرسی کوردن چارەنوسیان بۆ دیاری کردوە. کە بەرهەمی ئەوەش بۆتە نادیدە گرتنی مێژوو، کەلتوور و زمانی ئەومیلەتە و چەوسانەوە و ژێردەستی و هەلاواردنی بۆ بەدیاری هێناوە. بۆیە خودی بەرێوەچوونی رێفراندۆم، دەبێتە نوقتە گۆڕانێکی گرینگە لە ژیانی گەلی کوردلە هەمو بەشەکانی کوردستان بە گشتی و باشوری کوردستان بە تایبەتی . دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئەوە دوهەم رووداوەی گرینگە کە کارتێکەرێکەی لەسەر ئەمرۆ داهاتوی جیلە یەک لەدوای یەکەکانی کورد دەکا و کەسایەتی کورد لە کەسایەتێکی چاوو لەدەستەوە بەرەوو کەسایەتێکی باوەر بەخۆ و جێگر دەبا.

دوهەم ئەویە کە پاش بەرێوەچوونی پرۆسەی ڕێفراندۆم سەرکردایەتی کورد لە باشور چۆن و بەچ شێوێک لە کارتی ڕێفراندۆم کەڵک وەردەگرێ و بە چ شێوێک بەکاری دێنێ ؟ ئایا ڕێفراندۆم دەکاتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی هەنگاوێکی دیکە بچێتە پێشێ و بەشێکی دیکە لە دەسەلات و سەلاحییەتەکانی هەریم بچەسپێنێ و قۆناغێکی دیکەی مێژووی دەبرێ؟ یان ئەوەکە قۆناغی ئاخر بە هەنگاوێک دەبڕێ و سەربەخۆی رادەگەێنێ ؟ بۆ وڵامی ئەو پرسیارانە دوو فاکتۆری ئەساسی دەور دەبینن. یەکەم هۆکاری نێووخۆیە و بریتێە لە یەکێتی و یەکپارچەیی لایەنە سیاسیێەکان لەوبەشە و چۆنیەتی خوێندنەوە و مامەلەی سەرکردایەتی یەکگرتوو دەگەڵ پرسەکانی دوای ڕێفراندۆم. دوهەم هۆکار، چۆنیەتی نیزیک بونەوە و هەڵوێستی هێزە بریار بەدەستەکانی جیهان و هەروها هەڵسوکەوتی وڵاتانی ناوچە و بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانی کە خاوەن پرسی کوردن دەگەڵ پرسی سەربەخۆیی کوردستانە.

لایەنی هەرە بنەرەتی بۆ سەرخستنی ڕێفراندۆم، فاکتۆری نێووخۆیە کە خۆی لە یەکێتی و یەکپارچەیی خەڵک و لایەنە سیاسیێەکاندا دەبینێتەوە. بەرێوچوونی ڕێفراندۆم لە کوردستان بەو هەموەوە پێکهاتە و کەمایەتیە نەتەوایەتیەوە، کە ریشەو جەمسەری بەشێک لەو کەمایەتیانە دەچێتەوە سەر ریشەو رەگەزی میلەتانی سەردەستی ناوچەکە، بە سەرنجدان بە تەحریکات و دەستێوەردانی دەوروبەر کارێکی هاسان نیە. بۆیە سەرکرادایەتی کورد لە باشور پێویست بوو کە زۆر پێشتر بە سیاسەتێکی حەکیمانە دەگەڵ ئەوپێکهاتانە رێک کەوتبا و پاشان واریدی قۆناغی بەرێوەچوونی ڕێفراندۆم بووبا. کە پێراگەیشتنی کەمایەتیەکانی کوردستان لەبواری ئابوری، کەلتوری و بوونی نەقشێکی بەرچاوو و کارا لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دیتوانی ئەمرو بۆ پرسی ڕێفرادندۆم بەرهەمی چاک بداتەوە. لایەنێکی دیکە کە ئەویش دەورو کاریگەری هەیە لەسەر ڕاکێشانی شارومەندی کورد لە باشور بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، کۆدەنگی و ئیجماعی لایەنە سیاسیێەکانی کوردستانە. دەگەڵ ئەوەی بەشێکی بەرچاوی لایەنەکان هاتوونەتە پاڵ ڕێفراندۆم، بەلام هێستا ئەو کۆدەنگیەی کە دەبێ پێکبێ پێک نەهاتوە . بۆیە لەو پێوەندیشدا پێویست بوو کە سەرکرادایەتی کورد لەوبەشە، دەپێشدا زەمانێکبدا بە کردنەوەی گرێپووچەکان و پاشان بەرەوو ڕێفراندۆم چووبا. ئەوەش پێویستی بە دووربینی و ستراتیژێک هەبوو، کە وەختێک دەزانین داهاتووی کورد دەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئێراق نیە، دەبوو یان نەهێڵن کێشە سیاسیێەکان بخوڵقێن، یان ئەگەریش دەخوڵقان "مقابل بمثل" نەکرابا و پێشی تەشەنە سەندنیان گیرابا.

لایەنی ئۆپۆزیسیوونیش دەبێ ئەوە بزانن کە نارازیبوونیان وەک لایەنێکی کوردی لە حکومەت، بە مانای نابەرپرس

بوونیان لە برامبەر چارەنووسی خەڵک و وڵاتدانێە. شتی جێگای سەرسورمان لەو پێوەندیێەدا ئەویە کە ئۆپۆزیسیون چارەنووسی میلەتەکەی بکاتە بارمتە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی حیزبی لە رکەبەرەکانی. دەگەڵ ئەوەی حەلی کێشەکانی ئیداری و ئابوری پێش رفراندۆم شتێکی باشە، بەڵام بۆ بەریوەبردنی رێفراندۆم مەرجی بنەرەتی نیە.

چوونکە ئەو رێفراندۆمە بۆ دیاریکردنی مەسیری سیاسی هەرێمی کوردستانە بە هەموو کێشە سیاسی و ئیداری و ئابورێەکانەوە و لەوبارەوە رێفراندۆم دەچێتە خانەی سەروەری نەتەویەوە و پێوەندیێکی زۆری بە ئیسڵاحاتەوە نیە. دەگەڵ ئەوەی هیچ کات بۆ ئیسڵاحات زوونیە، بەڵام زەروورەتی ئیسلاحاتی راستەقینە ئەوکاتە دەبێتە شتێکی هەنووکەیی کە سەقامگرتووی و سەروەری سیاسی وڵات دەستەبەر کرابێ. و تەنیا لەوحاڵەتەدایە کە حکوومەت لە حاڵەتی نیووبەند دێتەدەرێ و بیهەوێ و نەیهەوێ دەبێ بەرعۆدەی چارەسەری کێشە ئابوری و ئیدارێەکانبێ. ئەو رۆژە کە حکومەتی کوردستان دەبێتە حکومەتێکی سەربەخۆ و کوورسێکی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ، لەو رۆژەوە پارسەنگی سیاسی نێوان لایەنەکانی گۆڕانی بەسەرداداێ و ئەو لایەنە شقڵ لە داهاتو و ژیانی خەڵک دەدا، کە بە کردەوە ئیسلاحات بکاتە بەرنامەی کاری خۆی.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، فاکتۆری دەرەکی دەوری زۆری بۆ پەژراندی ئاکامی رێفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی هەیە. لە راستیدا بۆ ئەو پرسە لایەنی دەرەکی و نێووخۆیی وەکوو دووروی یەک سکە وان. بێگومان پاش رێفراندۆم پرۆسەیێک دەست پێدەکا کە دەکرێ بە هەوڵەکانی سیاسی - دیپلۆماتیکی پاش رێفراندۆم بەنێوو بکرێ.

سەرکرادایەتی کورد لە باشور پێویستە ئەو کۆدەنگیێە سیاسیێەی لایەنەکان لەلایێک وەک بیلبیلەی چاوو بپارێزی و لەلایێکی دیکەوە ئەو یەکێتیێە سیاسیێە بەرەوو یەک بریاری سیاسی و ستراتیژیک بگوێزێتەوە. هەرچەند ئاکامی رێفراندۆمەکە ئەرەنیبێ، بەڵام ئەگەر پاش رێفراندۆمە لایەنە سیاسیێەکان سەبارەت بە چۆنیێەتی بەکار هێنانی کارتی رێفراندۆم، ببنە چەند ئاراستە، نەک هەر وەکوو وەی وایە کە هیچ رێفراندۆمێکیان بەرێوە نەبردبێ، بەڵکوو شوێنەواری نەرێنیش لەسەر سیاسەتی دەوڵەتەکان سەبارەت بە چارەنووسی هەرێم دەبێ. هیچ دوورنیێە کە لە قۆناغەدا نەبوونی یەکێتی لە بریاری سیاسیدا، ببێتە زەنگی خەتەر و هەرێمی کوردستان بکێشێتەوە نێوو گەمەی سیاسی ئێراقەوە. بۆیە یەکێتی خەڵک و سەرکردایەتی کورد لە هەرێم، پێش رێفراندۆم هەرئەوەندە پێویست و زەروورێە کە پاش رێفراندۆم پێویست و زەروورێە.

روون و ئاشکرایە کە ئەو دەوڵەتانەی کە بۆخۆیان خاوەن پرسی کوردن، ئاکامی ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان قەبووڵ ناکەن. بەڵام ئەوەکە لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا چ هەڵوێستێکی کردەیی دەگرنەبەر، پێوەندی هەیە بە پشتیوانی گەورە هێزەکانی جیهان و بە تایبەتی ڕۆژئاوا لە ئیعلامی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان.
پشتیوانی ئەو هێزانە یان بەشیک لەوهێزانە، ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر هەڵسوکەوتی ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن پرسی کوردن. بە پێچەوانەکەشی دروستە کە پشتیوانی نەکردنی ئەو هێزانە لە سەربەخۆیی کوردستان، شوێنەواری ڕاستەوخۆ لەسەر شیوەی بەرانگاری دژبەرانی کورد دادەنێ.

شانسێکی کە ئێستا هەرێمی کوردستان هەیەتی ئەویە کە هەرچوار دەوڵەتەکەی کە خاوەن پرسی کوردن بە تووركییەشەوە، خاوەنی ئەو سەنگە سیاسیە - دیپلۆماتیکە نین کە کارتێکەرێکی جیدیان لەسەر سیاسەتی ناوونەتەویی برامبەر بە پرسی سەربەخۆیی باشوری کوردستان هەبێ. تورکییە بە ڕێبەرایەتی ئاکەپەو ئەردۆغان لە چەند ساڵی رابردوودا، بەهۆی هەڵبەزدابەزی سیاسی و دیپلۆماتیک و هەروها سیاسەتی گوماناوی دەگەڵ داعش، هەم دڵی ڕۆژئاوای لە خۆی هێشاندوە و هەم نەیتوانیوە پێوەندیکی سەقامگرتوو دەگەڵ دەوڵەتانی ناچەکە درێژەبدا. دانوسانەکان بۆ وەرگرتنی تورکییە وەک ئەندامی لە بازاری هاوبەشی ئروپا، لەلایک بەهۆی سەرەرۆیی و دیکتاتۆری و هەڵوەشاندنەوەی یاسا هاوتەریب و دێموکراتیکەکانی دەگەڵ ئروپا و لەلایکی دیکەوە بە هۆی هەناردەی سێلاوی پەنابەران لە یەک دوو ساڵی رابردوودا بۆ ئروپا، پەکی کەوتوە و وێدەچی هەتا ئەردۆغان لەسەر ئەو سیاسەتانە بەردەوامبێ دانوسانەکان درێژەیان نەبێ. بۆ قەزیەی سوریە و ڕۆژئاواش، دەگەڵ ئەوەی وێدەچی هەوڵبەندی ئەمریکاو ڕۆژئاوا شتێکی تاکتیکی بێ نەک دایمی، بەڵام تەنانەت لەو قۆناغە گوزەرەشدا، ئەمریکا هەوڵبەندی دەگەڵ ڕۆژئاوا بەسەر هاوکاری تورکێە دژی ڕێژیمی ئەسەد تەرجیح دەدا. ئەوانە هەموی لەسەرێەک نیشاندەدەن کە ئەگەر قەراربێ، تورکێە بە نیسبەتی ئەو دەوڵەتانی کە خاوەن پرسی کوردن، زۆرترین پێوەندی دەگەڵ ئروپا و ئەمریکا هەبێ، ئێستا لەهەموو کاتێک کەمتر دەستی دەروا.

روون و ئاشکرایە کە سەبارەت بە پرسی ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی باشور، کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئێراق، نەک هەر یەک سیاسەت و هەڵوێستیان دەبێ بەڵکوو لەو بارەوە دەکرێ بڵێن سیاسەت و کردەوەکانیان تەواوو کەری یەکتریش هەن. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە کۆماری ئیسلامیەوە هەیە، ئەو ڕێژیمە زۆرترین کارتێکەری لەسەر بارودۆخی ئێراق هەیە. بەڵام ئەو کارتێکەرێەی لەسەر بارودۆخی ئێراق، نە لەلایەن وڵاتانی ناوچە بەگشتی و نە

لەلایەن جەمسەری سوونی بە تایبەتی و هەروها لە لایەن ئروپا و ئەمریکاش بە باش لێک نادرێتەوە. بۆیە کارتێکەری کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئیراق، بەهۆی دەرگیربوونی دەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەویی و ناوچەیی، بێجگە لە شێعەکانی ئێراق و ناوچە سنوورداره.

ماوەتەوە بڵێن کە ئێستا کە پێشبینی دەکرێ دوو دەوڵەتی ئێران و ئێراق برامبەر بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، هەم لە یەک سیاسەت وهەڵویست پێرەوی بکەن و هەم لە مەیدانی کردەوەشدا بۆ خەراپکاری یەک بەریان دەبێ، چۆنیەتی مامەلەی تورکیە لەلایێک دەگەڵ مەسەلەی سەربەخۆیی باشور و لەلایکی دیکەوە دەگەڵ دوو جەمسەرەکەی دیکەی دژە کورد واتا ئێران و ئێراق چۆن دەبێ؟ لەوەدا کە تورکیەش بە سەربەخۆی هەرێمەوە سەغڵەتە هیچ شک نیە. بەڵام وێدەچی تورکیە ئەوەندی کە بە پەرەئەستاندنەکانی کوردی سوریەوە نارەحەتە، بەهەمان رادە بەهێ ئێراقەوە نارەحەت نەبێ . سەربەخۆیی هەرێمی لەوبارەوە پێناخۆشە کە ئیحتمال دەدا کار بکاتە سەر رۆژئاوای کوردستان و ئەوانیش داوای سەربەخۆیی بکەن. بۆیە ئیمکانی ئەوەکە تورکیە لە ئاستی سیاسیدا دەگەڵ هەردوک دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و ئێراق سەبارەت بە سەربەخۆیی هەرێم یەک هەڵوێستبێ زۆرە.

بەڵام زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکرێ کە دەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە لە ئاستی کردەوەدا خاوەن یەک بەرەبێ. مەگەر ئەویکە کۆماری ئیسلامی برامبەر بە رۆژئاوای کوردستان پێرەوی لە سیاسەتی تورکیە بکا.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ۱۱ی سێپتەمبەری ۲۰۱۷

---

## سندووقەکانی دەنگدان چییەتیی نیزام و خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن

دوای هەر هەڵبژاردنێک لە ئێراندا پرسی بەشداریکردن و بەشدارینەکردنی خەڵک دەبێتە جێگای لێکۆڵینەوە و مشتومڕی لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان. لە زۆربەی خەسارناسییەکاندا پرسی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان دەگەڕێننەوە بۆ کارانەبوونی ئۆپۆزیسیونی سەرانسەری و لە کوردستانیشدا بۆ نەبوونی یەکدەنگی و کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکان.

لەو خولە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا شەش لایەنی کوردی ڕۆژهەلات، بۆ یەکەمجار بە یەکەوە سەبارەت بە تەحریمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شورای شاروگوندەکان ڕێککەوتن و داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد کە بەشداری هەڵبژاردن نەکەن. بەلام بە پێچەوانەی ئیجماعی زۆربەی نیزیک بە تەواوی لایەنە سیاسییەکان، جارێکی دیکەش زۆرایەتییەکی بەرچاوی خەڵک بەشداری هەڵبژاردنی سەرکۆماری بوون.

بۆ ئەوەی بزانین تەحریمی هەڵبژاردنەکانی ئێران لەلایەن ئۆپۆزیسیوونەوە چەندە کاریگەر بوون، پێویستە چاوێک بە ئاماری بەشداریی خەڵکی ئێران لە یازدە دەورەی سەرکۆماریدا بخشێنین. ئامارەکان نیشان دەدەن کە لەو یازدە دەورەیەدا لانیکەم ٦٦ لەسەد و لانی زۆر ٨٥ لە سەدی ئەو کەسانەی خاوەن حەقی دەنگدانن، بەشداری هەڵبژاردنەکان بوون. واتە بە گشتی نێوان سەدا ٢٠ - ٢٥ ی خەڵک لەو یازدە دەورەیەدا بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا نەکردوە . دیارە لە زۆر لە بەشەکانی ئێران و یەک لەوان لە کوردستان، ئاستی بەشدارینەکردنی خەڵک زۆرجار گەیشتۆتە ٣٠ لەسەدیش.

پاڵنەر بۆ بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان ڕەنگبێ زۆربن، کە لەنێو ئەواندا پرسی بێداهاتوویی و سەقامگیربوونی ڕێژیم دەوری بنەڕەتییان هەیە. بەو مانایە وەختێک کە کۆمەلانی خەڵک لەکردوەدا دەبینن کە ئەو ڕێژیمە سەرەڕای قەیرانەکانی نێوخۆیی و دەرەکی درێژە بە ژیانی خۆید ەدا و لە سەرپێی خۆی راوەستاوە - دەگەڵ ئەویکە لە ڕێژیمەکە ناڕازین - بەلام بۆ ڕاییکردنی کاروباری ئیداریی خۆیان دەچنەسەر سندووقەکانی دەنگدان. بەشێوەیەکی گشتی ئەو فاکتۆرە لە ڕووی ڕەوانناسییەوە کاریگەریی زۆری لەسەر خەڵک هەیە و ڕەکێشی سەر سندووقەکانی دەنگدانیان دەکا و هۆکاری یارمەتیدەر بۆ ئەو وەزعە سیاسییە نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی کارا وکاریگەرە بە تایبەتی لە بەشی ناوەندیی ئێران. دەگەڵ ئەو نەبوون و کەمایەسییە ئەگەر ئۆپۆزیسیونی ئێران و کورد بە گشتی خاوەن خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروست لە بارودۆخی ولاتیش بایەن، هێشتا دەیانتوانی نەهێڵن زیانەکان لەوە کە هەیە زیاتر بن، بەلام ئەو دووری و دابڕانە لە ڕووی سروشتییەوە ئۆپۆزیسیونیشی تووشی ئەوە کردوە کە نەتوانێ کێشەکان بەوجۆرە کە هەیە ببینێ، بەڵکوو بەو جۆرەی کە پێی خۆشە دەیبینێ و ئەوەش دوو فاقییەتێکی لە نێوان گوتاری ئۆپۆزیسیون و داوخوازییەکانی خەڵکدا دروست کردوە کە دواتر ئەوەی قازانجی لێدەکا کۆماری ئیسلامییە.

خەڵک لە ئێران دەپێشدا بە سەرنجدان بە بارودۆخی سیاستی نێوخۆی وڵات و پاشان هەلومەرجی نێونەتەویی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکدا نابینێ کە داهاتووی نەبێ، هەر بۆیە بە ڕژدی نایەتە نێو گۆڕەپانێک کە کێشەی خۆی دەگەڵ ئەو ڕێژیمە یەکلا کاتەوە. دیارە ئەو خوێندنەوەیە ئەوە ناگەیەنێ کە خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لەو ڕێژیمە رازین و ئەو ڕێژیمە بە ڕێژیمێکی ئیدەئاڵ دەزانن، بەڵکوو دووره دیمەنی ئەو ڕێژیمە وانابینن کە داهاتووی نەبێ و بەرەو ڕووخان بڕوا، بۆیە کۆماری ئیسلامی بە مودیرییەتی دۆخەکە قازاجی خی لێکردوە و هەتا ئەو کاتەی ئەو دۆخە گۆڕانکاری بنەڕەتی بەخۆیەوە نەبینێ، سەرەرای نارەزایەتیی خەڵک و نەخوازراوبوونی کۆماری ئیسلامی؛ خەڵک شیلگیرانە لە دژی نایەنە مەیدانەوە.

کە باس لە سەقامگیریی حاکمییەت دەکرێ، ئێستا ڕەنگبێ ئۆپۆزیسیون ڕەوایی ڕێژیم و ئەو نەوعە سەقامگیرییە بە شتێکی یاسایی و دێمکراتیک نەزانێ، بەڵام بەو سازوکارەی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی تەمەنیدا بۆ ئیدارەی وڵات و پرسی هەڵبژاردنەکان ڕەچاوی کردوە و بەو زاڵبوونەی بەسەر بارودۆخی نێوخۆیی ئێراندا سەپاندوویەتی، توانیویەتی لە مەیداندا بمێنێتەوە.

هەبوونی پێوەندیی ئابووری و دیپلۆماتیک دەگەڵ جیهانی دەرەوە بە تایبەتی گەورە هێزەکان، زاڵبونی حاکمییەت بەسەر بارودۆخی نێوخۆی وڵات و لەوانەش گرینگتر نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی کارامە، وایکردوە کە کۆمەلانی خەڵکی ئێران بە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڕوانن . گۆشەنیگاکەش ئەویەه کە لە جیاتی پشتبەستن بە ئۆپۆزیسیونێکی دابڕاو و بێ ئادرەس بە تایبەتی لە بەشی ناوەندیی ئێران، نیگاکانیان بڕیوەتە ئاڵوگۆڕێک کە تەنانەت لە نێو حاکمییەتدا ڕوو دەدا. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٣٧٦ هەتاوییەوە بەربژێرەکانی سەرۆککۆماری تەعبیر لە دوو جیناحی ئوسولگەرا و ڕیفۆرمخواز دەکەن، بە شێویەکی گشتی لە ئێراندا و بەتایبەتش لە کوردستاندا، باڵی ڕیفۆرمخواز بەختی زۆرتریان لە باڵەکەی دیکە هەیە. ئەگەر لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا ڕیفۆرمخوازەکان تەقریبەن لە پێش ئوسولگەراکانن، لە کورستانی رۆژهەڵات بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو خەڵک دەنگیان دەدەنێ و ئوسولگەراکان پێشوازییەکی ئەوتۆیان لێناکرێ؛ ئەوەش بە هیچ جۆر ئەوە ناگەیەنێ کە خەڵکی کوردستان وەک باڵی ریفۆرمخوازی ڕێژیم بیر دەکەنەوە، بەڵکوو دروشم و بەرنامە ئابوورییەکانی ئەو باڵە و هەروها هیوا بە کرانەوەیەکی سیاسی لە نەبوونی ئاڵترناتیوی دڵخوازدا، خەڵک هان دەدا کە بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

ئەگەر بمانەوێ بەراوەردێک لە نێوان دوو دەورەی دوایەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە کوردستاندا بکەین کە لە هەردووکیاندا حەسەنی روحانی براوە بوە، لە ساڵی ٩٢ دا زیاتر لە سەدا ٣٠ و لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەشدا بە سەدا ٤٠ی خەڵکی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنەکانیان نەکردوە. ئەوە مانای ئەوەیە کە جیاوازی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئەمساڵ کە٦ لایەنی کوردستانی تەحریمیان کرد دەگەڵ ساڵی ٩٢ کە کۆدەنگی لە نێوان هێزە تەحریمکارەکاندا نەبوو، ١٠ لەسەدە، ئەگەرچی وەک لەسەرەتاشدا باس کرا ناکرێ هەموو بایکۆتەکان پاڵنەری سیاسیی لایەنەکانیان لەپشت بێ، بەڵام بێبەڵێنیی حەسەن ڕووحانی بە دروشمەکانی لە خولی یەکەمی سەرکۆمارییەکەیدا کارتێکەریی لەسەر ئەو سەدا دەیە بووە.

خەڵکی ئێران و کوردستان گوێیان لە قسەوباس و دروشمی بچوکترین و رادیکاڵترین لایەنی سیاسی دەبێ، بەڵام بیستنی قسە و دروشمەکان شتێکە و بە پیرەوەهاتنی شتێکیترە. تەحریمی ئۆپۆزیسیونی ئێران بە گشتی و کورد بەتایبەتی، وەختێک وڵامی پێویست لەلایەن خەڵکەوە وەردەگرێتەوە کە ئەو ئۆپۆزیسیوونە شوێنکاری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک هەبێ و هەتا ئەوکاتەی باڵانسی هێزە بەو جۆرە نەگۆڕێ کە هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێران ببنە هێزێکی مەیدانی و کاریگەر، پرسی تەحریمی هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامیدا وەڵامی پێویست وەرناگرێتەوە.

بە کورتی پاڵنەری بنەڕەتی کۆمەڵانی خەڵک بۆ چوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان لە نەبوونی بەدیلێکی دێموکراتیک و کاریگەر و وەزعی شپرزەی ئابووریدا خۆ دەنوێنێ کە خۆی لە ئاوسانی دراوی، نەبوونی کار و «اشتغال»، هەژاری و نەبوونی نانی سەر سفرەدا دەبینێتەوە. ئەو بارودۆخە کەشێکی ئەوتۆی بەسەر خەڵکدا سەپاندوە کە تەنانەت پرسی نان وەپێش پرسی ئازادیش بکەوێ، هەربۆیە خەڵک لە ئێراندا جیاوازییە بچووکەکانی نێو حاکمییەتیش وەک دەرفەتێک بۆ باشبوونی بارودۆخی ئابووری و سیاسیی چاو لێدەکا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٥.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٧

## پرسی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و هەڵوێستی کورد

ئەگەر ئێمەی کوردی ڕۆژهەلات، مەسەلەی کورد لە ئێراندا وەک یەکەیێکی سیاسی و فاکتۆرێک ببینین، - کە پێویستە ببیبنین - و بە دەستگایێکی فیکری کوردیەوە لە پرسەکانی سیاسی ئێران بروانین، پێویستە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا - جا چ بە نەزارەتی ئستسوابی بێ یان ئازاد - تەحریم بکەین. مەگەر ئەویکە بەربژێری سەرۆک کۆماری لە ئێراندا گەلالەیێکی بۆ حەلی کێشەی کورد یان خەڵکی کوردستان پێبێ. ئەگەر ئێمە مەسەلەی کورد لە ئێراندا وەک واحیدێکی سیاسی چاوولێبکەین، ئینتیمای میلی دەدین بە کێشەکە و لەو ڕێگایەوە کۆ و تاکی کوردی لێدەکەین بە ساحەب.

کوردی ڕۆژهەلات بە گشتی و هێزە سیاسیەکانی بە تایبەتی، پێویستە ناکات بر ڕوانگەی نێوەرۆکی سیاسی - ماهیت سیاسی - بۆ پرسی هەڵبژاردن لە ئێران بروانن، چوونکە پرسی نێوەرۆکی سیاسی دەچێتە خانەی تێئۆری مارکسیستێەوە. و ئەگەر بەو ڕوانگایەوە لە پرسەکانی سیاسی ئێران بروانین، بێجگە لەویکە لە بازنەیێکی داخراوودا دەسووڕێنەوە ناشتوانین نێوەرۆکی - ماهیت - هیچ حاکمیەتێکی شەرقی بە گشتی و نەوعی ئێرانیەکی بگۆرین.
لە جیاتی خۆ خەریک کردن بە تیئۆری نێوەرۆکەوە، پیویستە کورد لە ڕۆژهەلات مشووری پارسەنگی هێز بخوا، چوونکە تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە کوردی ئێران دێتەناوو محاسباتی سیاسیێەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٧

## دە ساڵ دوای لەتبووون

دوای دوو ساڵ قەیرانی تەشکیلاتی لە نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و پاش چوار مانگ هەوڵ و تەقەلا بۆ گێرانەوەی یەکپارچەیی بۆ ریزەکانی حیزب سەرئەنجام لە ٦ی مانگی دیسامبری ٢٠٠٦ دا ملمان بۆ لەتبوونی حیزبی خۆشەویست و جێ متمانەی خەلکی کوردستان راکێشا. پاش لەتبوونی حیزب دوو روانگە لە ئاستی بزووتنەوە بەگشتی و ئاستی حیزبی دێموکراتدا سەریان هەڵدا. روانگەی یەکەم کە تەعبیری لە دڵسۆزان و خەمخورانی گەل و حیزب دەکرد، پێی وابوو ئەو لەتبوونە سەرئەنجام دەبێتە هۆی لەدەستدانی هێز و وزەی لە هەردووکلای دێموکرات و لە ئاکامدا حیزبی دێموکرات بەرەو لاوازی دەبا. روانگەی دووهەم کە پێوەندی هەبوو بە بیروبۆچونی هەردوک بەشی دێموکرات بەو جۆرە بوو، حدکا پێی وابوو ئەو لەتبوونەش وەکو ئەوانەی پێشخۆی لێدی و دەرفەتی گەشەی نابێ. حدکیش لەگەڵ ئەوەی بەداخبوونی خۆی لە لەتبوونی دێموکرات نەدەشاردەوە، بەڵام هیوای دەردەبڕی کە ئەگەر ملی بە ئیجبار بۆ لەتکردنی حیزب راکێشاوە، بەڵام ئەوە دەکاتە دەرفەت بۆ گەشە پێدان و نوێکردنەوەی حیزبی دێموکرات. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە روانگەی دڵسۆزانی حیزب و جووڵانەوە هەیە، ئەوان هەم ئەوکات و هەم ئێستا پێیان خۆش بوو و پێیان خۆشە حیزبی دێموکرات بەیەکەوە و بەسەریەکەوە بێ و ناکۆکیەکانی نێو حیزبی دێموکرات هەرچەندەش گەورە بن - کە نین - لە بەرامبەر یەکیێتی و یەکپارچەیی حیزب بە چوکتر دەزانی و دەزانن. بەڵام لەگەڵ ئەو بیروبۆچونەشدا، راستیەکان لە مەیل و ئارەزوکان سەرسەختترن و سەرئەنجام ئەوانیش ناچار بە سەلماندنی ئەمری واقیع کە لێکەوتەی دوو دێموکراتە، بوون.

سەبارەت بە بیروبۆچوونی هەردووکلای دێموکرات لەسەر یەکتر و داهاتووی حیزب، ئەو دەساڵەی دوایی نیشان دەدا کە بیروبۆچوونەکانی حدک بە نیسبەت حدکا راستی و دروستی خۆیان زیاتر دەرخستوە. ئەورۆ لەگەڵ ئەوەی ئارەزووی دوو دێموکرات لە لایەن بەرێوەبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەدەکرا، بەڵام لە کردەوەدا دوو دێموکرات بۆ دۆست و دوژمن بوونیان هەیە و هەردووکیشیان بە نیسبەتی رابردوو تێکۆشانیان زیاتر کردوە. لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری تێکۆشانی هەردووکلا بۆ کێبەرکێی نێوانیان دەگەرێتەوە، بەڵام هەردووکلا لەجیاتی ئەوەی هێز و وزەی خۆیان بۆ دژایەتی لەگەڵ یەکتر تەرخان بکەن باشترە کە دژی دوژمنی هاوبەش خەبات بکەن و لەو

پێوەندییەدا بەستێنی کار و تێکۆشان دژی ڕێژیم بکەنە بنەمایێکی هاوبەش، نەک بە پێچەوانە ئەو مەیدانەش بۆ مزایدەی سیاسی بکار بهێنن.

پەرەگرتنی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوییەکان، بوون بە ئەندام لە ئینترناسیونالی سۆسیالست وەک تەنیا ڕێکخراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بوونی پێوەندیی گەرموگوڕ لەگەڵ بەشی هەرەزۆری هێزە سیاسی‌یەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، هەبوونی پێوەندی لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا، هەبوونی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووناکبیران و بژاردەکانی سیاسی و کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبی و سیاسی‌یەکانی نێوخۆ، ئەوانە هەموی پێکەوە دەریدەخا کە حدک لە ڕەوتێک کە لە حیزبی واحیددا کەمایەتی کۆمیتەی ناوەندی ڕێبەری دەکرد، زیاتر پەلوپۆی هاویشتوە و پارسەنگی هێزی هەم لە ئاستی بنەماڵەی دێموکراتدا و هەم لە ئاستی هێزە سیاسی‌یەکانی نێو بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات گۆڕیوە. وێنەی هەرە بەرچاوی ئەو ئیدیعایە، ئیستعفای سکرتێری گشتی، کاک خالیدی عەزیزی بوو، کە بۆ ماوەیەکی زۆر مێدیا و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی‌یەکان و خەڵکی کوردستانی بە خۆیەوە خەریک کرد. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان هێزێکی کاریگەر نەبێ، چۆن پرسی ئیستعفای سکرتێرەکەی بەو بەربڵاوییەی دێتە بیروڕای گشتی و سەر ئانتێنەکان؟

لە حاڵێکدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگە و پێگەی بەرچاوی لە ئاستی جووڵانەوە بۆخۆی تەرخان کردوە بە جۆرێک کە دۆست و دوژمن دانی پێدادەنێن، کەچی هەتا ئێستاش لە لایەن باڵەکەی دیکەی دێموکراتەوە ئینکاری وجوودی دەکرێ. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ماوەی چەند ساڵێکە باڵەکەی دیکەی دێموکرات بە کردەوە لەگەڵ ئەو حدەکەی کە وجودی ئینکار دەکات پرۆسەیەکی دیالۆگی بو یەکگرتنەوەی دەست پێکردوە(دیارە ئەو پرۆسەیە ئێستا ڕاوەستاوە). لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەویە کە چۆن دەکرێ لەگەڵ لایەنێک کە تۆ وجوودی ئینکار دەکەی بکەوێ وتووێژەوە؟ ئایا خودی ئەو هەڵوێستە بەس نیە بۆ ئەوەی سێبەر بخاتە سەر ئامانج و نییەتەکانی حدکا بۆ پرسی یەکگرتنەوە؟ لەگەڵ ئەوەیکە هەموو کەس دەزانێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پەرۆشەوە هەنگاوی لێبڕاوانەی بۆ پرسی وەسەریەککەوتنەوەی دێموکراتەکان هەڵێناوەتەوە و هەڵدێنێتەوە و یەکگرتنەوە بەسوودی هەردووکلا و لە نیهایەتدا بە سوودی کوردە، بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەویە کە لە پلەی یەکەمدا و لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی حیزبی‌یەوە ئەوەندەی کە یەکگرتنەوەی ئەو دوو دێموکراتە بە سوودی حدکایە ئەوەندە بە

سوودی حدک نیە. بۆ؟ چونکە حدک بەپێی بیروبۆچوون و لێکدانەوکانی حدکا دەبوو لەمێژبا لەنێو چووبا و توابایەوە، کەچی ئەمرۆ بۆتە ئەو هێزەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا و حدکاش کە قەرار بوو وەک حیزبی تاقانەی دێموکرات لەسەر گۆڕەپانەکە بمێنێتەوە، ئەمرۆ بە بوونی حدک لەسەر ئەرزی واقیع ئیتر چیدی تاقانە نیە. هەر بۆیە حدکا دەبوو لە پرسی یەکگرتنەوە بە گەرمی بێتە پێشێ و پێشوازی لێبکا و لەو پێناوەدا ئەمرۆ نەدا بە سبەینێ. بەڵام لەو چەند ساڵەدا کە پرۆسەی یەکگرتنەوە دەستی پێکردوە حدکا هەرجارە بە بەهانەیەک لەو ئەرکە گرینگە خۆی دزیوەتەوە.

بەڵام باڵەکەی دیکەی دێموکرات وجودی حیزبی دێموکراتی کوردستان رەد بکاتەوە یان نا، کارتێکەرێکی لەسەر ئەوە نیە کە حدک وجوودی هەیە و پانتایەکی سیاسی بۆخۆی داگیر کردوە. هەتا ئەو جێگایەی بۆ ناو و ناوبانگی حدک دەگەڕێتەوە، پرسی ئیعتراف بە وجوود لە لایەن باڵەکەی دیکەی دێموکراتەوە، تەنیا سوود بە کردنەوەی گرێپووچکە و پرۆسەی یەکگرتنەوە دەگەیەنێ، ئەگینا حیزبی دێموکراتی کورستان کارنامە و ئیعتباری خۆی لە هیچکەس، بێجگە لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات وەرناگرێ و پێویستی پێی نیە.

بەڵام با بزانین کە بۆچی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بەو هێزە و پێشداوەرییەکانی باڵەکەی دیکەی دێموکراتی لەسەر وەدی نەهات. حدک لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی ملبەملانەی نێوان کێشەکان و دەستەبەندیەکانی نێو حدکا بوو، بەڵام دوای مل راکێشانی بۆ لەتبوونی حیزبی دێموکرات رێگای ملبەملانەی لەگەڵ باڵەکەی دیکەی دێموکرات نەگرتەبەر. بەڵکوو لەسەر بنەرەتی خوێندنەوەی دروست و ئوسوولی هەم لە رووی سیاسی و هەم لە رووی شێوازی خەبات و تێکۆشاندا دەرگای ئاڵوگۆڕی بەسەر خۆیدا کردەوە. ئەوەش لەو راستیەوە سەرچاوەی دەگرت کە زیاتر لە دەیەیەک پێش لەتبوونی حیزبی دێموکرات رووی لە بزووتنەوەکە کردبوو، کە لە لایەک زیاتر لە دەیە و نیوێک دەبوو کە جووڵانەوەی چەکداری کۆتایی پێهاتبوو، و لە لایەکی دیکەوە بە کۆتایی هاتنی شەڕی چەکدارانە سەردەمێکی دیکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردبوو کە ئەم سەردەمە پیویستی بەوە هەبوو کە حیزب دەنگی پێی گۆڕانکارییەکان هەست پێبکا و شیوازی دروست و گونجاوی خەباتیان بۆ دەست نیشان بکا و لە زەرفییەت و پتانسییلەکانی خەڵک بە دروستی کەڵک وەرگرێ.

رەمزی مانەوە و پایەدار بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو دەساڵەدا، خوێندنەوەی دروست لە بارودۆخی

سیاسیی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی و حاسیە نەبوونی لە چوارچێوەی هێندێک سوونەتی دەست و پێگیر بوو. سیاسەتی رۆژهەڵاتتەوەری کە بە مانای کۆتایی پێهێنان بە چاوەڕوانی و فیداکردنی خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو پارچەکانی دیکە بوو، لە هەلومەرجێکدا هێنا گۆڕێ کە زۆر کەس و لایەن دەستیان لە قوڵی کراس هێنابوویە دەرێ و بەبێ دوورەدیمەن و سەرگەرداندەستیان لەسەر دەست دانابوو. حدک لەو دە ساڵەدا بێجگە لەوەیکە ئاڵوگۆڕی بنەرەتی لە شێوازی خەباتی خۆیدا کە لە دوو کۆڵەکەی ئەسڵی واتا خەباتی سیاسی و مەدەنی پێک دەهات پێکهێنا، بەستێنی خەباتی پێشەرگانەشی ئاوەدان کردوە و لە پێناوەشدا چەندین شەهیدی بەنرخی پێشکێش بە بارەگای گەل کرد و بەو جۆرە رەچەکەی شکاند و رێگای خەباتی پێشمەگانەی بۆ لایەنەکانی دیکەش هەموار کرد. کەوابوو هەرچەند لەتبوون دیاردێکی ناخۆش و نەخوازرا بوو بۆ حدک، بەڵام بە سەرنجدان بەوە کە لەتبوون و گۆڕانکارییەکان لە نێو حدکدا گڕ و تێنێکی دیکەی داوە بە بنەماڵەی دێموکرات، دەکرێ بڵێین لەو رووەش بیروبۆچوونەکانی حدک راستی و دروستی خۆیان سابیت کردوە. رەمزی چوونەپێش و بەردەوامبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ١٠ ساڵەدا ئەویە کە لەگەڵ ئەوەی کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی بنەماڵەی دێموکراتە، بەڵام دووپاتەی لایەنەکەی دیکەی دێموکرات نیە. ئەمرۆ خەڵکی کوردستان حدک وەک حیزبێک دەناسن لەگەڵ ئەوەی رەگورەچەڵەکی لە مێژووی دووری کورد و دێموکرات ئاودێر دەبێ، بەڵام جێگە و پێگە و ستراتیژی و تاکتیکەکانی بە روانگەیەکی ئەمرۆیی و مۆدێرن تاریف و نۆژەن کردۆتەوە. بە چەشنێک کە چین و تووێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بە ئۆمێدەوە لێی دەڕوانن. لەگەڵ ئەوەی حیزبی دیموکرات زۆربەی ژیانی خۆی لە تاراوگە تێپەڕ کردوە بەڵام ئەوەی هەمیشە ئەو حیزبەی کردۆتە خۆشەویستی خەڵک ئەوە بووە کە لە هەر قۆناغێکی مێژوویی‌دا بیرمەندانی ئەو حیزبە بە خوێندنەوەی دروست لە بارودۆخی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کراسێکی نوێیان بە بەر حیزبەکەدا کردوە و جارێکی دیکە ئەو حیزبەیان بۆ کۆمەڵانی خەڵک جەزابتر کردوە.

مانەوە و چوونەپێشی حدک رەنگبێ هۆکاری زۆربن بەڵام لەنێو ئەو هۆکارانەدا یەکەم هەبوونی ئەو سەرکردانەی کە خەڵک دێموکراتیان پێ پێناسە دەکات، دووهەم خوێندنەوەی دروست لە بارودۆخی کوردستان و شێلگیر بوون لەسەر پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسی هەم لە نێوخۆی حیزب و هەم لە ئاستی جووڵانەوەدا دەوری سەرەکی‌یان هەبووە. دیارە لەپەنا جیلی بەتەمەن و بەرابردوی حیزب، دەوری ئەو کۆمەڵە لاو و میانساڵەش کە لە هەموو رەدەکانی تەشکیلاتی‌دا دەرفەتی چوونە پێش و هێنانەگۆڕی بیروبۆچوونەکانیان هەبووە و هەیە، نەک هەر کەم نەبووە بەڵکوو یەکێک لە پێویستی‌یەکانی مۆتۆربە کردنی بیر و ئەندیشە لەگەڵ تەجرەبە و تاقیکاری بووە کە

لەو دەساڵەدا ئاکامی باشی لە بواری سیاسی‌یەوە بۆ حدک لێکەوتۆتەوە. کەوابوو دێموکراتیزەکردنی حدک لە نێوخۆوە و دەستەبەرکردنی بیروڕای ئازاد بۆ تاکەکان، یەکێکی دیکە لەو ڕەسالەتانە بووە کە حدک دوای لوتبوون لە نێوخۆیدا پراکتیزەی کردوە و ئەوەش بە نۆرەی خۆی مەودای بە بیر و ئەندیشەی نوێ داوە کە لەنێو حدکدا ببوژێتەوە و بخەملێ. لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکاریی سیاسی و هەروەها گۆڕانکاری لە شێوازی خەباتدا وەرچەرخانێکی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێناوە، بەڵام پێویستە ئاست و سنوورەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانە روون و دیاریکراوو بن. ئەم سنووربەندییە لە سیاسەتی حدکدا بە سەرنجدان بە رکەبەری توند لەنێوان باڵەکانی دێموکرات لە لایەک و هەروها باقی لایەنەکانی دیکەی سیاسی لە رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەکی دیکەوە گرینگی تایبەتی هەیە. پێویستە ئاست و چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی سیاسی بەجۆرێک شەفاف و روون بن کە مەودای ئەوەی تێدا نەبێ کە رکەبەرە سیاسی‌یەکان حدک بە نادروست و بە مەبەستی خراپ کەڵکی لێ وەرگرن و بە بەخشینەوەی بوختان و بەرچەسپ، کەشێکی سیاسی هیستریک دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بخوڵقێنن.

حدک هەروەک لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٦ دا هاتووە، لەگەڵ ئەوەی دروشمی روخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو سروشت و نێوەرۆک و کارکردەوە بە مەنتیقی و رەوا دەزانێ، بەڵام ئەوە هەموو کایەکانی سیاسی ئەو حیزبە لە ئێران و لە کوردستاندا لە قالب نادا. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو رێژیمە تووشی پاشەکشە و پاشان روخان بکەین، پێویستە لە هەموو پتانسیێلەکانی گەل و هەروها لە هەموو گۆڕەپانەکان و دەرکە و دەربیجەکان بۆ هێنانە مەیدانی خەڵک کەڵک وەرگرین. هەموو ئەو کایە و مەجالانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ مەشروعیەت و سەقامی خۆی کەڵکی لێوەردەگرێ، بۆ هێنانە ژێر پرسیاری مەشروعییەت و سەقامگیری رێژیم کەڵکی لێوەرگری.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٧

## نەبەردو خۆراگری عەفرین بۆ داهاتوو گەلێک گرینگە.

نەبەردو خۆراگری عەفرین بۆ داهاتوو گەلێک گرینگە. بێگومان ئەو خۆراگرێە قارەمانانەیە هەم کارتێکەری لەسەر چارەنوسی کورد لە سووریە و هەم لە سەر چارەنوسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هەیە. دیارە هەم گەلی کورد لە رۆژئاوا و هەم خەڵکی شۆرشگێر و کوردپەروەری عەفرین و هەم یەپەگەش هەستیان بەوەکردوە کە ئەو شەڕە، شەڕێکی چارەنووس سازە بۆ داهاتوو. هەر بۆیە دیوارێکی گۆشتنیان بە گیانی خۆیان و رۆڵەکانیان لەپێش پێشرەوی سپای پووشتەوپەرداغی توورکیە پێکهێناوە. ئەگەرچی دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەگەر یەپەگەو خەڵکی عەفرین پاشەکشەش بکەن تاوانێکی گەوریان نەکردوە. چوونکە ئەو خۆڕاگرێە و فیداکارێەی کە هەتا ئێستا کردویانە، لەلایک بێ دەستکەوتی سیاسی نابێ و لەلایکی دیکەشەوە دەچێتە ناوو لاپەرەکانی مێژوو و دەبێتە ملکی هەموو گەلی کورد.

خۆراگری قارەمانانە لە کووبانی و پاشان ئەفرین، دەریخست کە لەلایک هەرچی کورد چەوساوەتربێ، باشتر لە ناسنامەو عەرزو و ولاتی خۆی دەبێتە ساحەب، و لەلایکی دیکەوە ئەگەر کورد بۆخۆی شتنەبێ بە گەورە هێزەکان نابێتە فاکتۆر. ئەمەریکای ئێستا نایهەوێ یان ناتوانێ وەک ئەمریکای دەورانی بۆش بە حزوری سەربازی خۆی لە جیهاندا پرێزێنس بکا، بەڵکو دیهەوی لە رێگای ئەکتەرە ناوچەیەکانەوە و حزورێکی سنووورداری کارناسی خۆی، بەرژەوەندێکابی خۆی بپارێزێ.

خەبات و خۆراگری لە عەفرین و پاشان ادلب، لە برامبەر توورکێەدا، گرینگێکی تایبەتی هەیە و دەکری لێستاوە تووركێە - هەرچەند سەرکەوتنی کاتی بەدەست بهێنێ - بە دۆڕاوی ئەو شەڕە بزانین. ئەگەر تووركێە بیهەوێ بەرێەکی دیکەی شەر لە ادلبیش بکاتەوە، ناراستەوخۆ بەرەکەی لە دژی روسێە و هاوپەیمانەکانی کردۆتەوە. و بەرەی عەفرینیش ناراستەوخۆ، بیهەوێ ونەیهەوێ لە دژی نفوزی ئەمریکایە.

داهاتووی عەفرین و ادلب لەسەر داهاتووی ئەردۆغان و ئەکەپە کارتێکەری هەیە و وێدەچێ عەفرین و ادلب، ببنە جێگاو شوێنی شکانی ئەردۆغان لە نێوەخۆی تووركێەدا.

سووریە و هاوپەیمانەکانی هیچکات لە میحوەری باشوور - باکوور، یانی دیمیشق - ادلب - حەلەب وازناهینن . و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشی، وێناچی لە میحوەری باشوور - رۆژئاوا، واتا حەسەکە - عەفرین، کە دەبێتە هۆی یەکپارچەیی سێ کانتۆنەکە و ئیتسالی ئەو ناوچانە بەدەریای ئازادەوە بگوزەرێن.

روسیە هەرچەند تەماعی زۆرە، بەلام ئەگەرلە ئێستای سووریەدا، بتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر باشوور، ناوەند و رۆژئاوای سووریەدا سەقامگیر بکا، رازیە. و ئەمریکاش لێستادا بە میحوەری باکوور و سنوورەکانی باشووری سووریە رازیە. و بەوجۆرە هەردوک گەورە هێز بە ویستەکانی خۆیان لە سووریە دەگەن. لەو نێوەدا ئەسەدیکی لاوازیش هەر دەمێنێ. بەڵام شک لەوەدانیە کە لە داهاتووی سووریەدا، سیاسەتی گەورە هێزەکان بەسە سیاسەتی هێزە ناوچەیەکاندا زاڵ دەبێ و هێزە ناوچەیەکانی وەک توورکیە و کۆماری ئیسلامی، دەبێ بە لانیکەمەکان رازیبن.

ماوەتەوە بڵێم، خەبات و خۆراگری یەپەگە و خەڵک لە عەفرین، سنووری حیزبایەتی و ئیدئۆلۆژی تێپەراندوە و ئەو بەردە راستە بە هۆی یەپەگەو یەپەژەوە لە دیواری مێژوودا دادەندرێ، بەڵام دەچێتە ناوو دیواری کوردەوە. ئەگەرچی یەپەگە و پێکاکا لە ئاست سەرکەوتن و نەهامەتیەکانی گەلی کوردا، کە لەسەر دەستی رێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی و لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هاتوونەدی، بێ هەڵوێست بوون،بەڵام ئەوە مانای ئەوەنیە کە حیزب و رێکخراوەکانی بەشەکانیتری کوردستانیش هەر بەوچەشنە بجوڵێنەوە کە ئەوان دەجوڵێنەوە و لە برامبەر هێرشی تورکیەدا بێدەنگبن. با بۆ کارە باشەکانیان هاندەربین و بۆ کارە نادروستەکانیش رەخنەگر.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٣١ی جانیۆیری ٢٠١٨

## عەفرین و کەرکووک لە نێوان ناتەبایی و رەگەزە هاوبەشەکاندا

لە کەس شاراوەنیە کە بەرانگاری و مقاوەمەتی یەپەگە و خەڵکی عەفرین لاپەرێکی زێرینی لە مێژوویی خۆڕاگری کوردا تۆمار کرد. ئەو خۆراگریە قارەمانانەیە کە هەتا ئێستا بەردەوامە، بە سەرنجدان بە دوو هۆکار گرینگە.

یەکەم ماوێکی کەم لە رادەست کردنی کەرکوک وەک چاوگەی نەوت و ئێنێرژی و چەخماغەی پێکهێنانی دەولەتی کورد لە باشوور تێدەپەڕێ. کە رادەستکردنی کەرکووک بە سەرنجدان بە بەرئاوەرد کردنی هێزی کورد - لە رووی چەندی چۆنێیەوە - دەستی کەمی لە هێزی دەوڵەتی ناوەندی نەبوو، خەتایێکی مەزن بوو. دوهەم بە سەرنجدان بەویکە عەفرین لە سێ لاوە لە گەمارۆی ئەرتەشی تورکیێەدابوو کە پاش ئەرتەشی ئیسرائیل دوهەم ئەرتەشی ناوچەکەیە و هەروها بە سەرنجدان بەوەی کە هێزی کورد و ئەرتەشی تورکییە بەهیچ جۆر جێگای بەرئاورد کردن نیە گرینگێکی تایبەتی هەیە.

بۆ هەرکەس کە تەنانت هیچ شارەزایێکی سەربازی و سیاسیشی نەبێ، روونبوو کە شەری عەفرین دەگەڵ تورکییە شەرێکی نابەرامبەر بوو. و چاوەروانی ئەوەی عەفرین نەکەوێ چاوەروانیێکی دوور لە ئەقڵانیەت بوو. بەڵام عەفرین سەرەرای نابەرابەری هێز و حەشیمەت و رووبەری خاک، ٣٢ رۆژ بەرانگاری کرد و موعجیزەی خوڵقاند. عەفرین بکەوێ یان نەکەوێ، تورکییە سەرکەوتوی شەر و سیاسەت لە ناوچەدانیە. کەوتنی عەفرین لە نیهایەتدا، نە چارەی دڵەراوکەی ئەمنییەتی تورکییە دەکا، و نە دەبێتە هۆکاری باڵادەستی ژێئۆپۆلتیکی تورکیە لە ناوچەدا.

بەرانگاری یەپەگە و خەڵک لە عەفرین نیشانیدا کە کورد ئەگەر یەکدڵ و یەک زمانبێ، و خاوەنی ئەرتەشێکی یەکگرتوو و تۆکمەبێ، گەلێک لە خەونەکانی دوژمن دەکاتە بڵقی سەرئاوو و گەلێک خەونی خۆشی بەدی دێنێ. دوو ئیدارەیی، دوو میلیشیایی بۆ هەموو گەڵ و نەتەوێک رەوابێ، بۆ کورد بە سەرنجدان بە رەگ و ریشە و رەوانناسی کورد، کە لەسەر بنەرەتی خێڵ و دووبەرەکایەتی دامەزراوە و لە بەهانە دەگەرێ بۆ ناتەبایی، نارەواوو و بفەیە. بۆیە ئەگەر تاقیکاری رۆژئاوا لە رووی بەشداریپێکردنی لایەنەکانی سیاسی کەمێک رەخنە هەڵگربێ، بەڵام لە رووی سەربازی و ئەمنیێەوە خاڵی بەهێزو وەرچەرخانێکی گرینگە کە پێویستە جوڵانەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان وەبەرچاووی بگرێ.

خاڵی جێگای سەرنجی رووداوی کەرکووک و عەفرین کە لە حەینی حاڵدا هاوبەشە ناتەباشە ئەویە، ئەوەندەی کە خۆراگری و بەرانگاری کورد لە کەرکووک زەرووری بوو دیتوانی وەرەقەکە بە سوودی داهاتوێکی گەشتر و چارەنوسێکی باشتر هەڵگەرێنێتەوە، ئەوەندەش خۆراگری عەفرین - هەر چەند جێگای شانازێە - چۆوە ئادرسێکەوە کە سوودی بۆ چارەنوس و داهاتووی رۆژئاوا بە گشتی و عەفرین بە تایبەتی نەبوو. بۆیە هەم خەبات و خۆراگری

قارەمانانەی عەفرین نەچووە سەر ژمارە حیسابی کورد لەوبەشە لە بەرامبەر سووریەدا، کە دەستکەوتێکی بۆ کورد لەوێ لێبکەوێتەوە و نە لەشکرکێشی تورکییە چووە نێوو ئادرس و پۆستی پێکاکاوە.

ئەگەر هەر قەرارە رۆژئاوا و عەفرین بە پێەی سیاسەتی رێبەرایەتی ئەو بەشەی کوردستان، لە چوارچێوەی دەوڵەتی سووریەدا بمێنێتەوە، چ دەلیلێک هەیە بۆ ئەوەی کە لە سنوورەکان ئەویش لە برامبەر تورکییەدا بەرگری بکرێ ؟ و ئەگەر هەر قەرار بوو کە لە نیهایەتدا دەوڵەتی سووریە بەرعۆدەی سنوورەکانبێ، بۆچی حەوتوێک بەر لە دەستپێکی شەر، نێووبژیوانی روسییەیان قەبوڵ نەدەکرد کە پێشنیاری گەرانەوەی ئەرتەشی سووریەی بۆ سەر سنوورەکان بەلایەنی کوردی کردبوو ؟ خاڵی هاوبەشی رووداوی کەرکووک دەگەڵ عەفرین، لە تەدبیر و تەسمیمی ستراتیژیکدایە، کە ئەگەر لە رۆژئاوا نێووبژیوانی رووس - بە سەرنجدان بە نابەرابەری هێزی کورد توورک و گەمارۆی چەند لایەنە - وەک ئەربابی سووریە قەبووڵ ناکرێ، لە باشووریش، ئەوکاتە کە رێبەرایەتی کورد شاهیدی لێهەڵوەشانی ریزەکانیەتی، نێووبژیوانی ئەربابی ئێراق واتا ئەمریکا قەبووڵ ناکات .! بەڵام هەردوک لا مل بۆ بریارەکانی دەوڵەتی ناوەندی رادەکێشن .!! بە کوردی " ئەگەر هەر قەرار وایە خۆڵ وەسەری خۆت کەی، بۆ لە کۆگای گەورە وەسەر خۆت ناکەی"؟

ئەوانە هەمووی پێمان دەڵێن کە کورد ئەگەر چی لە رۆژئاوا و باشووردا لە رووی رێکخستن و سازمانەوە جیاوازیان هەیە، بەڵام لە رووی خوێندنەوە و مشووری سیاسی و محاسەباتدا وەکویەکن و موقعییەتەکان لێک هەڵناوێرن. و ئێستاش سیاسەت بە هەست و سۆز و نە بە ئەقڵانیەت دەکەین. لەو جێگایەی کە دەبێ بەربەرەکانی بکەین نایکەین و لە جێگایە کە نابێ بەرگری بکەین دیکەین.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٨

## لە ئاسۆی نەورۆزی ئەمساڵدا، ئاوڕێک لە پار

سەرەرای نەهامەتی کەرکوک و عەفرین، رۆژهەڵاتی کوردستان بە تین و تەووژمێکی زۆر نەورۆزی بەرزراگرت. بەلام ناشاردرێتەوە کە برینی کەرکووک و عەفرین بە جەستەی کوردستانەوە دیارە. نەورۆزی ئەمساڵ لە سێ بەشی باشوور، باکور و رۆژئاوای کوردستان تەمی خەمی لێ نیشتبوو و بەبێ رەونەق بەرێوەچوو. بەڵام لە رۆژهەڵات خەفەت و ناهوومێدی لە دەستدانی کەرکووک و عەفرین، کاری پێچەوانەی لەسەر خەڵک کرد و ئەو رۆژیان بەرزراگرت. بەوەش رۆژهەڵاتێەکان نیشانیاندا کە دەرکێکی دروستیان لە نەورۆز هەیە. کە نەورۆز نیشانەی هەستانەوەو و زیندووبوونی کوردە.

دەگەڵ ئەوەی ئەمساڵ کورد شایی و شینی تێکەڵ بە یەکتر بوون، بەڵام هەر ئەوەش دەبێ ببێتە هاندەرێک بۆ رێبەرایەتی کورد، گەڵی کورد بە گشتی و بە تایبەتی نووخبەی سیاسی، ئاورێک وەساڵی رابردوو بداتەوە. کە ئەوە ئێمەی کورد بووین کە چاورانیەکانمان لە ئاستی کۆمەڵگای جیهانی لەسەرتر بوو، یان کۆمەڵگای جیهانی لە ئاستی چاوەروانیەکانی ئێمەدا نەبوو؟

هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە قەرزەی کەرکووکەوە هەیە، هێنانە گۆری رێفراندۆم لەلایەن سەرکردایەتی کوردی باشوورەوە، نەوعێک هەڵاتن لە قەیرانێک بوو بۆ پێشەوە. بە جۆرێک کە ئەو قەیرانە زوو یان درەنگ بەرۆکی هەرێمی بە خۆشی یان ناخۆشی دەگرتەوە. یارودۆخێک کە بە هۆی لاوازبوونی داعش و زاڵبوونەوەی ئەرتەشی ئێراق هاتبوە گۆرێ، بالانسی هێزی لە نێوان بەغدا و هەولێر بە سوودی بەغدا گۆرِیبوو. هۆکاری تیکچوونی پارسەنگی هێزەکەش، لەلایک بۆ پاڵەو پەستۆ و پشتیوانی کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتی ناوەندی ئێراق و لە نێووچوون و لاوازبوونی داعش دەگەرایەوە.

ئەوەی لە پێوەندی دەگەڵ رێفراندۆمی باشووردا هەڵە بوو ئەوە بوو، کە دەبوو سەرکردایەتی کورد فارس گوتەنی دوو " گزینە" ی بۆ بەکار هێنانی رێفراندۆم وەبەرچاوو گرتبا . ئەگەر بارودۆخی ئیقلیمی و جیهانی بۆ رێفراندۆم لەباربایە، پێویست بوو کە رێفراندۆم وەک ئامانجێکی ستراتیژیک و یەکلاکەرەوە بەکار بهێنێ. رێگای دوهەم

ئەوبوو کە وەختێک لە رەوتی کاردا، پشتیوانی جیهانی ئیقلیمی بۆ مەسەلەکە نیە، سەرکردایەتی کورد پێویست بوو کە رێفراندۆم وەک کایەیکی سیاسی بۆ مامەلە و لە سەریٚ هێشتنەوەی مەوقعییەتی هەرێم بەکار بهێنیٚ.

بەڵام سەرکردایەتی کورد لە باشوور لە ژێر کارتێکەری دوو فاکتۆردا، کە یەکیان پاڵەوپەستۆی سیاسی دژبەرانی رێفراندۆم لە ئاستی ئێراق و کوردستاندا بوو، کە هەوڵیان دەدا وانیشانبدەن کە رێبەرایەتی کورد لە باشوور لە ئەجێندای رێفراندۆم بۆ مەوقعییەتی شەخسی خۆی کەڵک وەردەگریٚ. دوهەم هاتنە مەیدانی خەڵکێکی زۆر بەتایبەتی لەو شارو ناوچانەی کوردستانی باشوور کە بە زێدی نفووزی ئۆپۆزیسیون دەژمێردران، کە ئەوەش بە نۆرەی خۆی حیسابە راستەقینەکەی لە بەرێوەبەرانی رێفراندۆم تێکدا و ئەوانی برێک غەرە کرد.

دەگەڵ ئەو هۆکارانەی سەریٚ پێویستە ئەوەش زیاد بکەین کە سەرکرادیەتی کورد لە باشوور ناسیاوی و شناختێکی دروستی لە دوو ئیدارەی نوێەی دوو گەورە هێزی جیهان واتا ئەمریکا و بریتانیا، کە کارتێکەری زۆریان لەسەر کێشەی و چارەنوسی کورد هەیە و لەو دوایانەدا تووشی گۆرانکاری بوون، نیە. هەردووک ئیدارەکە، بریتانیا بە وازهێنان لە بازاری هاوبەشی ئروپا (بریکسیت) و ئەمریکاش بە گەڕانەوە بۆ بەرژەوەندیەکانی نێوو خۆیی، بەرپرسایەتیەکانی سەرملی خۆیان سەبارەت بە ئازادی، مافی مرۆڤ و تەنانەت پاراستنی ژینگە لە ملی خۆیان دارینوە و بەرەوو خەتێکی ناسیونالیستی و تەنانەت راسیستی گەراونەتەوە. لەو پێوەندیەدا سەرکردایەتی کورد هەر بە حیساباتی ئیدارەی پێشووی بریتانیا و ئەمریکا لەو دوو دەسەڵاتە دەروانی.

لە راستیدا لە جیاتی ئەوەی رێبەرایەتی کورد لە باشوور، بەسەرنجدان بە بەربەستە جیهانی و ئیقلیمیەکان، رێفراندۆم راست وەک کارتێک بۆ کایەی سیاسی بەکار بهێنیٚ، بەهۆی گووشاری دژبەرانی رێفراندۆم، و بۆ ئەوەی راستی و پاکی خۆی دەگەڵ خەڵک سابیت بکا، لە رێگاگە هەتڵە بوو و شەقی یەکەم کە بریتی بوو لە جوێبوونەوەی کورستان لە ئێراقی هەڵبژارد. کە هەروەک گوترا ئەو رێگایە - هەرچەند مافی بیٚ ئەملاو و ئەولای کوردە - بەڵام بە سەنجدان بە دژایەتی جیهانی و ناوچەیەکان دەو قۆنازغەدا گوونجاوو نەبوو. تاقیکردنەوەی رێفراندمی هەرێمی کوردستان و هەرێمی کاتۆلۆنیا لە ئیسپانیا نیشانیدا کە ئەگەر رێفراندۆم لە کەشێکی دێموکراتیکدا و بە لێک حاڵی بوونی لایەنەکانی کێشە نەیێتە ئاراوە، و زەخت و هەرەشەی نێووخۆیی و دەرەکی لەسەربیٚ، نەک نابێتە هۆی پاراستنی دەستکەوتەکان، بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆی لە باربردنی دەستکەوتەکانیش.

لە پێوەندی دەگەڵ عەفرینیشدا، هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی هەیە بە یەک ریزی، یەک میلیشایی و نەزم و دیسیپلینی شەر و خۆڕاگری قارەمانانە، جێگای ستایشە. بەلام ئەو جێگایەی پێوەندی بە مامەڵەی سیاسی کورد دەگەڵ روسەکان وەک هێزی باڵادەست لە سووریە و رێژیمی ئەسەدەوە هەیە، جێگای رەخنەی جیدیە. ئەگەر هەر قەرار بوو کە رۆژئاوا بە گشتی و عەفرین بە تایبەتی لە چوارچێوەی دەوڵەتی سووریەدا بمێنەوە، چ پێویست بوو کە لە سنوورەکان ئەویش لە برامبر دەوڵەتێکی بێگانەی وەک تورکیەدا - بەبێ پەیماننامەیێک دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی سووریە کە تێدا لانی کەمی مافەکانی کورد لەو بەشەدا وەخۆبگرێ -

بەرگری بکا؟ و سەرئەنجام ئەگەر هەر قەرار بوو دەوڵەتی سووریە بگەرێتەوە بۆ عەفرین بۆ لە سەر دەستی هێزی باڵا دەستی سووریە واتا روسیە ئەوکارە نەکرا ؟ کە ئەودەم بەتیرێک دوو نیشانە دەنگێورا، هەم خۆت وەک کورد لە شەرەکە دەپاراست و هەم روسیەت رووبەرووی توورکیە دەکردەوە. کورد گووتەنی "ئەگەر هەر قەرارە خۆڵ وەسەر خۆمان بکەین، بۆ لە کۆگای گەورەی وەسەر خۆمان نەکەین"؟

بە گشتی پێموایە کە کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا زۆر کایەی گەوری لە بەردستدانیە و ستراتیژی و سیاسەتی کەلانی بەسەردا دەسەپێنن. ئەوەش تاوانی کوردی تێدانیە، بەڵکوو قەدەری کورد و مەوقعییەتی کوردستانە کە بە سەر چوار وڵاتدا دابەشبووە، ئەو ئیمکانەی بۆ نارەخسێنێ. بەڵام کێشەی ئێمەی کورد ئەوێە کە ئەو کایە سیاسیانەی کە کایەی ووردن و دەکرێ زیانەکانمانی پێ کەم کەینەوەش، بە نادروستی دەکەین. و ئەوەش هەم زیانەکانمان دووقات دەکا و هەم کێشەکەمان زۆر وەدوایە دەخا.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠١٨

# دوو تیپ سیاسەتمەداری کورد

بە بڕوای من دوو جۆرە سیاسەت بە گشتی و دوو تیپ سیاسەتمەداری کورد بە تایبەتی هەمیشە لەلایەن بەشێکی بەرچاوو لە بەردەنگەکانیانەوە (مخاطبین)، تووشی کێشە یان وەک فارس دەڵێ تووشی چالش دەبن. یەکەمیان ئەوانەن کە لە سیاست و کاری سیاسیدا، دووربینن و دووربینی ڕەچاوو دەکەن. چوونکە بەشێکی زۆری مرۆڤەکانی شەرقی بەگشتی و کورد بەتایبەتی، نەک لە ئێستادا بەڵکو لە و ڕابردوودا دەژین!.

دوهەم ئەو سیاسەت و سیاسەتمەدارانەن کە ڕێئالیست و واقعبینن. چوونکە زۆربەی مرۆڤەکانی لای ئێمە (بەتایبەتی ئەوانەی سیاسەت دەکەن) لە خەوون و خەیاڵدا دەژین! و دروشمدانیان پێخۆشترە.

هۆکاری ئەوە زۆرن، بەڵام لە نێوو هەموویاندا ڕەنگبێ دوو هۆکار کاریگەریان لەوانی دیکە زۆرتربێ. کە یەکیان مەزهەب و ئاینە کە دیاردێکی کۆنە و ئەویتر دیاردێکی نیسبەتەن نۆێە کە فەلسەفەی چەپە.

سەبارەت بە مەزهەب و ئاین دەبێ بڵێن کە دەگەڵ ئەوەی لە قەرنی بیست و یەکەمدا دەژین، بەڵام ئەو دیاردێە زۆرترین کارتێکەری لەسەر بیرو و ژینی مرۆڤی شەرقی و کورد هەیە. هەتا ئێستاش ئاین و مەزهەب بیرو تێرامان و ئەندێشە بەربەست دەکا و دژی حەقیقەت واقعگرایە و ڕێگا نادا لەپێوەندی دەگەڵ بوون و نەبوون و کائینات پرسیار دروستبێ. هەرچەند بە قسە خۆمان پێ عیلمانی یان سێکولاربێ، بەڵام چونکە لە بەستێنێکی مەزهەبی هاتوینە دونیا، پێمان خۆشبێ یان ناخۆش، مەزهەب و ئاین لە ڕەگەکانمادایە. ئەو شێوە لە دگماتیزمی مەزهەبی لەلای ئێمە بەداخەوە یەخەی سیاسەتیشی گرتۆتەوە.

دوهەم بیری چەپە، چوونکە جوڵانەوەی کورد و بەتایبەتی هی کوردی ڕۆژهەڵات کە مەبەستی منە، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، دەچێتە ژێر کارتێکەری بیرو ئەندێشەی چەپەوە. ئەگەر فەلسەفەی چەپیش لەکزێەی دابێ - کە لە کزێەی داوە - سوونەت و عادەتەکەی هەرماوە، کە لە هەموو شتێک ئیدئۆلۆژی دروست دەکا و بووت دادەتاشێ. ڕوانگەی ئیدئۆلۆژیک، وەک پەردێک وایە کە پێشی دیدوو نەزەر دەگرێ و دەگەڵ ڕاستی و حەقیقەت نامۆمان دەکا.

بۆیە لە روانگەی منەوە دەگەڵ ئەوەی بیری چەپ خۆی لە خۆیدا پاشەرۆ نیە، بەڵام کە لە زەوی لای ئێمەی دەچێنی، زیزانە دێنێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٨

## ئایا "بەرجام" بە هاتنەدەری ئەمریکا لە نێوەرۆکدا بەتاڵ نەبوە؟

هاتنەدەری ئەمریکا لە بەرجام، بە پلەی یەکەم دەتوانێ دووهۆکاری بنەرەتی نێووخۆیی و دەرەکی هەبێ. یەکەم، ئەوکارە بەر لە هەمووشتێک دەبێتە هۆی پێکهێنانی مەودا (فاصله) لە نێوان سیاسەت و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ترامپ و سیاسەتی ئۆباماو سڕینەوەی ئاخرین شوێنەواری سیاسی ناوبراوو. هەروها و بێجگە لەوە، ئامانجێکی دیکەی ئەو سیاسەتە، وەدەست هێنانی رای دەنگدەرانی کۆماریخواز و محافیزەکارە کە بۆ هەڵبژاردنەکانی میاندەوریی ئەمریکا گرینگی تایبەتی هەیە. دوهەم ئامانجی ئەو سیاسەتە پشتیوانی لەو هەواڵبەندییە کە لە نێوان عەرەبستانی سعودی و ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ پاشەکشەکردن بە ئێران لە ناوچە، و دیاریکردنی سنوورێک بۆ زێدەخوازێەکانی دەگۆرێدایە.

ئەوە کە هاتنەدەر لە بەرجام چ کارتێکەرێک لەسەر بیروڕای گشتی ئەمریکا و دەنگدەرانی ئەمریکایی هەیە، دەبێ چاوەروانبین و بزانین کە باری ئابووری ئەمریکا و گوزەرانی خەڵک لەو وڵاتەدا بە کام لادا دەکەوێ؟ دەگەڵ ئەوەی کارنامەی یەکساڵی رابردوی ترامپ لە بواری ئابووریدا، هەتا ئێستا تا رادێک ئەرەنی بوە، بەڵام بە باج هاویشتنە سەر کالا و هەناردەی چین و ئروپا، جارێ زەحمەتە کە پێشبینی بکرێ، کە ئەوەندە گەشە ئابورێەی کە ترامپ سەبارەت بە ئابوری نێووخۆی ئەمریکادا وەدەستی هێناوە، هەتا کوێ بەردەوام دەبێ؟

بەڵام سەبارەت بە نەقش ودەوری یەکێەتی ئروپا لە بەرجامدا کە وادیارە دیهەوێ هەتاسەر پێەی پایبەندبێ، دەبێ بڵێن کە یەکێتی ئروپا زیاتر بۆ تەوافقی ئەتۆمی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا دەوری واسیتەی هەبوە نەک

پارێزەر. و لەو پێوەندیەدا زیاتر نەقش و دەوری دەلاڵ و واسیتەی گێڕاوە. لە راستیدا روحی بەرجام بریتیە لە پێکهاتنی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی وەک دوو لایەنی بنەرەتی کێشەکە. کەوابوو هاتنەدەری ئەمریکا وەک لایەنی سەرەکی لە بەرجام، بەرجام لە نێوەرۆکدا بەتاڵ دەکا. بۆ؟ چوونکە ئەو پەیماننامە، پەیماننامەیکە بۆ پاراستنی بنکەکانی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی لەچەنگ هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل، و ئوروپا لەو کێشەیەدا تەرەفێکی کێشەکە نیە کە بیهەوێ بە نەهاتنەدەر لە بەرجام دەستەبەرێک بدا بە ئێران.

بە مانەوەی ولاتانی پێنجی بە عەلاوی یەک کە ئێستا دەبێتە چواری بە عەلاوی یەک، ئوروپا بیهەوێ و نەیهەوێ خۆی خستۆتە هەمبەر ئەمەیکا وەک هاوپەیمانێکی لە مێژینە، و لەوپێوەندیەدا دەگەڵ چین و رووسیە کەوتۆتە بەرێکەوە. ئەوە کە شوێنەوارەکانی ئەو هەواڵبەندیە نامقەدەسە لە داهاتودا لەسەر پێوەندی نێوان ئەمریکا و ئوروپا چۆن دەبێ روون نیە؟ بەڵام ئوروپا لە مێژوودا لە رووی ژێئۆگرافیەوە، بە پشتیوانی ئەمریکا توانیویەتی لەبرامبەر رووسیەدا وەک چەترێکی دیفاعی مان و مەوجوودیەتی خۆی بپارێزێ.

راستیەکەی ئەوێە کە ئوروپا لە رابردوودا دەگەڵ ئەمریکا هەمیشە هاوپەیمان بووەو دەگەڵ ئەو ولاتە هەتا ئێستا تاقیکارێکی ئەوتۆ کە ملبەملانەی سیاسی و ئابووریەوە لێبکەوێتەوەی تەجروبە نەکردوە. شیرکەت و دامەزراوە ئابوریەکانی ئوروپا بۆ درێژەی کاروتێکۆشان و سەرمایە گوزاریەکانیان لە نێوو ئێراندا، پێویستیان بە حەمایەت و پشتیوانی ولاتەکانیان هەیە. بەڵام ئایا بەوکارتێکەریەی کە ئابوری ئەمریکا و شیرکەتەکانی لەسەر بازار و سیاسەتی ئوروپایان هەیە، ئوروپا توانای دەستبەرکردنی کەشێکی لەبار بۆ دامەزراوە ئابوریەکانی لە ئێراندا هەیە؟

هەتا ئێرە لە پێوەندی دەگەڵ پرسی هەڵوەشاندنەوەی بەرجام لەلایەن ئەمریکاوە، و چۆنیەتی کارتێکەری ئەوە لە سەر پێوەندیەکانی ئوروپا و ئەمریکا لەلایێک، و ئوروپا و ئەمریکا و ئێران لەلایێکی دیکەوە، گەلێک عەلامەتی پرسیار دروست بوە. بەڵام ئەوەی لەو پێوەندیەدا بە دڵنیایێکی زیاترەوە دەتوانین باسی لێبکەین، ئەوێە کە هاتنە دەری یەکلایەنەی ئەمریکا لە بەرجام، کارتێکەری زۆری لەسەر باری شپرزەی ئابوری ئێران دەبێ و ئابورێ لاواز و ئاوسانی دراوی ئێستای ئێران ئەگەر لەوە خەراپتر نەکا، لانیکەم دەوحاڵەتی ئێستاد رایدەگرێ.

دەوڵەتی روحانی کە هەموو هێلکەکانی لە قەرتاڵەی بەرجامدا دانابۆوە، هەم لە رووی پێگەوە کە میانەرەوو و

ئامالّ ئیسلاح خوازە، بەرەو لاوازی زۆرتر دەروا، و هەم لە رووی گوتاری میانەرەوانەو و ئیسلاح خوازانەشێەوە، لە هەمبەر توووند ئاژۆ و محافیزەکارەکاند رەبەردەکەوێ. بەڵام ئەوە بەومانایە نیە کە باڵی توووندئاژۆش لە داهاتوی ئێراندا جێگا پێیەکی هەبێ کە بەبێ زەبروزەنگ درێژە بە دەسەلات بدا.

لەو قۆناغەدائیمکانی ئەوەکە بەشێک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی تەوایەت خواز و تەنانەت باڵەکانی جۆراوجۆری رێژیم ببنەیەک هەڵوێست زۆرە. چوونکە ئەو رۆژانە لە هەموو کات زیاتر گوێمان لە دەستەواژەی" فروپاشی ایران " نەک کۆماری ئیسلامی دەبێ.

بەهەرحاڵ ئەوجار دوو سیاسەتی وەکویەک توونـدئاژۆ، دوای ماوێکی زۆر لێکگەڕان، لە واشنگتۆن و تاران رووبەرووی یەکتر دەبن .ئەوەکە ئاکامی ئەو ملبەملانەیە بەکوێ دەگا، جارێ روون نیە؟ بەڵام ئەویکە رونە ئەویەکە ئەمریکا بە هاتنەدەر لە بەرجام، دەبیری رێگایک نێوانبڕتر دایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەورپێچ و سنووردار بکا. بە کورتی زەمان بەسوودی کۆماری ئیسلامی ناچێتە پێش و باڵانسی هێز لە زیانی رێژیمەدا خەریکی گۆڕانە. ئەگەر کاربەدەستابی کۆماری ئیسلامی بیان هەوێ بە ربەی پێشوو بپێوون، داهاتوێک بۆ خۆیان و رێژیمەکەیان بەدی ناکرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٨





پەرەگرتنی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوییەکان، بوون بە ئەندام لە ئینترناسیونالی سۆسیالست وەک تەنیا ڕێکخراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بوونی پێوەندیی گەرموگوڕ لەگەڵ بەشی هەرەزۆری هێزە سیاسی‌یەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، هەبوونی پێوەندی لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا، هەبوونی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووناکبیران و بژاردەکانی سیاسی و کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبی و سیاسی‌یەکانی نێوخۆ، ئەوانە هەموی پێکەوە دەریدەخا کە حدک لە ڕەوتێک کە لە حیزبی واحیددا کەمایەتی کۆمیتەی ناوەندی ڕێبەری دەکرد، زیاتر پەلوپۆی هاویشتوە و پارسەنگی هێزی هەم لە ئاستی بنەماڵەی دێموکراتدا و هەم لە ئاستی هێزە سیاسی‌یەکانی نێو بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات گۆڕیوە. وێنەی هەرە بەرچاوی ئەو ئیدیعایە...

ڕەمزی مانەوە و پایەدار بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو دەساڵەدا، خوێندنەوەی دروست لە بارودۆخی سیاسیی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی و حاسیە نەبوونی لە چوارچێوەی هێندێک سوونەتی دەست و پێگیر بوو. سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەری کە بە مانای کۆتایی پێهێنان بە چاوەڕوانی و فیداکردنی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو پارچەکانی دیکە بوو...

خالید حەسەن پوور

---

کۆکردەنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: پووشپەڕی ٢٧١٨ی کوردی - مای ٢٠١٨ زایینی